# سەربوردەی ئومێدو خۆڕاگری

## پوختەی ئەزمونی هەڵسوڕان‌و بیرەوەرییەکانی
## تێکۆشەرانی سەردەمی خەباتی نیشتمانی

ئامادەکردنی

**عادل عەلی**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٥

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لەبوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەربوردەی ئومێدو خۆڕاگری . پوختەی ئەزمونی هەڵسوڕانو بیرەوەرییەكانی تێكۆشەرانی سەردەمی خەباتی نیشتمانی**

**بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران**

**سلێمانی . ٢٠١٥**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان (١٠٣٧) ساڵی ٢٠١٥**

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**تایپ: رەوا محەمەد**

**تیراژ: (٢٠٠٠) دانە**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

**سەرپەرشتیاری پرۆژە**

**عادل عەلی**

# پێشەکی

**نوسینەوەی مێژووی خەبات و بەرخودانی گەلێك، هەروا كارێكی ئاسان نییە، گێڕانەوەی سەدان چیرۆكو بەسەرهاتی قۆناغە جیاجیاكان و گۆڕانكاریی و ئاڵوگۆڕە سیاسی و سەربازی و كۆمەڵایەتیەكان لەمێژووی رابردوماندا رەنگە بەتەنها كاری تاكە كەسێك نەبێت. هەر بۆیە هێندەی زاكیرە و بیرەوەریی كارەكتەرەكانی ناو رووداوەكان بواری دابێت بەشێكی كەمی تۆماركراوە. ئەوەی باسكراوەو نووسراوەتەوە رەنگە بەشێكی یەكجار كەم بێت لەو مێژووە پڕ كارەساتو چەرمەسەری و رووبەرووبونەوە سەختانەی كە لە بیرەوەری میللەتێكی ژێر دەستەدا بووە.**

**نوسینەوەو دۆكیومێنت كردنی مێژوویەكی خوێناویو پڕ لە بەسەرهاتو كارەساتو لێوان لێو لە شكستو سەركەوتن رەنگە كاری نەك تاكە كەسی بەڵكو لەتوانای گروپیشدا نەبێت. بۆیە باشترین هەوڵی جێگرەوە كە بتوانێ خزمەتێك بەو مێژووە بكاتو لە فەوتان قوتاری بكات، بوونی دەزگایەكی تایبەتمەندە كە بەشێوازێكی ئەكادیمی و زانستی هەستێت بەكۆكردنەوەی زانیاریو داتاو بەڵگەنامەكان سەبارەت بە رووداوەكانو كارەساتو نەبەردیو بەرخودانەكانی مێژووی زیاتر لە چل ساڵی خەباتی رزگاریو نیشتمانی بەرێبەرایەتی (ی.ن.ك) .**

**بۆ ئەو مەبەستە ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادران پرۆژەیەكی شێلگیرانەی دەست پێكردووە ئەمیش بە كۆكردنەوەی بڵاوكراوەو بەڵگەنامەكانی سەردەمی شۆڕش كە تا ئێستا هەنگاوێكی بەرچاو و دڵخوازی ناوەو بەشێكی**

بەرچاوی بڵاوکراوەکانی شاخ جارێکی دیکە لەچاپی داوەتەوە، لەوانە گۆڤارەکانی کۆمەڵە هەرسێ خولەکەی لەچوار بەرگدا، کە ئۆرگانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، هەروەها گۆڤاری رزگاری، ئۆرگانی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، ئاڵا، کە گۆڤارێك بوو لەلایەن ژمارەیەکی کادری (ی.ن.ك) لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرئەچوو، شەرارە خولی یەکەم ئۆرگانی (ی.ن.ك) بەزمانی عەرەبی دەرئەچوو، ڕێبازی نوێ خولی یەکەمو پاشان هەواڵنامەی شۆڕش کە لە سەرەتای بەرپاکردنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کە بریتی بوو لەباسی چالاکی و نەبەردی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رووداوەکانی کوردستان.

ئەوەی ئێستاش لەبەردەستاندایە بەشێکی ترە لەو هەوڵانەی ئەکادیمیای هۆشیاری بۆ تۆمارکردنی راستییە مێژووییەکان و دۆکیومێنت کردنی رووداوەکان بەڵام ئەم جارەیان لەسەرزاری بکەرە راستەقینەکان خۆیان دەگێڕێتەوە. ئەم هەوڵە سەرەتای پرۆژەیەکی بەردەوامە ئەگەر توانا و تەمەن رێگەبدات هەر جارەی سێ تێکۆشەری گەلەکەمان لە کتێبێکدا باس و بەسەرهاتی سەرەتایی خەبات و تێکۆشانی خۆیان بەشێوەیەکی سادەو چیرۆك ئامێز دەگێڕنەوەو ئێمەش لەژێر ناوی (سەربوردەی ئومێدو خۆڕاگری) بڵاودەکەینەوە جێگەی خۆیەتی لێرەوە داوا لەو تێکۆشەرانە بکەین کە هاوکارمان بن و بیرەوەریەکانی خۆیان بەنوسین بۆ بنێرن تاکو ئەم پرۆژەیەی پێ دەوڵەمەند بکەین و راستیەکانیش جگە لەوەی کە لە فەوتان بپارێزین، نەوەی نوێش باشتر ئاشنا بکەین بەمێژووی خەبات و بەرخودانی گەلەکەمان . هەڵبەتە هەموو سەرەتایەك بێ کەم و کوڕی نابێت و بەشداری ئێوە بەرەخنە و تێبینی و پێشنیازەکانتان پرۆژە کە زیاتر دەوڵەمەند ئەکات.

سەرپەرشتیاری پرۆژە

**عادل علی**

# کۆمیتەی ئاگر
# لەروبەڕوبونەوەی ئەژدیهای بەعسدا

**ئەحمەد کرێکار**

# پرۆفایل

پێشـمەرگەی دێـرین. نـاوی تـەواو حەمـە کـەریم عـەلی رەزا. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤١ی گوندی هەمزەی سەر بەقـەزای چەمچەماڵ. لــەماوەی نێــوان ١٩٤٦- ١٩٤٨ بنەماڵەکــەی بەمەبەســتی کــارکردن، لەحەویجە نیشتەجێ بوو، دواتر حەویجەی بەجێهێشت و لەگونـدی هەمزە گیرسایەوە، بـەڵام لەساڵی ١٩٥٦ بەیـەکجاری لەگـەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك نیشتەجێ بوو.

لەکەرکوك خوێندنی سەرەتایی تـەواو کـردو لەتەمـەنی ١٧ ساڵیدا ژیـانی سیاسـیی دەسـتپێکرد، کاتێـك لەسـاڵی ١٩٥٨ پەیوەنـدیی بەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کـرد. ساڵی ١٩٦٠ لەکاتی خزمـەتی سـەربازیی لەبەسـرە، لێپرسـراوەتیی بـەڕێوەبردنی ڕێکخسـتنی پـارتیی لەچـەند سـەربازگەیەك تـا سـاڵی ١٩٦٢ گرتـە ئەستۆ.

سـاڵی ١٩٦٥ پەیوەنـدیی بـەهێزی پێشـمەرگەوە کـردو تـا پلـەی سـەرپەلی بـڕی. پـاش بەیاننامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠، وەك کرێکـار لەفەرمانگەی کارەبای کەرکوك دامەزرا.

سـاڵی ١٩٧١ پەیوەنـدیی بەڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی رەنجـدەرانی کوردسـتانەوە کـردو لەسـاڵی ١٩٧٤دا بـوو بەئەنـدامی لیژنـە لەڕێکخستنەکانی کەرکوك.

ساڵی ١٩٧٥، دوا بەدوای نسکۆی شۆڕش، ڕێکخستنەکانی شارو شاخ تێکەڵ کرانەوەو سیروان تاڵەبانی کرایە لێپرسراوی ڕێکخستنی کەرکوك، ئازاد هەورامی کرایە جێگری یەکەمی و ئەحمەد کرێکار جێگری دووەمی. ساڵی ١٩٧٦ کۆمیتەی ڕێکخستنی کەرکوك کە دواتر ناوەکەی کرایە کۆمیتەی ئاگر، رادەستی ئەوو حەمید محەمەد کاکەمەند کرا. بۆ ساڵی دواتر بوو بەلێپرسراوی کۆمیتەکە.

ساڵی ١٩٨٠ دوا بەدوای پەرەسەندنی فشاری دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعس لەسەر کۆمیتەی ئاگر، پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد لەهەرێمی دوو. ساڵی دواتر بووە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ.

لەتشرینی دووەمی ١٩٨٨دا بووە لێپرسراوی ئیدارەی مەڵبەندی ٢ لەگوندی بلەکێ و تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ لەوێ مایەوە. پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەساڵی ١٩٩٢دا بووە لێپرسراوی کۆمیتەی ١ی ڕێکخستنی کەرکوك لەچەمچەماڵ و لەساڵی ١٩٩٤دا بووە کارگێڕی مەڵبەندی ٢و تا ساڵی ١٩٩٨ لەوێ مایەوە.

شوباتی ساڵی ١٩٩٨ بوو بەئەندام لەمەکتەبی کۆمەلآیەتی و پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان لێپرسراوەتیی بەڕێوەبردنی لقی کەرکوکی گرتە ئەستۆ.

ناوم (حەمە کەریم عەلی ڕەزا عەبدوڵڵا)یە ناسراوم بە ئەحمەد کرێکار لە ساڵی ١٩٤١ لە گوندی هەمزە سەر بەقەزای چەمچەماڵ لەپارێزگای کەرکوك لەدایك بووم.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم لەبیرەوەریەکانی خۆم لەخەباتو کاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی لەشاری کەرکوك و دەوروبەری هەروەها لەگەڵ ڕابردووی شاری کەرکوك ئەوەندەی تێیدا ژیابم، چونکە کەرکوك شارێکی فرە نەتەوەیە هەرچەندە هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستاش کورد زۆرینە بووە لەکەرکوك.

من منداڵ بووم لەساڵی ١٩٤٧ بۆ ساڵی ١٩٤٨ بەماڵەوە لەحەویجە بووین ئەوکات حەویجە عەرەبی لێ نەبوو. هەر لەکەرکوك تا دەگەیشتینە حەویجە ئەو گوندانەی ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاو ناو حەویجەش هەموو گوندەکان هی سەید ئەحمەدی خانەقا بوو هیچ کەسێکی عەرەبی لێ نەبوو. بەڵام لەوە بەدواوە هەر لەسەردەمی پاشایەتی کاتێك کە مەلیك فەیصەڵ یان هێنا بەدیاری بۆ عێراق لەگەڵیشیا بەرنامەی تەعریبیات پێ بوو. ئەو زەمانە لەدائیری (ڕەی) حەویجە هەندێك (موشریف زراعیان) دانابوو بۆ فێرکردنی عەرەبەکان بەکشتوکاڵ ئەوان هەر خەریکی ئاژەڵداری بوونو گەرمیانو کوێستانیان دەکرد ئەو کاتانەی کە وەرزی زستان دەهات هەموویان دەگەڕانەوە بۆ ئەودیوی حەمرین و دەچونە دەشتی عوزێم بەڵام وەرزی بەهار دەهاتنەوە بۆ ئەم دیوی حەمرین، کە موشریف زراعیەکان ئەوانی فێری کشتوکاڵ کرد حکومەتی ئەوکاتەی عێراق بەزۆر عەرەبی هێناو نیشتەجێی کردن لە حەویجە و دەوروبەری. هەر بۆیە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق بە بەرنامە عەرەبیان لەسنوری پارێزگای کەرکوك نیشتەجێ کرد وەکو تەعریب، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش کورد زۆرینەیە. چەندین کیلۆمەتر لەخوار داقووق بۆ چیای حەمرین کوردەکانی کاکەییو داودەو گلو تاڵەبانیو

زەنگەنـە زەویـەکانیان بـەجێ نەهێشتووە هـەر بەدەسـتی خۆیانەوەیـە. بـۆ زانیـاری دەتوانن سەردانیان بکەن و بزانن چۆن دەژین لەوێ.

بەڵام تورکمان لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە پەیدا بوون چونکە ئـەوکات بازرگـانی عوسمانیـەکان لـەزاخۆ بـۆ هـەولێر و لـەوێوە بـۆ پـردێو تسعین و بەشـیر و تـازە و خورماتوو دووز و کفری و قەرەتەپە و جەبارەوە دەچـێتە سـەر ئـاوی سـیروان ئەمـە ڕێگای بازرگانیو قەڵەمڕەوی وڵاتی عوسمانیو ئێران بوو.

ئێستاش لەزۆر جێگا قولـەی پاسـەوانەکانیان مـاوە بـۆ شـاهێدی کـە عوسمانیـەکان روخان ئەو پاسەوان و خزمەتکارانەی کـە هێنابوویـان بـەجێمانو ئـەوان تورکمانیـان لە کەرکوک دروست کرد...

## چۆنیەتی دروست بوونی کۆمیتەی ئاگر

ئەگەر بمانەوێت باسێکی کۆمیتەی ئاگر بکەین پێویستە ئاوڕێ لە رابـردوی شـاری کـەرکوك بدەینـەوە کـە شـارێکی فـرە نەتـەوە و فـرە ئایینـە و فـرە مەزهەبـە بـەڵام کۆمەڵێك رابردووی هەیە دەبێت باسی بکەین وەك راپەڕینی (گاور باخی) سـاڵی ١٩٤٦ دژ بە داگیرکەرانو چەوسێنەران بەرپاکرا. کەرکوك هەر لەکۆنـەوە پیـاوی زۆر ئـازاو قارەمانی تیاهەڵکەوتون بەڵام داگیرکـەران ناوونـاتۆرەی ناشـرینیان داوەتـە پاڵیـان بـۆ نموونـە لەچلەکاندا ناحـەزان کێشەیەکیان دروسـت کـرد بـۆ ئـەوەی کـورد بکـەن بـە دوژمنی ئەرمەنیەکان. لەپیلانێکیاندا بڵاویان کردەوە کە ئەرمەنیەکان دەچـنە سـەر حەمامی ژنان بۆ دەستدرێژی کردنە سەر ژنـی کـورد لـەو حەمامانـە بـەڵام پیـاوێکی ئازاو ناوداری کورد عەلی بەستێ، کۆمەڵێك پیاوی ئازای بـە چـەکەوە کۆکردەوە لـەو سـنورانەو دابەشـی کـردنو هـەر رووداوێـك لـەو بابەتانـە ئەگـەر رووی دا ئـەمان بەرگری بکەن بەڵام پیلانەکە پوچەڵ کرایەوە.

چەند پیاوێکی قارەمانو ناوداری کەرکوك هەبوون دوژمن ناوی لێنابوون چەتە و ڕێگر لەبەرئەوەی زوڵمیان قبوڵ نەئەکردو پشتگیریان لەخەڵکی چەوساوە دەکرد. لەوانە مەلا مەجید شانشینو مەلا مەجید مورخواردەی سەروو بوو لەبەرئەوەی ناحەقیان قبوڵ نەکرد پێیان دەوتن چەتەو ڕێگر.

لەناو حیزبە سیاسییەکانی شاری کەرکوك پیاوی ئازا و دڵسۆزی کوردایەتی تێدا هەڵکەوت بۆنموونە لەساڵی پەنجاکانەوە مامۆستای گەورە ئیبراهیم ئەحمەد زوو زوو حکومەتی عێراقی نەفی دەکرد بۆ ئەم شارو ئەو شار. ئەوەبوو لەو سەردەمەدا هاتە کەرکوك سەرەتا لەگەڕەکی شاترلو نیشتەجێ بوو دوایی هاتە گەڕەکی ئیمام قاسم لەخانوەکەی (عەلی جێگر) نیشتەجێ بوو، دواتر بوو بە بنکەی ڕۆشنبیری و هوشیارکردنەوەی خەڵك. پاشان عەونی یوسف کاکەیی و حاجی مەحمود و کاك عومەر دەبابە و کاك عەلی عەسکەری و جەلال عەبدولڕەحمان هەر لەو سەردەمەدا لەوێ بوون بەتایبەتیش گەڕەکی ئیمام قاسم بە گەڕەکە ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕەکە ناوی دەرکردبوو، زۆربەی سەرکردە و کادرەکانی شۆڕشی کورد. لەهەردوو شۆڕشەکەدا ئیمام قاسم لەپێشەوە بوو لەخەباتو قوربانی دان.

کەرکوك هەموو کاتێك شان بەشانی شارەکانی تر خەباتی کردووە ئەگەر لەپێشەوەی شارەکانی تری کوردستان نەبوبێت هەرگیز لەدواوە نەبووە دەتوانم بڵێم لەقوربانی دان هەر لەپێشەوە بووە.

بەڵام بەداخەوە لەپاش شۆڕشی کورد کار گەیشتە ئەوەی دەستیان بچێتە خوێنی یەکتری لەبەرئەوەی ململانێی سیاسیو ململانێی ڕاستو چەپەکان وا زەق کرانەوە کە ناوونـاتۆرەی خراپیان دەخستە پاڵ یەکتر کە بووە هۆی جیابونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە سەرۆکی پارتی. کار گەیشتە ئەوەی زۆر دژایەتی یەکتر بکەنو چەك بەکاربێنن بەرامبەر بە یەکتریو وای لێهات فشارێکی زۆر کەوتە سەر باڵی مەکتەبی سیاسیو دەرکردنیان لەکوردستانو چونیان بۆ ئێران لەوەوە پێیان دەوتن

هەمەدانیەکان. بەڵام لەساڵی ١٩٦٥ بەدواوە رژێمی عیراق هێزێکی زۆری بۆ سەر پارتی کۆکردەوە. شەڕەکان زۆر توونـد بونەوەو لەوکاتەدا باڵی مەکتەبی سیاسی چەندجارێك وەفدیان دەنارده لای بارزانی بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو شۆڕش لەئەنجامدا کاك عەلی عەسکەری بەهێزێکەوە لەسنوری حاجی ئۆمەران خۆی کرد بە بارەگای بارزانی ئیتر مەجال نەما کە قبوڵی نەکەن. بەو شێوەیە هاتنەوە کوردستانو هێزەکان دابەشکرا بەسەر ناوچەکانی هێزی پێشمەرگە.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە دۆڵەرەق دەست بەسەرکران بۆئەوەی دواتر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن. پاش ماوەیەکی زۆر کەداواکران بۆ بارەگای بارزانی بگوازرێنەوە لەرێگای بەڕێز عەباس ئاغاوە، پێی راگەیاندن کە داواکراون و پێویستە فریای خۆتان بکەون، هەرخۆی بەسەیارە دەربازیانی کرد بۆ شوێنی دیاریکراو ئیتر ئەوانیش بەشێوەی (ئختیفا) لەشارەکان مانەوە تا لەگەڵ حکومەت ئەوکات رێکەوتننامەیەکیان کرد بۆئەوەی بمێننەوە لەشارە بچوکەکان و بارەگایان داناو کاری سیاسیان دەکرد بۆ هۆشیارکردنەوەی رێکخستنەکانی خۆیان و خەڵکی، پاشان وردە وردە بوو بەمەکۆی کۆکردنەوەی چەپەکانی کوردستان چ لەکوردستانی ئێرانو چەندین رێکخراو و کەسایەتیە سیاسیەکانی هەموو پارچەکانی کوردستانی گەورە. کەسایەتی سیاسی چەپی زۆری تێدا کۆبونەوە هەر لەو سەردەمەدا باڵی مەکتەبی سیاسی گۆڤارێکیان دەردەکرد بەناوی گۆڤاری رزگاری بەراستی گۆڤارێکی زۆر باش بوو کە هەڵسەنگاندنی تێدا دەکرا لەنێوان شۆڕشی کوردستان و شۆڕشی چین و جیاوازیەکانی دەستنیشان دەکرد هانی خەڵکی دەدا کە دەبێت ئێمەش هێزی بنەڕەتی شۆڕش دەستنیشان بکەین و هانی جوتیارانی دەدا وەکو جوتیارانی چین داوای مافی خۆتان بکەن بۆچی هەر چەوساوەبن.

ئەم گۆڤارە کۆمەڵێك کادری ناو باڵی مەکتەبی سیاسی بەباشی هۆشیار کردبووەوە. لەساڵی ١٩٧٠ بارزانی و حکومەتی عیراق گفتوگۆکانیان راگەیاندو بەیانی

١١ی ئازاری لێ کەوتەوە. هەر لەگەڵ بڵاوبونەوەی بەیانی ١١ی ئازار باڵی مەکتەبی سیاسی راستەوخۆ کۆبونەوە لەسەر ئەوەی پشتگیری تەواوی ئەو بەیانە بکەن کە مافی کوردی سەلماندووە، هەر لەو کۆبونەوەیەدا بریاردرا وەفدێك پێکبهێنرێت‌و سەردانی بارزانی بکەن بۆئەوەی بە هەموو کورد پشتگیری داواکاری جێبەجێ کردنی مافەکانی گەلی کورد بکەن‌و ئەوەش بووە هۆی تێکەڵاوبوونەوەی هەردوو باڵەکە بەسەرۆکایەتی بارزانی.

لەهەموو کوردستان شایی‌و زەماوەند سازکرا بەبۆنەی سەرکەوتنی کوردو گەیشتن بە مافە رەواکانی. لەم سەردەمەدا کۆمەڵێك کادر و رۆشنبیری شۆرشگێری ناو باڵی مەکتەبی سیاسی کەوتنە کۆڕو کۆبونەوە لەناو خەڵك لەجێگا ئەساسیەکانی کوردستان لەو کۆبونەوانە باسیان لەوە دەکرد کە بەیانەکە راستە دانی بەمافی نەتەوەیی کورددا ناوە، بەڵام هەموو چینەکانی کوردستان مافی چینایەتی خۆیان هەیە بۆ نموونە شۆڕش لەسەر ئەرزی جوتیار بەرپا دەبێت، بەنان‌و بەرگی جوتیار بەرێوە دەچێت‌و بەکوڕی ئەوانیش وەکو پێشمەرگە جێبەجێ دەکرێت ئەی کوا مافی ئەم چینە زوڵم لێکراوە؟؟

بانگەشەی ئەوەیان ئەکرد کە کوردایەتی لەرووی مەوزوعیەوە بکرێ بۆئەوەی هەموو چین‌و توێژەکانی گەلی کورد تێیدا سودمەندبێت چونکە رژێمی عیراق خەریکە خۆی رێك ئەخاتەوە و دوایی لە بەڵێنەکانی پەشیمان دەبێتەوە. با ئێمە خۆمان ئامادە بکەین‌و خەبات بکەین بۆ بەدیهێنانی مافی هەموو چین‌و توێژەکانی گەلی کوردستان ئەم کۆڕو کۆبونەوانە زیاتر مناقەشەی دەهێنایە پێشەوە لەوانە کۆمەڵێك پرسیار دروست دەبوو لەوانە ئەگەر ئێمە رێکخراوێکی سیاسی راستەقینەمان نەبێت بۆ کۆکردنەوەی ئەم بیر و بۆچونانە ئەوا زیان دەکەین پاش ئەم راوبۆچونانە لەرۆژی ١٩٧٠/٦/١٠ کۆمەڵەی مارکسی لینینی راگەیەنرا و لەدایك بوو، کە کاری ئەم رێکخراوە زۆر نهێنی بوو لە رژێمی بەعس خۆی دەشاردەوە و لە

پارتیش خۆی دەپاراست. بەڵام ئەرکی سەرەکی هۆشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی ڕێکخستنەکانی خۆی بوو. بەپێی ئەو پەیرەوەی دای نابوو بە چ شێوەیەك گەشە بە ڕێکخستنی خۆی بدات و خۆشی لەم دوو لایەنە بپارێزێت. ئەوە بوو لە هەموو شارەکانی کوردستان دەست کرا بەدروستکردنی ڕێکخستن، لەسەرەتاوە کاك عەلی بچکۆل دەوری زۆر باشی دەبینی لە کۆکردنەوەی خەڵکی باش بۆ ناو ڕێکخستنەکانی کەرکوك. پاشان ئەبو شەهاب زۆر ماندوو بوو بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٠ کاك عەلی بچکۆل و ئەبو شەهاب دوایی کاك فەرەیدون عەبدولقادر ڕێکخستنەکانی کەرکوکی ناونا ڕێکخستنی شار واتە لیژنەی شاری کەرکوك بەراستی لەو ماوەیە زۆربەباشی گەشەی دەکردو خەڵکی باشیان دەهێنایە ناو ڕێکخستنەوە هەموو شار و شارۆچکەکانی سنوری پارێزگای کەرکوك لەگەڵ زۆربەی گوندەکان ڕێکخستنی تێدا دروست کرابوو. لەساڵی ١٩٧٢ لیژنەی ڕێکخستنی شاری کەرکوك فراوان کرایەوە کادری تریان بەرزکردەوە بۆ ناو لیژنەی شار لەوانە ئیبراهیم جەلال، ئازاد هەورامی، حەمید محەمەد ناسراو بە حەمیدی پۆلیس و بەندە (ئەحمەد کرێکار). بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت پێش فراوانکردنی لیژنەی شار بەرۆژێك کۆبونەوە بۆ باسی دروستکردنی (وەکر)ی کۆمەڵە. لە کەرکوك لەلایەن خاڵە شەهابەوە پێشنیارکرا ئەویش لەسەر پارچە زەوییەکی مام حەمیدە سوور بوو هەر لەسەر بڕیاری خاڵە شەهاب دەبێت بەهەرەوەزی دروستی بکەین بەڵام مەوادەکەی مام حەمید و براکانی دابینیان دەکرد زۆربەی هاوڕێیانی ئەو سەردەمە کاری هەرەوەزییان تێدادەکرد.

ئەوە بوو لەسەرەتایی ساڵی ١٩٧٣ تەواوبوو. یەکەم بڵاوکراوەی کۆمەڵە بەناوی ئاڵای سور لەساڵی ١٩٧٣ لەو ژێرزەمینە دەرکراو بڵاوکرایەوە کە لەنوسینی خاڵە شەهابو کاك فەرەیدون عەبدولقادر بوو.

که ئێستا  کاك ئیبراهیم جەلال دەڵێت لەماڵی من دەرکراو ئەوە وا نییە دوورە لەراستی لەماڵی کەس دەرنەکرا تەنها لە یەکەم وەکری کۆمەڵە دەرچووە.

لەمە بەدواوە لیژنەی شار زیاتر کارەکانی خۆی چڕکردەوە لە رووی پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوە لەلایەك‌و خۆ پەروەردە کردن لەلایەکی ترەوە.

بە چوونە ناو خەڵکی بۆ هۆشیارکردنەوەو راکێشانی کەسانی زۆر باش بۆ ناو ریزەکانی کۆمەڵە کە هەموو هەفتەیەك کۆبونەوەی لیژنەی شار دەکرا.

دەبوو کارو چالاکی ئەو هەفتەیە باس بکرایە. ئەگەر کاری باشت بکردایە دەست خۆشیت لێ دەکرا ئەگەر کاری باشت نەکردایە سەرنجت رادەکێشرا بۆ کاری باش. رۆژێك کۆبونەوەمان هەبوو لە ماڵی کاك فەرەیدون عەبدولقادر دەست کرا بە هەڵسەنگاندنی کاری هەفتەی رابردوو لەو کاتەدا سەرە هاتە سەر کاك ئەبو شەهاب لە قسەکانی وتی من ئەم هەفتەیە زیاتر لە ٥٠ کەسم راکێشاوە بۆ ناو ریزەکانی کۆمەڵە بەڵام قسەکانی تەواو کرد و کاك ئیبراهیم جەلال یەکسەر وەڵامی دایەوە و وتی ئەم هەموو درۆیە ئیتر بوو بە قرەقرِ و بۆ یەك هەڵسان بەڵام ئەو ژورەی تێدا دانیشتبوین لەناوەڕاست پەردەیەکی قوماشی سوری دوو لایەنی تێدا بوو لەناکاو پەردەکە کرایەوە سەری زەلامێك دەرکەوت وتی ئافەرین کادرەکانی کۆمەڵە بەم شێوەیە لەناو خۆتان بجوڵێنەوە ئەی سبەی لەناو جەماوەر چی دەکەن و چی دەڵێن ئیتر پەردەکەی داخست و بزر بوو من خۆم واقم وڕما نەمزانی ئەو کەسە کێ بوو ئەم قسەیەی کرد بەڵام ئەو دوو برادەرە وەکو ئاو بکەین بەسەریانا کپ بوون هیچ قسەیان نەکرد دوای کۆبونەوەکە بڵاوەمان کرد لەرێگا لە کاك عەلی بچکۆلم پرسی ئەو کەسە کێ بوو لەودیو پەردەکەوە ئەویش وتی بۆ نەت ناسی وتم نەخێر وتی ئەوە خاڵە شەهاب سکرتێری کۆمەڵە بوو.

ئەوە یەکەم جار بوو خاڵە شەهاب ببینم و نەمناسی، بەڵام لەوە بەدواوە جاری تر رێکەوت لەنزیکەوە بینیم لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٣ بۆ ساڵی ١٩٧٤چەند جارێك دەهاتە

مـاڵی ئێمـه لەسـەرەوە ژورێکمـان هـەبوو دەهـات لـەوێ هەنـدێ پشـووی دەداو دەیخوێنـدەوە بـەڵام ئەوەنـدەی مـن لـە کـەرکوك دەمبینـی جلوبـەرگی زۆر شـەعبی لەبەردەکرد بۆئەوەی نەناسرێتەوە وە هیچ کاتێ پاکەتی جگەرەو مەسروفاتی لەسەر پیتـاکی کۆمەڵـە نـەدەبوو دەیـوت دەبێـت پشـت بـەخۆمان ببەسـتین لـەرووی ژیـانو پەروەردەکردنـەوە. بـۆ پـەروەردەکردن سەرچـاوە زۆرە ئەگـەر بمانـەوێ خۆمـانو هاورێکانمان پەروەردە بکەین.

دوا کۆبونەوەمان لەگەڵ خاڵە شەهاب لە ساڵی ١٩٧٤ بوو لـە مـاڵی ئێمـە لـەو ژورەی کە خۆی جار و بـار دەهـات لـەوێ دەمایـەوە. لـە کۆبونەوەکـە وتـی رژێمـی بەغـدا لـە بەڵێنەکانی پەشیمان بۆتەوە شەڕ دەست پێ دەکات دەبێت ئێمە وەکو کۆمەڵە بچینە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی هەرچی کادری سەرکردایەتی و کـادرە ئەساسـیەکان هەیـە بچنە ناو هێزی پێشـمەرگە بـۆ هۆشـیارکردنەوەی پێشـمەرگەو جـەماوەر تـا بتـوانین جـۆری (نەوعیـەتی) شـۆڕش بگـۆڕین. ئـەوەشمان بـیر نەچـێت دەبێـت زۆر بـەنهێنی کاربکەن ئەگینا ئاشکرا دەبین، لەو جێگایە بڕیار درا ئەم برادەرانە بچنە دەرەوە:

کـاك عـەلی بچکۆڵو کـاك ئـازاد هـەورامی و مـام حەمیـدە سـور و کۆمـەڵێکی تـر لەوانەی دەتوانن ببن بە پێشمەرگە. بەڵام بۆ رێکخستنی شاری کەرکوك ئەبو شەهاب وەك لێپرسراو کاك ئیبراهیم جەلال وەك ئەندامی لیژنە و بەندە (ئەحمـەد کرێکـار) وەك ئەنـدام لیژنـە بمێننـەوە دوای ئـەوە خواحافیزییـان کـرد و ئێمـە ماینـەوە لـە کەرکوك پـاش دوو مـانگ ئـەبو شـەهاب بـەبێ ئاگادارکردنـەوەی ئێمـە سـەفەری ئـەو گوندانـەی سـنوری کـەرکوکی کردبـوو لـەوێوە رۆیشـتبوو بـۆ پێشـمەرگایەتی ئێمـەش ئاگامان لەم وەزعە نییـە. تـا نامەیـەکی کـاك عـەلی بچکۆڵان بـۆ هـات و دەڵێـت ئـەبو شـەهاب هاتۆتـە دەرەوە بـۆ پێشـمەرگایەتیو ناگەڕێتـەوە ئێـوە کـاری خۆتـان بکـەن ئاگاداری خۆتان بـن. منـیش نامەکـەم بـرد چـوم بـۆ مـاڵی کـاك ئیـبراهیم جـەلال کـە چووم شوکریەخانی هاوسەری دەگریا وتی بۆ هاتیت ئیبراهیم سێ رۆژە گیراوە هـیچ

زانیاریم نییە. منیش وتم کەس هاتووە بۆ پشکنینی ماڵتـان وتـی نـەخێر زوو بـڕۆ منیش گەڕامـەوە ئـەو برادەرانـەی دەمناسی وەك محەمـەد دێوانـە شـەریف مامۆسـتا محەمەد حەسەن ناسراو بە قوتابی و نەجمەدین فـەقێ عەبـدوڵڵا چـەند برادەرێکی ترم ئاگادارکردەوە لە وەزعەکە. بـەڵام پاش چوار ڕۆژی تـر چـومەوە بـۆ مـاڵی کـاك ئیبراهیم هاوسەرەکەی ووتـی خەبـەرم بۆ هـاتووە لەسـەر ڕێکخسـتن نـەگیراوە بـەڵکو لەسەر سەرفکردنی موچـەی مـام حەمیـدی پـۆلیس گـیراوە لـە دائـیرەی خانەنشینی. بەڵام هەر ئاگاتان لەخۆتان بێت. ئەم جارەیـان ورەی بـەرزتر بـوو لـەجاری پێشـووتر ماوەیەکی تر چووم بۆ ماڵیان بـەرببوو لەزینـدان لەماڵـەوە بـوو بـەڵام خـۆی نیشـانم نەدا بەڵام شوکریە وتی بەربووە لەماڵەوە نییە تـا خـۆی ئاگـادارت نـەکات مەیـەرەوە بۆ ماڵمان چونکە مراقەبەمان لەسەرە، ئەوەندەی کە باسمان لێ کـرد لەوانـە ٢٠ یـا ٢٥ رۆژ سجن بوبێت ئیدی لەوە بەدواوە من کاك ئیـبراهیم نەبینیـەوە تـا سـاڵی ١٩٧٧ کـە نامەیەکی کـاك ئـارام هـاتبوو بـۆ برادەرانـی کـەرکوك منـیش چـووم بـۆ سـلێمانی بـۆ بینینی برادەرانـی ڕێکخسـتنی سلێمانی لـە شـەقامی ئیـبراهیم پاشـا بەرێکـەوت کـاك ئیبراهیم جەلالم بینی ئـەوەی ئـەو لـە کتێبەکـەی باسـی کـەرکوك دەکات زێـدەڕەوی تێدایەو ئەمە راستییەکەیە چونکە لـە سجن دەرچـوبوو وەزیفـەی خـۆی و مامۆسـتا شـوکریەی خێزانـی گواسـتبووەوە بـۆ سـلێمانی هـیچ پەیوەندییـەکی بـە کەرکوکـەوە نەمابوو...

هەر لە ساڵی ١٩٧٤ بۆ سـاڵی ١٩٧٥ ئەوانـەی مانـەوە لـە ڕێکخسـتنی کـەرکوك، بەنـدە (ئەحمەد کرێکار)و محەمەد دێوانە شەریفو مامۆستا محەمەد حەسەنو نەجمـەدین فـەقێ عەبـدوڵڵاو چـەند برادەرێکـی تـری وەك فایـەق لـە شـۆڕجە. بـۆ شـێوازی ڕێکخسـتنی ئـەو کـات تـەنها پشت بەسـتن بـوو بـە خۆمـان. ئەگـەر بڵاوکراوەیـەکمان لەدەرەوە بۆ بهاتایە ئەویش زۆر بەنهێنی بوو. بەڵام لەساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕش توشی هەرەس بـوو برادەرانـی دەرەوە هاتنـەوە نـاو شاری کـەرکوك ئەوەنـدەی نـەبرد کـاك

عەلی بچکۆل هات وتی دەبێت ڕێکخستنەکانی شار و شاخ  تێکەڵ بکەینەوە بە بەرنامەیەکی باش بۆئەوەی ڕژێم هەست نەکات ئێمەش خۆمان سازبدەینەوەو کارەکانمان ڕێکبخەینەوە. سەرەتا  کاک سیروان تاڵەبانی و کاک ئازاد هەورامیو بەندە (ئەحمەد کرێکار). ئەوان لەرێکخستنی شاخ بوون و من ڕێکخستنی شار بوومو پاشان کرا بە کۆمیتەی ڕێکخستنی کەرکوك بەڵام ماوەکە زۆر کەم بوو تەنها سێ کۆبونەوەمان کرد یەکەم کۆبونەوە لەماڵی کاک سیروان بوو دووەم کۆبونەوە لەماڵی کاك ئازاد هەورامی و سێیەم کۆبونەوە چوینە ماڵی کاك سیروان بەڵام یەکەم کۆبونەوە کاك سیروان وتی ئەم جارە دەبێت شۆڕش خۆمان دروستی بکەین وە دەبێت خۆمان بۆ پێشمەرگایەتی ئامادە بکەین لەقسەکانی دیاربوو خۆی یەکێکە لەو کەسانەی دەچێتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی چونکە لەماوەی ئەو سێ کۆبونەوەیە وەزیفەکەیو ماڵەکەی بردە سلێمانی دەرکەوت کە زوو چووە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی کە ئەو ڕۆیشت بۆ  سلێمانی. کاك ئازاد هەورامی کرا بە لێپرسراوی کۆمیتەو ناویان نا کۆمیتەی ئاگر. بەندە (ئەحمەد کریکار) و مام حەمید بە کارگێڕی ئەو کۆمیتەیە دانراین یەکەم بەرپرسی کۆمیتەی ئاگر کاك ئازاد هەورامی بوو کە ناونرا کۆمیتەی ئاگر وابزانم لەمانگەکانی ١١و١٢ ساڵی ١٩٧٥ دروست کرا، بەرپرسیارییەکەی کاك ئازاد تا مانگی ١٩٧٦/١٠ کاك ئازاد بەرپرسیاری بوو، بەڵام لەساڵی ١٩٧٥ کۆمەڵێك ڕووداو ڕوویداو پێویستە ئاماژەی پێ بدەین. هەر لەو سەردەمە کاك عەلی بچکۆل بەمنی ووت: نامەیەکی جەنابی مام جەلال لە دەرەوە بە پیاوێکی عەرەب کە حەرەکەی ئیشتراکی عەرەبی بوو لە فڕۆکەخانەی بەغدا گیراوە ئەویش ناوی برادەرانی ئێمەی داوە وەکو حەمە میرزا سەعید بۆیە ئێمە لەگەڵ برادەرانی تر قسەمان کردووە وەکو سەرکردایەتی کۆمەڵە دەچینە ئەو  گوندانەی سنوری شارباژێڕ خۆمان دەشارینەوە بەڵام لە ئێستا بەدواوە ئێوە خەباتو قسەکردن لەناو خەڵکیدا بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێت چونکە برادەرانو مام

جەلال لە دەرەوەی وڵات یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان دروست کردووە لەرۆژانی داهاتوودا بەلاغی کۆتایی دامەزراندنی یەکێتییان بۆ دیێت بەلاتانەوە سەیرنەبێت. لەسەر ئەو بەلاغە کاربکەن، بەڵام کۆمەڵە فەرامۆش نەکەن چونکە کۆمەڵە شادەماری یەکێتییەو لەسەر رێکخستنەکانی کۆمەڵە کاردەکرێت...

لەدوای چوونیان بۆ سەر سنور ئاگادار نیم هەندێك لەو بەرێزانە ماون دەتوانن لەسەر ئەو راستیانە قسە بکەن.

ئەوانەی چوونە ئێران لەدواییدا لەلایەن ئێرانەوە لە ١٩٧٦/١/١ لە سنوری پێنجوێنەوە تەسلیم بە رژێمی بەغداد کرانەوە هەندێ دەڵێن بە گۆڕینەوە بووە شای ئێران ئەوانی تەسلیم بەعێراق کردەوە عێراقیش هەندێ کوردی سیاسی ئیران کە لە عیراق بوون تەسلیم بە ئێرانی کردەوە هەندێ کەس دەڵێن وا نییە تەنها لە رێکەوتنی جەزائیردا هاتووە بۆیە شا تەسلیمی کردنەوە بە هەرحاڵ پشێویەکی زۆر ناخۆش روویدا لەناو رێکخستنەکانی کۆمەڵە ئەوەی راستی بێت برادەران زوو کەوتنە خۆیان هیمەتی باشیان کردبوو بۆ دەربازکردنی رێکخستنەکانی کۆمەڵە کە تیاچوونو ئەویش بە دروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان کە کۆمیتەی هەرێمەکان پێکهاتبوو لە کاك مەلا بەختیار و کاك ئارامو کاك سالار عزیز و کاك ئازاد هەورامیو کاك عەبدولرەزاق محەمەد ئەمین کە بەراستی توانیان سەرکردایەتی رێکخستنەکانی کۆمەڵە بگرنە دەست لە تیاچوون دەربازی بکەن، بەڵام لە کۆبونەوەی خۆیان روونکردنەوە و بەیانێکیان دەرکرد بە ناوی بەیانی ١٦ی شوبات ئەو بەیانە زۆر هێرشی کردبووە سەر سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە بە موعتەریف ناویان هێنابوون پێدەچوو لەنێوان خۆیان زۆر رێك نەبوونە لەسەر دەرکردنی بەیانەکە چونکە کاك ئازاد بەو نەرمیو هێمنییەی خۆیەوە کە لەگەڵ ئێمە دادەنیشت پێی وابوو ئەو برادەرانەی سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە بەو شێوەیەی لە بەیانەکەدا هاتووە بەراستی نازانن بەڵام ئیلتزامی پێوە دەکرد. ئەوەی راستی

بێت ئێمە وەك ڕێکخستنی کەرکوك لەسەرەتاوە باوەڕمان پێنەبوو چونکە برادەرانی سەرکردایەتی لە سجن زۆر خۆڕاگر بوون، چونکە ئەوان هەمومانیان دەناسیو جێگاکانمانیان پێ دەزانی ئەگەر بەپێی بەیانەکە بووایە ئێستا ئێمە گیرابووین بەڵام ئەوان زۆر قارەمانانە لە ئەشکەنجەدا بێ باك بوون هەر بۆیە ڕێکخستنەکانی کەرکوك هیچ باکیان نەبوو لەجاران زیاتر کاری ڕێکخراوی دەکەن و سەرقاڵ بوون.

بەڵام ڕۆژێك کاك ئازاد ووتی برادەران لەسەر ئەوەی ڕێکخستنی کەرکوك بەیانەکەی دانەگرتۆتە خوارەوە بۆ ڕێکخستنەکان ڕەخنەی لە من گرتووە بۆیە کاك مەلا بەختیار داوای کردووە بێت بۆ کەرکوك کۆبوونەوەمان لەگەڵ بکەن بۆ سەلماندنی ئەو بەیانە ئێمەش وتمان با بفەرموێت.

ڕۆژێك کاك ئازاد ووتی ئەم ئێوارەیە کاك مەلا بەختیار دێتە ماڵی ئێمە با هاوڕێیان شەو بێن بۆ کۆبونەوە، بەڵام من کاك مەلا بەختیارم نەبینیبوو پێم وابوو پیاوێکی بەتەمەنە هەر لە عەسرەوە چاودێری ئەو ناوەم دەکرد تەنها پیاوێکی گەنجم بینی پانتۆڵێکی کاوبۆی لەپێدا بوو جانتایەکی وەرزشی بەشانەوە بوو کە ڕەسمی تۆپی پێوە بوو هەر نەمزانی ئەوە، بە برادەرێکی کاك ئازادم زانی بەڵام شەو کۆبونەوە لەماڵی کاك ئازاد دەستی پێکرد ئەو کات بۆم روون بووەوە کە ئەو پیاوە گەنجەی کە بینیم کاك مەلا بەختیار بووە لە کۆبونەوەکە کاك بێستوون و کاك عەلی مەجید و کاك شێرکۆ و کاك فایەق وابزانم مام حەمیدیش هاتبوون ئەو شەوە تا بەرەبەیان دانیشتین و هەر گفتوگۆی بەیانەکەمان دەکرد. بەیانەکە هەندێ هێرشی کردبووە سەر برادەرانی سجن بەشێکی وەزعی عێراقو بەشێکی تری شیکردنەوەی وەزعی جوتیارانی کوردستان و عێراقیش بوو. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بوو لەو کاتەدا هێرش کردنە سەر برادەرانی سجنو ناو هێنانیان بەموعتەریف. بەڵام ئێمە وەك ڕێکخستنی کەرکوك نەمان سەلماند کە ئەوان

موعتەریفن. هەر ئەو بەیانە لەلای من مایەوە دوای ناردمە دەرەوەی کەرکوك لەلای کاك مستەفا چاڵاوی مایەوە تا ئەنفال لەوە بەدواوە فەوتا.........

بەڵام ئێمە رەخنەمان هەبوو لەسەر برادەرانی زیندان کە نەدەبوایە ئەو کارەیان بکردایە بە چونیان بۆ ئێران خۆیان تووشی ئەو وەزعە کرد بەڵام بە موعتەریفیان نازانین بەڵکو بە قارەمانو خۆراگریان دەزانین.

لەدوای ئەو کۆبونەوەیە بەدواوە هیچ نوسراوێکی ترمان بۆ نەهات تا ماوەیەك لە پڕدا نوسراوێکی دەست خەتمان بۆ هات کە جەنابی مام جەلال لەگەڵ بارزانی رێکەوتن ئیتفاقیەکیان کردووە لەسەر شێوەی دروستکردنەوەی شۆڕش زۆرمان پێ باش بوو هەر دوای ئەوە بەیانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هات کە نوسراوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ دەستمان کرد بەبڵاوکردنەوەی بەسەر رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کەرکوك رێکخستنەکان زۆر تامەزرۆی ئەو بەیانی دامەزراندنە بوون پاشان نوسراوێکی تر هات کە برادەرانی پارتی لە رێکەوتننامەکە پەشیمان بونەتەوەو ئەو هێزەی لەگەڵ ئیبراهیم عەزۆ هاتوونەتە سنوری بادینان هەموویان شەهید کراون بۆیە دەبێت رێکخستنەکانی ناوەوە مەفرەزە دروست بکەنو هاوڕێیان ئامادەبکەن بۆ پێشمەرگایەتی. لەلای ئێمە کاك ئازادو کاك بێستونو کاك عەلی مجیدو کاك شێرکۆ و سالار بۆگدی ئامادەییان نیشان دا بۆ پێشمەرگایەتی ئیتر کاك ئازاد بەو کارە هەستا. بەڵام لەکۆبونەوەکاندا گفتوگۆی دەستپێکردنی شۆڕشو بارودۆخی خۆییو بابەتی کرا هەر بۆیە کاك ئازاد خۆی بڕیاری دا پشت بە پێشمەرگەی خۆی ببەستێ و سەرپەرشتی ئەو برادەرانە بکاتو دەست نیشانیان بکات بۆ ئەوەی ببن بە پێشمەرگە. لەو کۆبونەوەیە بەدواوە من وەك ئەحمەد کرێکار بووم بە لێپرسراوی کۆمیتەی ئاگر برادەرانی تر چوونە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی ئێمەش ئەرکەکانمان زۆر گران بوو بەڵام پڕکردنەوەی

جێگای ئەوان لە ڕێکخستنەکان وا ئاسان نەبوو زۆر مانـدوو دەبـوین چـونکە زوو زوو برادەرانی تریش دەچونە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی.

دوای ئـەوان کـاك نەجمــەدین فـەقێ عەبـدوڵڵا داوای کـرد بچـێتە دەرەوە بـۆ پێشمەرگایەتی زۆر هەوڵماندا کە نەچێت بـۆ پێشـمەرگایەتی چـونکە پێشـمەرگایەتی شۆڕشی نوێ زۆر گرانەو بـە هـەموو کـەس ناکرێـت، بـەڵام زۆرمـان ووت نەیسەلماند. ئێمەش لەگـەڵ مـام حەمیـد قسـەمان کـرد لەگـەڵ هەنـدێ برادەرانـی تـر و چـوو بـۆ سنوری قەرەداغ لەوێ بووە پێشمەرگە. پاش ماوەیەك گەڕایەوە بۆ ناو شار و دواجار بەرەو بەغداد ڕۆیشت.

دوای کاك ئازاد ئێمە لەگەڵ ڕێکخستنی سلێمانی پەیوەندیمان دروستکرد ئەو کات (کاك محەمەد چاوشین ناسراو بە وەستا ڕەسوڵ ) یـان بـە مـن ناسـاند. ماوەیـەك بـە یەکـەوە بـووین هـەر بەیەکـەوە چـووینە هـەولێر لـەوێش لێپرسـراوی ڕێکخسـتنی هەولێر کاك حاجی مـەمۆ بـوو. بـۆ مـاوەی چـەند مانگێـك هەرسێ لامان بەیەکـەوە کـاری باشمـان دەکـرد. کـاك محەمـەد چاوشـین بـە وەسـتا ڕەسـوڵ ناسـرابوو ئـەویش لەناکاو خۆی وون کرد دواتر زانیمان چۆتە دەرەوە ئێمـە ئاگـادار نـەبووین لـەملاش مەفرەزەکەی چەمی ڕێزان لەگـەڵ کـاك ئـازاد بـەرەو جەولـەی هـەکاری بەرێکـەوتن‌و ئێمـەش لـەم بەینـە پەیوەنـدیمان نـە بـە سـلێمانییەوە مـا نـە بـە کـاك ئـازاد و نـە بەمەفرەزەکـەی چـەمی ڕێـزان‌و نـە بەهـەولێرەوە چـونکە کـاك ئـازاد لەگـەڵ پێشمەرگەکانی چەمی ڕێزان چوون بـۆ جەولـەی هەکاری. ئێمـەش لـەو بەینـە هـیچ پەیوەنـدیمان نـەمابوو تـەنها پشـت بـەخۆمان دەبەسـت لەلایـەکی تـرەوە برادەرانـی ڕێکخسـتن داوای بڵاوکـراوە و دەنگوباسـیان لێمـان دەکـرد وەزعمـان زۆر خـراپ بـوو بـەڵام لەهـەمووی خـراپتر ئـەوە بـوو لـەناکاو هـەواڵێکی نـاخۆش هـات بـرادەران لەجەولـەی هـەکاری تێکشکاون هەنـدێکیان گیراون لەلایـەن میتـی تورکیـاو لەلایـەن قیادە مۆقەتەوە. زۆر ڕارابووین ڕاستە یان نـا لـەناکاو ڕۆژێکیـان کـاك بێسـتون خـۆی

کردە ماڵەوە لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە خۆیان تەسلیم بەعێراق کردبووەوە. زۆر بەوردی لەیەکەم رۆژی جەولەکە تا ئەو رۆژەی خۆیان تەسلیم بە عێراق کردەوە باسی کرد بۆم. بەڵام ووتی لەناچاری هاتوینەتەوەو چەند رۆژێك خۆمان رێکدەخەینەوە هەندێ نەخۆشمان هەیە چارەسەری نەخۆشیەکانیان دەکەین‌و دەچینەوە دەرەوە. ئێستا مام جەلال و کاك نەوشیروان خەریکی کۆکردنەوەی پاشماوەی ئەو پێشمەرگانەی خوارەوەن.

ئێوەش ترستان نەبێت ئەو برادەرانەی لەگەڵ ئێمە تەسلیم بوون بەناچاری هیچ رێگەیەکمان نەمابوو. دوایی چوو بۆ سلێمانی ماوەیەك مایەوە لەبەرئەوەی لە سلێمانی خەتێکی رێکخستنی کەرکوك هەبوو کاتی خۆی هەر کاك بێستوون خۆی دروستی کردبوو زۆر ئازاو دڵسۆز بوون کاك هیوا و صالحی برای لەگەڵ ١٧ کەس بوون بەڵام بەراستی زۆر چالاك بوون هەر لەو ماوەیە بەرنامەیەکیان دانا بوو لە سناعەی سلێمانی بە نوێژی نیوەڕۆ چوبوونە ناو ئەو قوتابخانەیەو دوو تابیعەیان دەرهێنابوو یەکێکیان لەلای ئێمە بەکارمان ئەهێنا و ئەوی تریان دامان بە سلێمانی پاش رێکخستنەوەی کۆمیتەکان.

لەگەڵ کاك بێستون قسەمان کرد بەم شێوەیە ناتوانین ئەگەر پەیوەندی بەشارەکانی ترەوە نەکەین. ئەوە بوو لەگەڵ کاك بێستون رێکەوتین لەگەڵ مام تالیب باوکی شەهید شاخەوان چونکە ئەو برادەرێکی هەبوو لە قەڵادزێ بەناوی مەلا محەمەد چوینە ماڵی مەلا محەمەد کاك تالیب پێی وت ئەم برادەرانە برایان پێشمەرگەیەو زەختیان لێکراوە بچن بەدوایان بیان هێننەوە بۆ ئەوەی مەلا محەمەد هەست نەکات بەراستی هاوکاری باشی کردین هات لەگەڵمان بۆ ژاراوە لەوێ دۆستی هەبوو لەناو قاچاخچییەکان لەشەوی ١٩٧٩/١/١ لە ژاراوەوە بەرێکەوتین بۆ سەرکردایەتی لە ناوزەنگ هەر لەئێوارەوە بەرێکەوتین باران لێمانی دا تا بەیانی لەگوندی شێنێ رەت بووین تووشی مەفرەزەیەك پێشمەرگە بووین سەر بە مەکتەبی

عەسکەری بوو فەرماندەی مەفرەزەکە ناوی کاك وەهاب بوو، بێستوون دەیناسی کە رۆژ بووەوە گەیشتینە بارەگای مەکتەبی عەسکەری لە زەڵێ لەوێ نانی بەیانیمان خواردو پشویەکمان دا. دوای برادەرێکیان لەگەڵمان نارد بۆ لقی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاك ئەبو شەهاب لێپرسراوی لق بوو دوای کاك ئەبو شەهاب لەگەڵمان هات بۆ بارەگای کاك نەوشیروان کە چووین ئەویش پێشوازیەکی گەرمی لێکردین کە دەستمان کرد بە کۆبونەوە بەراستی کاك نەوشیروان زۆر تورە بوو لە کاك بێستون لەسەر ئەوەی لە جەولەی هەکاری تەسلیم بۆتەوە رووی لەمن کرد وتی چۆن ئێوە وەریان دەگرن منیش وتم کاك نەوشیروان ئەوان لەناچاری گەڕاونەتەوە بەلاّم ئێمە بەبێ رێکخستن پەیوەندی خێزانیمان هەیە کە هاتۆتەوە بەئێمەی وتووە ئێستا نەخۆش کەوتوین خەریکی چارەسەرین چاك بینەوە دەچینە دەرەوە ئێستا خەریکی خۆئامادە کردنن بۆئەوەی بێنە دەرەوە بۆ ئێرەش من هێنام وەکو چاوساغم چونکە ئێمە ماوەیەکی زۆرە لەوەتەی جەولەی هەکاری دەستی پێکردووە پەیوەندیمان بە رێکخستنەکانی سلێمانی و هەولێرەوە نەماوە بۆئەوەش هاتووین لەرێگای بەڕێزتانەوە پەیوەندی لەگەڵ سلێمانیو هەولێر دروست بکەین. ئەویش وتی زۆر باشە تا ئێوە سەردانی جەنابی مام جەلال دەکەن من نامەتان بۆ دەنوسم ئێمەش چووین سەردانی مام جەلالمان کرد بەڕێزی زۆر گەرم پێشوازی لێکردین کۆمەلێك پرسیاری شاری کەرکوکی کرد لە رێکخستنەکانی یەکێتی و شێوازی رێکخستنی پرسیار کرد منیش وتم بە ناوی یەکێتی تێکەڵاوی جەماوەر دەبینو خەڵکی بەناوی یەکێتییەوە لێمان نزیك دەبێتەوە بەلاّم هەرکەس فکری کۆمەڵەی پێ پەسەند بێت ئەوا دەیکەین بە رێکخستنی کۆمەڵە بەلاّم تا ئێستا لەلای ئێمە زیاتر رێکخستنی کۆمەڵە هەیە بەلاّم یەکێتی تەنها بەناوە بەکردەوە هەر کۆمەڵە بەرپرسیارێتی هەموو شتەکانە لە کەرکوك. دوای ئەم گفتوگۆیانە هەندێ پرسیاری مام حەمیدە سوور هەبوو بە جەنابی مام جەلالم گەیاند کە دوو برا گیرابوون لەسەر کێشەیەکی

عەشایەری ئەویش لەوەڵامدا ووتی داومانەتە دادگا بۆ لێکۆڵینەوە ئەگەر بێ بەری بوون ئەوا ئازادیان دەکەینو ئەگەر تاوانباربوون ئەوا یاسا دەوری خۆی دەبینێ وە منیش دەمم سوتا وتم ئەگەر دادگا ئەشکەنجەیان بدات خراپە کە گوێی لە قسەکانی من بوو زۆر تووڕە بوو. ووتی خۆزگایە هەر لەدوورەوە ناوم ببیستیتایە و قەت دەم و چاوتم نەبینیتایە کە زانیم پێی ناخۆش بووەو من قسەی خراپم کردووە ئیتر کەوتمە ماستاوکردن تا سارد بووەوە وە هەندێ تر قسەی دنیا و شۆڕشی بۆ کردین دوای گەڕاینەوە بۆ لای کاک نەوشیروان و شەو لەوێ بووین بۆ بەیانی نامەکانمان هێنا و گەڕاینەوە بەرەو قەڵادزێ لەوێش بۆ کەرکوک بەڵام پاش چەند رۆژێك پشوودان بەرێگای مامۆستا محەمەد حسێن کە پێمان دەوت قوتابی نامەکەمان نارده سلێمانی هەر بەو ناردمان بۆ هەولێر بەڵام دەرکەوت هەر لای کاك نەوشیروانەوە رێکخستنی سلێمانی ئاگادارکراوەتەوە چونکە کە نامەکەیان پێگەیشت ئەوان کاك سلیم سەر سپی یان ئامادەکردبوو زوو ناردیان بۆ کەرکوك پەیوەندیمان دروست کردەوە لەگەڵیانو بەرنامەیەکمان دانا بچێتە هەولێر ئیتر من و کاك سەلیم شەوێك چووینە هەولێر کاك حاجی مەمۆمان بینی بەرنامەی داهاتوومان دانا کە چی بکەین بەڵام لە کۆبونەوەی دوایی لە سلێمانی مامۆستا جەمال تاهیر ئامادەبوو بڕیار درا کۆمیتەی سەرکردایەتی رێکخستنی ناوەوە دروست بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە بوو کاك سەلیم لێپرسراوی رێکخستنی سلێمانی ئەندام سەرکردایەتی رێکخستنی ناوەوە (ناوخۆ) ئەحمەد کرێکار لێپرسراوی رێکخستنی کەرکوك ئەندامی سەرکردایەتی ناوەوە (ناوخۆ) کاك حاجی مەمۆ لێپرسراوی رێکخستنی هەولێرو ئەندامی سەرکردایەتی رێکخستنی ناوەوە (ناوخۆ) وە پەیوەندی بە ناوەندی کۆمەڵەوە بێت کەس لەپشت مامۆستا جەمالەوە پەیوەندی دروست نەکات هەموو ئیشو کارەکان لەرێگای مامۆستا جەمالەوە دەکرێت لەوە بەدواوە ئیشو کارەکان بەباشی دەڕۆیشت.

ساڵی ١٩٨٠ دەستکرا بە گۆڕانکاری لەوانە شەوێکی تر لە هەولێر کۆبوینەوە لە کۆبونەوەکەدا داوامان لە کاك حاجی مەمۆ کرد بچێتە دەرەوە بۆ ریزی پێشمەرگە لەگەڵ کۆمەڵێك برادەری تر تەنها ناوی مامۆستا (محەمەد مەنگوری)م لەیاد ماوە ئەویش وتی هەندێ ئیش‌وکاری کچەکەم هەیە لە بەغداد چەند هەفتەیەك ماوەم بدەم دوای دەڕۆم بەڵام وانەبوو دوای کارەکەی خۆی هەر نەچووە دەرەوە ئێستاشی پێوەبێت بەڵام یەکسەر کاك حاجی مەمۆ قبوڵی کرد و دەورو تەسلیمی لەگەڵ کاك عەبدوڵڵا رەشید کردو لەماوەی چەند هەفتەیەك کاك حاجی مەمۆ چووە دەرەوە بۆ ریزی پێشمەرگە بەڵام کاك عەبدوڵڵا رەشید یەکسەر رێکخستنی تەسلیم بە کاك کۆسرەت کرد. بوو بە لێپرسراوی رێکخستنی هەولێرو ئەندامی سەرکردایەتی رێکخستنی ناوخۆ. ئەم جارە گۆڕانکاریەکان بەم شێوەیە بوو. مامۆستا جەمال تاهیر وەکو خۆی مایەوە تەنها کاك کۆسرەت لەجێگای حاجی مەمۆ هاتە پێشەوە لەوە بەدواوە هەر شارێك بەرنامەی بۆ ئیش‌وکاری شارەکەی لای خۆی دانا ئێمە وەك کۆمیتەی ئاگر هەستاین بەرێکخستنەوەو پێداچوونەوەی کارەکانی خۆمان لەکەرکوك کە چەندین رێکخراومان دروست کرد رێکخراوی یەك ئیمام قاسم بوو درا بە بەندە (ئەحمەد کرێکار). لەگەڵ کارەکەی خۆم کە لێپرسراوی کۆمیتەش بووم. منیش کارەکانی خۆم بەمشێوەیە دابەش کرد مەلا محیَ دین کادری محەلی‌و سەرپەرشتی رێکخستنی ئیمام قاسم بکات لەگەڵ کۆمەڵێك برادەر وەکو فاروق‌و فەهمی‌و مام عومەرو مەلا رەشادو کۆمەڵێکی تر ناویانم لە یاد نەماوە. ناحیەی قەرەهەنجیرو شوانی سەر خاسە بە مستەفا چاڵاوی سپێردرا وە چەمچەماڵ بەکاك فاتح سابیر سپێردرا وەك لێپرسراوی رێکخستنی چەمچەماڵ رێکخراوی دوو تەپەو رەحیم ئاوا.

بان ساڵەیی‌و شوان و پردێ و دوبز عەلی مغاویر بەرپرسی بوو. لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاورێیان وەك موحەسەن عومەر و نامیق رەسوڵ‌و مەلا فەرمان و مەلا شاخی‌و کۆمەڵێك هاورێی تر .

رێکخراوی سێی شۆڕیجە بەگشتی و لەیلان و داقوق و دووزخورماتوو تا سەر ئاوە سپی مام حەمید لێپرسراوی بوو لەگەڵ حاجی حەسیب‌و عەلی حەسەن، کۆمەڵێك هاورێی تر ناویان نازانم. بەتایبەتی کاك عەلی حەسەن لەسەر ئاوە سپی کادری باشی لەگەڵ بوو کاری زۆر باشیان ئەنجام داوە، رێکخراوێکی ترمان بەناوی خوێندکارانەوە دروست کرد مامۆستا محەمەد حەسەن لێپرسراوی ئەو رێکخراوەو سەرجەم خوێندکارانی کەرکوك بوە رێکخراوی پێنج بەناوی رێکخراوی کاسبکاران بوو مەلا محەمەد دێوانە شەریف سەرپەرشتی دەکرد ئیتر بەم شێوەیە کارەکانمان رێکخستەوە بەڵام لەبەر خۆپاراستن‌و کەشف نەبوون زۆربەی زۆری رێکخستنەکانمان بەشێوەی فەردی‌و زۆر بەنهێنی ئەنجام دەدا ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە زوو باسم کرد وەك لە کەرکوك خەتێکی زۆر چالاکمان هەبوو لەسلێمانی کاك هیوا سەرپەرشتی دەکرد هەروەها تەنها دوای کاك بێستون هەر من (ئەحمەدکرێکار) دەمبینی، پاش ئەوەی بەم شێوەیە رێکخستنەکانمان رێکخستەوەو چەندجارێك لەکۆبونەوەکانمان برادەرانی سلێمانی هەر باسی چالاکی پێشمەرگانەی ناوشاریان دەکرد. توانجیان لێمان دەدا رۆژێکیان کاك سەلیم وتی پیاوی خراپمان بۆ دەستنیشان بکەن ئێمە دێینە کەرکوك بۆ چالاکی منیش وتم زۆر باشە چەند بڵێن پیاوخراپتان بۆ دەستنیشان دەکەین بەڵام ئێمە جێگای حەوانەوەی پێشمەرگەمان نییە ئەوان قبوڵیان کرد ئێمەش لە پیاوخراپەکان دوو کەسی زۆر بێ دەسەڵاتمان بۆ دەستنیشان کردن لەگەڕەکە کوردیەکان پاش دوو مانگ هاتن‌و چوون نەیانتوانی یەك فیشەك بتەقێنن لەدوایدا وتمان برا گیان زروفی کەرکوك خۆمان دەزانین بە چ شێوەیەك کاری تێدا بکەین ئەوە کاری ئێوە نییە لەوە بەدواوە دەستمان کرد بە دروستکردنی

پێشمەرگەی ناو شار بەمەرجێ بەبێ دیاریکردنی کەسی تاوانبار لەلایەن کۆمیتەوە نابێت هیچ چالاکیەك ئەنجام بدرێت هەمووی بە ئاگاداری من (ئەحمەد کرێکار) بێت، مەفرەزەی یەك سەید قادر مەفرەزەی دوو جەنگی، مەفرەزەی سێ مەلا رشاد مەفرەزەی چوار حەسەن خرە. مەفرەزەی سیوچوار مەلا محێ دین ئاگادار بوو زۆر جاریش ئاگادارمانی دەکرد چونکە خۆی پیاوێکی زۆر ئازا و چالاك بوو وە کاتی خۆی هەر پێشمەرگەی ناوشار بوو، زۆر شارەزا بوو لەو بارەیەوە لەو ماوەیە تا مانگی حەوتی ساڵی ١٩٨١ زیاتر لە ١١ چالاکی پێشمەرگانە ئەنجام درا هەمووی زۆر بەباشی بەرێوەدەچوو دوژمن سەری سوڕمابوو بۆی نادۆزرایەوە چونکە هەمووی بەبڕیاری کۆمیتە دەکرا و کەس بەسەربەخۆی کاری نەکردووە . بەڵام لەو ماوەیە خەڵکی زۆر چالاكو دڵسۆز و رۆشنبیرمان گیرا لەوانە مامۆستا حەمید کاکەیی بەشێوەی ئیختیفا کردن بوو لە بازاڕی ئەحمد ئاغای کەرکوك دوای ئەو ئەندام کۆمیتەکەمان بەناوی مەلا محەمەد دێوانە شریف بەهەمان شێوە ئیختیفا کردن بوو. هەروەها یەکێك لە پێشمەرگەکان بەناوی حەسەنە خرە بەڵام حەسەن بە ئاشکرا گیرابوو زوو فریای کەوتین بەپارە ئازادکرا تەنها دوو شەو مایەوە ئەو دوو شەوەش ئەشکەنجەی زۆر درابوو بەڵام هیچ سودی نەبوو دوای ئازادکرا بە پارە. بەڵام ئەو دوو کادرەی تر تا ئێستاش بێسەر و شوێنن.

پاشان مامۆستا محەمەد حەسەن لەلایەن خۆفرۆشێکەوە پیلانی بۆدانرا ئەویش بەهۆی نامەی ئەبو شەهابی خاڵییەوە بوو لە سەرەتای ١٩٨١ یان لە کۆتایی ١٩٨٠ بوو مامۆستا محەمەد گیرا یەکسەر هاتن لەماڵەوە دایکی مامۆستا محەمەد یشیان برد لەو کاتەدا یەك فەردە بڵاوکراوە لەگەڵ تابیعەکەمان و دوو دەمانچە لەماڵی مامۆستا محەمەد حەسەن بوو. بەڵام لەنێوان ئەو چەند کاتژمێرەی مامۆستا محەمەد حەسەن گیراو کە هاتن دایکیان برد خوشکە قارەمانەکانی مامۆستا محەمەد هەرچی لەو ماڵە بوو بەو چەند سەعاتە هەموویان دەرکردو شاردیانەوە کە دوای هاتن

ماڵەوەیان پشکنی هیچیان دەست نەکەوت بەڵام سانیە خانی دایکی مامۆستا محەمەد چەند مانگ سجن کراو ئەشکەنجەیەکی زۆر درا بەڵام بێ سوود بوو. فێری ئەوە بوو بوو کە هیچ نازانم ئاگام لەهیچ نییە بەڵام خزمی باشیان هەبوو واستەی باشیان کرد بۆ ئازادکردنی سانیەخانی دایکی محەمەد حەسەن بەڵام سانیە خانو مامۆستا محەمەد کوڕی زۆر قارەمانو خۆڕاگربوون دوژمن هیچ سودێکی لێیان نەبینی مامۆستا محەمەد حوکم درا.

دوابەدوای ئەوەی عەلی مەغاویر لێپرسراوی دوو، فاتح سابیر لێپرسراوی چەند شانەیەکی رێکخستن لە چەمچەماڵ هەردووکیان لە یەك رۆژ گیرانو بران بۆ ئەمنی کەرکوك بەراستی زۆر وەزعمان خراپ بوو نەمانزانی لەسەر چی گیراون ئایا کەس ناویانی داوە یان بەبێ ناو هاوردن یان بەشوبهە گیراون هەرچاوەڕوان و خەریکی خۆشاردنەوە و خۆپاراستن بووین تا ١٩٨١/٧/٢٦ لەناکاو عەلی مغاویر ئازادکرا دوو رۆژ چاوەروانم کرد بزانم هیچ خەبەرێکم بۆ دەنێرن یا نا ئیتر نەمتوانی چاوەڕوان بکەم بۆیە خوشکە وەردەی هاوسەری مام حەمیدمان نارد بۆ ماڵیان کە جێگایەك دیاری بکەن تا ببینین وەڵامی دایەوە جارێ مەجالم نییە هەر ئەو رۆژە بۆ جاری دووەم خوشکە وەردەم نارد بۆ ماڵیان پێی بڵێت جێگا دیاری بکات یان دێم لەماڵی خۆیان هەندێ پرسیاری لێدەکەم ئیتر بواری نەماو وتبووی سبەینێ واتە رۆژی دوایی لەماڵی مام حەمید لە سەعات دوو نیوی دوای نیوەڕۆ دەمبینێ، منیش رۆژی دوای پێش مەوعیدەکە بە یەك چارەکە سەعات لەوێ دانیشتم تا هات لە پەنجەرەکەوە سەیرم کرد هاتە حەوشەوە دزداشەیەکی درێژی لەبەردا بوو تەزبیحێکی درێژی قەزوانی بەدەستەوە بوو بەڵام سەیرم کرد هیچ زەعیف نەبووبوو تەنها رەنگی سپی بوو هەر چاوم پێکەوت ترسام لە ژورەوە هاتمەوە ناو حەوشەکە و گەیشتم پێی بە پێکەنینێکی دروستکراوەوە پێم ووت خەڵکی سجن لاواز دەبێت بەڵام تۆ ماشەڵا قەڵەو بوویت دەڵێی هەر خەوتوویت وەڵامی دایەوە ووتی خەوی چی بەخودا یەك

زلـەیان لێـداوم ئـاگر لەچـاوم دەرچـووە کـە گـوێم لـەم قسـەیە بـوو لـەدڵی خـۆم وتم پیاوێك ٢٦ رۆژ لە ئەمنی خاسـەی کـەرکوك سـجن بێـت یـەك زلـەی خواردبێـت ئـیتر خوا رەحم بـەحاڵمان بکات بـە هـەرحاڵ دانیشـتین زیـاتر لـە پـانزە پرسـیارم لێکـرد لەسەر شێوەی گرتنەکەی و ئـازادکردنی ئـەو پرسـیارانەی لێکـرا ناوێکیـان لێپرسـیوە زۆر شـتی تـر لەگـەڵ پرسـیارەکانی لـەدەمی دەرچـوو بـەمنی ووت تـۆش دەگیرێیـت منـیش یەکسـەر هەسـتامە سـەرپێ وتم ئەگـەر بگیرێـم ئـەوا ئەرۆمـە دەرەوە خـۆم بـەگرتن نـادەم وەڵامـی دامـەوە وتـی دانیشـە بـەخوا تـۆ بڕۆیـت منـیش دەگرنـەوە یەکسەر منیش هاتە سەرم وتم ئەگەر بـزانم تـۆ دەگـرن چـۆن دەچمەوە دەرەوە  بـا بمگرن چیە وتـی هـیچ نیـە چـەندی پرسـیارت لێدەکـەن و هیچـی تـر منـیش دڵنیـام کردەوە کـە نارۆمـە دەرەوە ئەگـەر لـە سـێدارەش بـدرێم ئـیتر بڵاوەمـان کـرد و لـەوە بـەدواوە مەگـەر بـە دزییـەوە بچومایەتە مـاڵی خۆمـان بـۆ رۆژی دوای رۆیشـتم بـۆ سلێمانی مامۆستا (جەمال تاهیر و کاك سەلیم سەر سپی)م بینی هەموو شـتەکانم بـۆ بـاس کـرد لەوەڵامـدا مامۆسـتا جـەمال وتـی لەسـەری مـەڕۆ ئـەو بـرادەرە کلێشـەی رێکخستنی تەسلیم بە ئەمن کردووە خۆشی وەعدی داوە لەگەڵیان ئیش بکات منیش وتم خۆ هەموو رێکخستن ناناسێت مامۆستا جەمال وتـی ئەوەنـدەی بناسـێت داوێتـی بـە ئـەمن خـۆ ئێـوە دەناسـێت وتم بـەڵێ ئـەی بۆچـی تـا ئێسـتا نـەگیراوین مامۆسـتا جەمال وتی ئەوە سەعاتی سفریان داناوە هەمووتان بە یەك شەو دەگـرن منـیش وتم ئەی چی بکەین وتی لەگەڵ کاك سەلیم بچنە کەرکوك بە هەردووکتان کۆمیتەیـەکی نهێنی دروست بکەن  تۆ دەور و تەسلیم بکە و دووربکەوە لە رێکخستن و ئەوەی ئەو برادەرە دەیناسێ با بچنە دەرەوە یان خۆی بشارێتەوە و تۆش بەهەمان شێوە منـیش وتم من دەبم بە پێشمەرگە ناچمەوە ناو شـار وتـی زۆر باشـە جـاری بـڕۆن ئـەو کـارە بکەن. من و کاك سەلیم هاتینە کەرکوك چووینە ماڵی مامۆستا کاکە رەش بەتەواوی مەوزوعەکـەمان باسـکرد تـەکلیفمان کـرد ببـێ بـە لێپرسـراوی کۆمیتـەی ئـاگر کـاك

عومەر قادر و کاك ئەسعەد ببێ بە کارگێر وە مامۆستا کاکە رەش قبوڵی کردو بەشێوەی نوسین لەسەر وەرەقەکە شێوەی رێکخستنەکان چۆنەو ئەو پەیوەندی بە کێ وە بکات.

هەموو شتەکانمان دەستنیشان کرد. کاك عومەر قادر و کاك ئەسعەدو خوشکێکی کاك عومەر قادر هەرسێکیان بەشداری یەکەم کۆنفرانسی کۆمەڵەیان کرد بوو لە مالیمۆس لەکاتی گرتنەکەشیان پرسیاری ئەو کۆنفرانسەیان لێکردبوون. ئیتر من چووم بەسەر ئەو برادەرانە گەرام و وەزعەکەم تێگەیاندن ئەوەی عەلی مغاویر دەیناسێت بڕواتە دەرەوە یان خۆی بشارێتەوە. ناونیشانمان دانا کە برادەرێك هات بەم ناوە یان بەم ناونیشانە پەیوەندی پێوەبکەن بەڵام کاك سەلیم بە مامۆستا کاکە رەشی ووت پەلە نەکەن بەڵام ئێمە چوار مەفرەزەی بچوکمان هەبوو دوو کەسی یان سێ کەسی بوون بەڵام زۆر ئازا و قارەمان بوون هیچ سڵیان لە دوژمن ناکردەوە. مەفرەزەی یەك سەید قادر لەگەڵ برادەرێکی خۆی مەفرەزەی دوو جەنگی و فەرهاد مەفرەزەی سێ حەسەن خرە و جەبار ناوێك بوو مەفرەزەی چوار مەلا رەشادو برادەرێکی تر بوو بەڵام مەفرەزەی حەسەنە خڕە و مەلا رەشاد محێ دین سەرپەرشتیاری دەکرد تەنها بڕیاریان لە کۆمیتە وەردەگرت. سەرجەم پێشمەرگەکانی ناو شار چوار دەمانچەی میکارۆف و حەوت دەمانچەی چواردەخۆر و یەك دەمانچەی گوڵت و یەك دەمانچەی ستار و یەك دەمانچەی بێدەنگیان لەلا بوو تەنها بە ناونیشان تەسلیم بە مامۆستا کاکە رەش کرا ئەو دەمانچەکانی نەبینی ئیتر من خواحافیزیم کرد و رۆیشتم بۆ نزیك ماڵی خۆمان چونکە یەك هەفتە بوو منداڵەکانم ناردبووە دەرەوە تەنها خۆم و دایکم لە کەرکوك مابوینەوە. ئێوارە چوومە چایخانەیەکی نزیك گەرەکی خۆمان دانیشتم چایەکم خوارد و برادەرێك بەناوی عادل کامیل هاتە تەنیشتمو دانیشت دەستمان کرد بەقسەکردن لەناکاو هەستاو رۆیشت لەخوار ئێمەوە سی ئەفەندی دانیشتبوون چووە لای ئەوان بەڵام من

نـەمزانی ئـەو ئەفەندییانـە کـێن دوای یـەك سـەعات ئـەوان ڕۆیشـتن مـن هـەر دانیشتبووم عـادل گەڕایـەوە لای مـن وتـی ئـەو سێ ئەفەندییـە ناناسـیت منـیش وتم نەوەڵلا وتی ئەوە هەرسێکیان ئیستیخباراتن وتم ئینجا چییە باهەر شتێك بن. وتـی ئاخر لیستێکیان پێ بوو ناوی دە کەسی تێدا بوو یەکەم ناو ناوی تۆیە بۆ گـرتن کـە وای وت زانـیم ڕاسـت دەکات بـەڵام خـۆم تێك نـەدا وەڵامـم دایـەوە وتم وا نییـە مـن پیاوێکی ئەوەنـدە گـەورە نـیم وا بەدوامـدا بگـەڕێن خـۆ مـن لـە دائیـرەم ئـەی بۆچـی لەدائیرە نامگرن مەبەستم بوو ئـەو واهەست نـەکات مـن ئـەمری گـرتنم هەیـە دوای وتـی بەسـەری برایـەتیمان وایـە ئـەوە ژمـارەی دەرگـای ماڵەوەتانـە داوایـان لـێم کـرد هاوکاریـان بکـەم بـۆ دۆزینـەوەیان بـەڵام مـن وەعـدم نـەداوە بـەڵام مـن هـەر نـەم سەلماندن. خۆم لێ گێل کرد ئێـوارە دوای نوێـژی مغریـب چومەوە بـۆ ماڵەوە بۆ لای دایکم سەیری دەرگاکەم کرد ژمارەکە تەواو بوو عـادل زۆر ڕاسـتی کـرد ئـیتر هەنـدێ نانم خواردو خواحافیزیم لە دایکم کرد چووم بۆ ماڵی زاوایـەکی عـادل هـەبوو نـاوی عومەربوو. یەکێك بوو لەڕێکخستنەکانی خۆمان شـەو لای ئـەو مامـەوە شـتەکانم بـۆ گێڕایـەوە بەتایبـەتی ئـەو مەوزوعـەی عـادل باسـی کـرد بـەکاك عومـەرم ووت مـن بەیانی زوو دەڕۆم تۆ بچۆ بە عادل بڵێ ئێمە ئیشێکی کارەبایمـان گرتـووە لەحەویجە بەیەکەوە ئـیش دەکـەین، عـادل بنێـرە بچێتو لای ئـەو سـێ ئەفەندییـە پێیـان بڵـێ ئیشتان لەگەڵ دەکـەم بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو ناوانـە بـەڵکو ئـەمجارە سـەیری لیستەکە بکات بزانێ ناوەکان کێی تێدایە تا ئاگاداریان بکەینەوە ئەگـەر ئـەنجامی هـەبوو وەرە بۆ گوندی چاڵاو چونکە من چەند ڕۆژێکی تر لەو نـاوە دەمێنمـەوە تـا جێگایـەك بـۆ مناڵـەکان دابـین دەکـەم بـەڵکو تـۆ وەڵامـم بدەیتـەوە. ئـیتر بـەیانی زوو هاتمـە چەمچەماڵ لـەدەرەوەی چەمچـەماڵ دابـەزیم بەلاڕێدا ڕۆیشـتم تـا چاڵاو پـاش یـەك هەفتـە کـاك عومـەر خەبـەرێکی هێنـا و هـات بـۆلام وتـی کـاك عـادل ئـەو سـێ ئەفەندییـەی بینـی وە ئامـادەیی خـۆی نیشـان داوە بـۆ هاوکـاریکردن لەگـەڵیان تـا

لیستەکە ببینێ بەڵام ئەفەندیەکان پێیان وتووە پێویستیمان بەکەس نییە چونکەخۆمان هەموویانمان دۆزیوەتەوە هەموویان دەگرین لە سەعاتی سفردا عادل وتوویەتی ١٠٠٪ دەگیرێت با ئاگای لەخۆی بێت. منیش وتم کاك عومەر خۆت دەزانی مەبەستمان ناوەکان بووە ئێستا من پێشمەرگەم لە ١٩٨١/٨/٢٠ بە یەکجاری کەرکوکم بەجێهێشت بەڵام لە ١٩٨١/١٠/١٧ بەعس دەستی کرد بەگرتنی هاوڕێیانی ڕێکخستن لەکۆمیتە تازەکە تەنها مامۆستا کاکە ڕەش دەرباز بوو ئەوان تر گیران.

لەمانگی ٨ ی ساڵی ١٩٨٢ کاك ئازاد هەورامی لە ناوەندی کۆمەڵە هاتە خوارەوە ئەوکات کاك عەلی بچکۆل لەخوارەوە بوو. وتی ناوەند منیان ناردووە بە هەرسێکمان هەوڵ بدەین ڕێکخستنەکانی کەرکوك دروست بکەینەوە من وتم ئێستا ئێمە پێشمەرگەین دوورین لەشارەوە هیچ زانیاری ئەوتۆمان نییە نازانین کێ بەسەلامەتی ماوەتەوە. کاك ئازاد وتی ناکرێت هەروا بمێنینەوە هەر دەبێت خۆمان چارەسەری بکەین بەهەرحاڵ ڕێکەوتین کاك ئازاد ووتی من دەنێرم برادەرێك هەیە لە شۆڕیجە بێت کاك عەلی وتی منیش دەنێرم بەدوای برادەرێك بێت دوای منیش وتم دەنێرن برادەرێك هەیە ئێوەش دەیناسن بەڵام تا نەیەتە ئێرە پێتان ناڵێم کێ یە بەڵام پێم باشە بەجیا جیا بیانبینین کە ڕازی بوون ئەوکات بەیەکیان دەناسێنین‌و تەشکیلاتیان بۆ دەکەین ئەوەی کاك عەلی بچکۆل هات سەیرم کرد سامانی حاجی ئەحمەد چەمچەماڵی بوو ئەوەی کاك ئازاد هات سەیرم کرد کوڕێکی گەنجی شۆڕیجە بوو بەناو محەمەد ناوی تەواوی نازانم لەبیرم نەماوە منیش ناردبووم بە شوێن مامۆستا عبدالقادر عومەر مامۆستا قادر پیاوێکی سیاسی ڕاستەقینە بوو لەشۆڕشی ئەیلول کادری سنوری کفری بوو وە ئەندامی ناوچەی کفری بوو بەڵام هەر زوو ببوو بە ڕێکخستنی کۆمەڵە لە دوای هەرەس گەڕایەوە ناردیانە خواروو دەوروبەری عەمارە بەڵام پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ و نەترس بوو جارێکیان هات ووتی چی دەڵێن لە عەمارەوە بگەڕێمەوە وتم مامۆستا بەعس هەروا بەئاسانی نایەڵێ تۆ

بێیتەوە بۆ کەرکوك وتی ئاخر وەزیفەم ناوێ منیش وتم پێم باشە کاك عەبدولرەزاق ببینێت لە پێشا بگەڕێتەوە بۆ هەولێر بە وەزیفەکەتەوە ئەوەی پێ باش بوو دوایی گەڕایەوە بۆ هەولێر بەڵام لەبەرئەوەی لەدەرەوە بوو وەکو کادر پاشان لەخوارووی عێراق بوو دوایی هاتە هەولێر هەندێك دەرکەوتبووەوە لەکەرکوك رێکخستنەکانی ناو شاری کەرکوکی بە باشی ناسی دوای کە هاتە چەمی سورقاوشان کاك ئازاد و کاك عەلی بینیان ووتیان بەراستی ئەوەی تۆ دەستنیشانت کردبوو بەدڵی هەموومانەو برادەری هەموومانە هەر دەبێت ئەم بێت بە مەسئولی کەرکوك. بەهەرحاڵ هەرسێکیان بە جیاجیا بینران قبوڵیان کرد ئیش بکەن کاك ئازاد نامەیەکی نارد بۆ رێکخراوی سلێمانی مامۆستا قادری دەست نیشان کرد وەك لێپرسراوی رێکخراوی کەرکوك ئیتر مامۆستا قادر سەر لەنوێ رێکخستنی لە کەرکوك دروست کردەوە ئێمەش ئەوەی بۆمان کرا هاوکاریمان کرد.



شێرزاد حافظ ـ ئەحمەد کرێکار ـ مام ڕۆستەم ـ ساڵی ١٩٨٤ گوندی سەرچنار



ئەحمەد کرێکار لەگەڵ مامۆستا شەرمنی شەهید شوانی تەنسیق
ساڵی ١٩٨٤ لەگوندی عەسکەر



ئەحمەد کرێکار ـ فەرهادە سوور



سالّی ١٩٨٣ ئەحمەد کرێکار ، فەرهادە سور، شەهید ئامانج چالّاوی
ناوچەی شوان



ئەحمەد كرێكار، عادل عەلی، سەلاح رەنجدەر، دوو كارمەندی رادیۆ
رادیۆی كەركوك ساڵی ١٩٩٧ تەكیە ـ مەڵبەندی كەركوك



ئەحمەد كرێكار ، شەوكەتی كوێخا شەریف، مستەفا چالاوی، فەرهادە سوور
گوندی سەیدان ـ ساڵی ١٩٨٣



**ئەحمەد کرێکار ، گوندی چاڵاو ساڵی ١٩٨٣**




**ئەحمەد کرێکار ، شێرزاد حافظ ، شەهید مامۆستا قادر، شەهید مامۆستا شێرزاد**
**مێرگە پان ـ ساڵی ١٩٨٤**



**ساڵی ٢٠١٣ ـ سلێمانی**



**ئەحمەد کرێکار، سیروانی کوێخا نەجم، مستەفا چاڵاوی، مەلا شێخە، کۆمەڵێك هەڤاڵی تر بەیادی رۆژانی پێشمەرگایەتی، دەوروبەری کەرکوك ـ ساڵی ٢٠١٤**

# یاری مەرگ و ژیان
# لەناو ڕێکخستنە نهێنییەکاندا

**بێستون سابوراوایی**

# پرۆفایل

**دانیشتوی: سلێمانی - بەکرەجۆ**

**پەیوەندی پێشمەرگایەتی: ١٩٨٠**

**خوێندن: پەیمانگای ئیدارە + ماستەری ئابوری + مامۆستای زانکۆ**

**زمانزانین: عەرەبی+ فارسی + ئینگلیزی + زاراوەکوردیەکانی لوڕێ و کرمانجی..**

**نوسین: نووسەر لە بواری رێکخستن و کاری رێکخراوەیی+ سۆسیال دیموکراسی+ سیاسەت و ئابوری..**

**پلە:**

**– ئەندام کەرتی رێکخستنی دووکان ١٩٨٤**

**– رابەرسیاسی تیپی ٢٣ی سورداش ١٩٨٦**

**–لیپرسراوی رێکخستنی تیپ ١٩٨٧**

**– ئەندامی کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت {پارتیزانەکان}١٩٩٠**

**–لێپرسراوی رەتڵی سورداشی پارتیزانەکان شوباتی ١٩٩١**

**– لێپرسراوی راپەڕینی دووکان پیرەمەگرون ئازاری ١٩٩١**

**– جێگری هێزی ٥ ی سلێمانی شوباتی ١٩٩٢**

**– ئەندامی مەڵبەندی پێشمەرگە ١٩٩٢**

- جێگری کۆمیتەی باڵای سەربازی کەرکوک، پاشان سلێمانی ١٩٩٣
- لێپرسراوی شوعبەی هوشیاری نیشتیمانی هەیئەی ئەرکان ١٩٩٤
- کارگێڕی مەڵبەندی پێشمەرگە ١٩٩٥ و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی هەیئەی ئەرکان..
- جێگری مەڵبەندی پێشمەرگە ١٩٩٩
- یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ٢٠٠١
- لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی دووکان ٢٠٠٦
-ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی ناوەند ٢٠٠٩
- ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن ئازاری ٢٠١٣
- لێپرسراوی بۆردی ناوەندی پێگەیاندنی کادرانی یەکێتی ئەیلولی ٢٠١٤

– تـەنها ئەوەنـدەم بیردێت، لەبـەکرەجۆ بـووین بـوو بەئاهـەنگو خۆشـی لـەناو خەڵکدا وتیان عەبدولسەلام لەتەیارەدا سوتاوە... دوایـی لەتەمـەنی گـەنجیم دا زانـیم کە ئەو عەبدولسەلامەی لەتەیارەدا سوتاو مرد، ئەو سەرکۆمارە خوێنرێژە بەعسییە بوو کە تینووی لەناوبردنی گەلی کورد بوو ساڵەکەشی ١٩٦٦ بوو.

ـــ ســـاڵانی شەســـتەکانیش بـــیرەوەری زۆری بـــۆ دروســـتکردووم، بەتایبـــەتی پێشمەرگەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی، کە تیایانـدا شـەهید عـەلی عەسکەریم لـەبیرە، دەهات بۆ ماڵی مامم. مامە قادرم (خوا لێی خۆش بێت) لەگەڵ خزمو کەسـوکارماندا هەموو پارتی بـوون، بـەڵام کـە زانیـان بـەڕێز مـام جـەلالو شـەهید عـەلی عەسـکەری جیابوونەتەوەو چەکدارو پێشمەرگەی خۆیان درووست کـردووە، دەرگای ماڵـەکانیان ئاوەڵاکرد بۆ لەخۆگرتنو میوانداریو پێشمەرگایەتی لەگەڵیاندا.[1]

ئێمە لە بەحراویەکانی سنووری قەزای دووکـانین. خـەڵکی گونـدی (گـەڵنێری)یـن کە ئێستا کەوتووەتە ژێر ئاوی دووکانو لەجێگاکەی گونـدی (گـردە سـوران) دروسـت کراوە. (گردە سوران) یـەکێك بـووە لـەگردە بەناوبانگـەکانی گونـدی گـەڵنێریو هـەر ئەوساش تاقە ماڵەیەکی گەڵنێری لەوێ بووە.

لەگەڵ تەواوبوونی بەنداوی دووکانـدا سـاڵی ١٩٥٩ هـەموو  گونـدەکانی ئـەو سـنورە کـە ژێـر ئـاو کـەوتوون گوازراونەتـەوە بـۆ ناوچـە دوورو نزیکـەکانی سـنوری قـەزای دووکانو دەوروبەری، ژمارەیەکی زۆر لەو ماڵانە بەر گوندی بەکرەجۆ کـەوتوون، کـە تاکو ئێستاش پێیان دەڵێن بەحراویەکان.

---

١- ئەو بنەماڵانەی لەبەکرەجۆدا بە جەلالی بەناوبانگ بوون لەو کاتەدا، جگە لەبنەماڵەی ئێمـە (کاکە حەمەی شێخ مـەلا ئەحمـەدی گـەڵنێری)، بنەماڵـەی (حـاجی ئـەولا خولـە)ش کـە ئـەوانیش گەڵنێرەیی بوون، جەلالیەکی توند بوون.

بـەڵام لەبەرئـەوەی گەڵنێریـەکان بەشـێکی زۆری بەحراویـەکانی بـەکرەجۆ و سابوراوایان پێکدەهێنا لەهەردوو شوێنەکە زۆرجار لەجیاتی وشەی (بەحراویەکان)، وشەی (گەڵنێریەکان)[٢] بەکاردەهێنرێت.

ماڵی باوکم (حاجی عەبدولڕەحمانی کاکە حەمـە) بەتـەنها بـەر گونـدی سابوراوا کـەوتن. لـەوێ ئیسکان کـران‌و خانوویـان بـۆ دروسـتکرا و ٢٤ دۆنم زەوی (بـەراو) و (پشتاو)یان بۆ دیاری کرابوو.. بەڵام چونکە مـاڵی مامـەکانم هـەموویان لـە بـەکرەجۆ خـانوو و زەوییـان پێـدرابوو. ئـەو خـانوو زەوییـەی لەسـابوراوا وەکـو قـەرەبوو دیاریکرابوو هیی باپیرم (کاکە حەمـە) بـوو. چوونکە بـاوکم‌و بـاپیرم ئەوسا پێکـەوە دەژیان‌و باوکم لەوان جیا نـەبوو بـووە، کاتێـك لێیـان پرسـیون دوو مـاڵن یـان یـەك‌و سـوێندیان داون، ئـەوانیش وتبوویـان یـەك مـاڵین بۆیـە هـەر یـەك قـەرەبوویان وەرگرتبوو و زەرەرمەند بوو بوون...

باپیرم ناتوانێ لەدووری کوڕەکانی تری بژی. بۆیە ساڵی ١٩٦١ سابوراوا جێدەهێڵن‌و بەماڵـەوە دێنـە بـەکرەجۆ و هـەر لەبـەردەمی مـاڵی مامـەکانم خانوویـەکی گـەورە لەخشتی قووڕ دروست دەکەن و، ئیتر ئێمەش دەبینە بەکرەجۆیی تاکو ئێستا.

خوێندنی سەرەتاییم لەبەکرەجۆ تەواو کردووە، لەو مامۆستا بەڕێزانەش کە خۆم زۆر بەقەرزاریان دەزانم‌و خزمەتی منداڵانی بەکرەجۆیان کردووە:

١- مامۆستا لەتیف ئەسکەندەر (بەڕێوەبەرو مامۆستای ئینگلیزی) بوو.

٢- مامۆستا بابە عەلی، مامۆستای زانست بوو.

---

٢- کە هاتینـە بـەکرەجۆ وشـەی (گـەڵنێری) بڵاوبـووەوە. لەبەرئـەوەی بەحراویـەکان لـەزەوی‌و دەشتەکانی بەکرەجۆییە ئەسڵیەکانیان پێدرابوو و هەموومان چووبوینە سـەر ورگـی ئـەوان. بۆیـە بەکرەجۆییـەکان بەچـاوی داگیرکـەر تەماشـایان دەکـردین و شـەڕیان پێدەفرۆشـتین و وشـەی (گەڵنێری)یان وەکو جنێو پێدەگوتینەوە، بۆیە ئێمەش بە گەورە و منداڵەوە هـەردەم لەسـەنگەردا بووین دژی ئەوان. من لەچـەندین لاوە لەشـەڕی منداڵە بەکرەجۆییەکانـدا سـەرم شکاوە و سـەری زۆریانم شکاندووە کە ئێستا براو کەسوکاری ئازیزمن.

٣- مامۆستا حەسەن تەنیا، مامۆستای وێنە بوو.

لەگەڵ چەندین مامۆستای بەڕێزی تر کە ئێستا ناوەکانیانم لە یاد نەماوە.

خوێندنی ناوەندیم لە سلێمانی تەواو کردووە. لە (ناوەندی وەتەن) کە ئەوسا مامۆستا عومەر بچکۆل بەڕێوەبەر بوو...

لەساڵی ١٩٧٤ لەپۆلی یەکەمی ئامادەیی بازرگانی بووم، مامۆستای تێکۆشەر و نەمر مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت بەڕێوەبەر بوو... لەمانگی ئازاری ئەو ساڵەدا و لەدوای خوێندنەوەی بەیانی پرۆژەی حوکمە زاتییەکەی حیزبی بەعس ڕۆژێکیان هاتینەوە بۆ دەوام، بینیمان ئامادەییەکەمان پڕ بووە لە ئەمنو پۆلیس.. زانیمان کە شەوی رابردوو هەموو ئامێرەکانی تایپ کە زیاتر لە ٤٠ ئامێر بوون دزرابوون..

ئەوکاتە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا کارم دەکردو دوو ساڵ بوو لەریکخراوی بەکرەجۆشدا ئەندامی پارتی بووم.. کە زانیمان هەڵوێستی پارتی بەرەو هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەچێت هەموان خۆمان بۆ چوونە دەرەوە ئامادەکرد. ئیتر هێندەی پێنەچوو چوونەدەرەوەی بەکۆمەڵ دەستی پێکردو ئامادەییەکەی ئێمەش بە قوتابیو مامۆستاوە لەدوای ٢٠ی ئازارەوە چووینە دەرەوە بەمەبەستی خوێندن.. سەرەتا ئێستگەی شۆڕش بانگەوازی کرد کە ئامادەیی بازرگانی لە ئامێدی کراوەتەوەو هەموو خوێندکاران بچن بۆ ئەوێ. ئیتر کۆچی بەکۆمەڵی قوتابیەکانی ئامادەییەکەی ئێمە رووی کردە ئامێدیو بۆ خوێندکارانی زانکۆش شاری قەڵادزێ دیاری کرا...

ئێمە هەموومان لەسلێمانیەوە بە شێرکوژدا رۆیشتین بۆ دۆڵی هەناranو دۆڵەڕووتو بەرەو ماوەتو کونەماسیی رۆیشتین و لەوێشەوە بەرەو پشدەرو بادینانو ئامێدی.. کە گەیشتینە ئەوێ ئیستگەکە رایگەیاند کە قوتابیانی بازرگانی سلێمانی بچن بۆ هەڵەبجە، لەوێ ئامادەیی بازرگانی کراوەتەوە. لەو ماوەیەدا زۆر

ماندوو بووین چونکه سەختی ژیانی لەوجۆرەمان نەبینیبوو نەماندەتوانی رۆژانە هێندە رێگا ببڕین..

رۆژی ٢٣ ی نیسانی ١٩٧٤ لەرێگای گەڕانەوەمان لەبادینانەوە گەیشتینە رانیە شەو لەوێ ماینەوە..پێش نیوەڕۆی ٢٤ی مانگ چەند فڕۆکەیەکی جەنگی بەسەر شاری رانیەدا زۆر بەنزمیو بێ ترس تێپەڕین رووە و قەڵادزێ.

لەچەند خولەکێکدا بەهەمان شوێندا گەڕانەوە.. پاش ماوەیەکی کەم هەواڵی بۆردومانی شاری قەڵادزێ هاتو، ئیتر شاری رانیە چۆڵی کرد. ئێمەش بەهیوای خوێندن بەرەو هەڵەبجە بەڕێ کەوتین.

ڕۆژی ٢٦ی نیسانی ١٩٧٤ گەیشتینە مێرگەپان لەگوندی شەدەڵە. هەر لەوێ لەڕێگای ئێستگەوە زانرا کە هەڵەبجەش بۆردومان کراوە. ماڵی باوکم بۆ خۆشاردنەوە هاتبوونە مێرگەپان، کە ئەوانم دۆزیەوە لای ئەوان مامەوە و گوێم هەڵخست بۆ دەنگوباسی نوێ.

پاش چەند رۆژێك لەئیستگەی شۆڕشەوە بانگەواز بۆ قوتابیان کرا بچن بۆ پێنجوێن بۆ خوێندن. منیش لەگەڵ چەند کەسێکی تردا ملم پێوەنا. کە گەیشتینە پێنجوێن، بردیانین بۆ (ئۆردوگای شەهید لەیلا) کە یەکێتی قوتابیان کردبوویەوە.

ئەوانەی سەرپەرشتی ئۆردوگایان دەکرد شەهید جەباری حاجی رەشیدو شەهید ئارام و محەمەد جەزا و ئەحمەد عەسکەریو چەند کەسێکی تر بوون.. لەوێ مامۆستاو کتێبیان بۆ دابینکردینو دەستمان کرد بەخوێندنی ئاسایی خۆمانو ساڵی خوێندنمان تەواو کردو تاقیکردنەوەکانیشمان ئەنجامداو دەرچووم بۆ دووی بازرگانی.

ژیانمان لەئۆردوگای شەهید لەیلا زۆر ئاسایی دەگوزەرا، مانگی سێ دینارمان وەردەگرت، لەگەڵیدا راهاتبووین. بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن هیچ شتێك ئامادە

نەکرابوو. بۆیە لەگەڵ دوو برادەری ترم دا کە ناویان (غاندی)و(دەروێش)[٣]. بوو بەدڵ بووین بە (کاژیك)[٤] و چوین لەلای فەتاحاغا کەوا بلاو بوو لەسەری ئەندامی کاژیکەو فەرماندەی هێزی (خەبات)یش بوو لەسنوری دەڤەری پێنجوێنو لەلای ئەو بووین بە پێشمەرگە.

هۆی سەرەکی ئەوەی کەبووین بە پێشمەرگە ئەوە بوو، ئەو برادەرانەی سەرپەرشتی ئۆردووگای شەهید لەیلایان دەکرد نەك هەر دژی بیروباوەڕی پارتی بوون، بەڵکو دژی بیروباوەڕی (کاژیك)یش بوون.. ئێمەش وەکو کاژیك قسەمان دەکردو پارتی زۆر گوێ ی بەوە نەئەدا.. بەڵام برادەرانی سەرپەرشتیاری ئۆردوگا[٥] ئەوەندەی دژی کاژیك بوون هێندە دژی پارتی نەبوون.. هەر لەو ماوەیەشدا کاك غاندی کتێبیی (کفاحي) هیتلەری بۆ هێنابووم لەئۆردوگا دەمخوێندەوە. دیار بوو پێم زانرابوو بۆیە رۆژێك لەسەرپەرشتیاری ئۆردوگاوە هەرسێکمان بانگ کراینو

---

٣- دواتر بۆم روون بووە وە کاك غاندیو مامۆستا دەروێش ئەندامی راستەقینەی کاژیك بوون. لەشۆڕشی نوێ دا کاك غاندی ئەندامی سەرکردایەتی (پاسۆك) بوو کە لەسەر مێژوو و کەلتوری (کاژیك) دروست بوو بوو. بەبێ ئەوەی بەشێوازی رێکخراوەیی بووبێتم بە کاژیك، لەژێر کاریگەری ئەواندا بووم و کاژیکم لەلا بووبووە رەمزێکی پیرۆز.

٤- کاژیك، کورتکراوەی (کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوە و یەکسانی کورد) بوو، کە رێکخراوێکی ناسیۆنالیستی توندڕەوی کوردی بوو لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە لەناو پارتیدا بەنهێنی کاری کردووە تاکو ئاشبەتاڵی ١٩٧٥. لەشۆڕشی نوێ دا بوو بە پاسۆك (پارتی سۆسیالیستی کورد) و هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی تایبەتی خۆی هەبوو لەشۆڕشدا. لەدوای راپەڕینەوە دەنگیان نەما..

٥- دوای ئەوەی لەشۆڕشی نوێ دا بووم بەپێشمەرگە و هەندێ برادەری ئەوسام لەپێشمەرگایەتیدا بینیەوە زانیم ئەو کاك شاسوارە و جەبار رەشیدە کێ بوونو چی بوون کە سەرپەرشتی ئۆردوگایاندەکرد.. کە دیارە شاسوار، شەهید ئارام بوو. جەباریش، شەهید جەباری حاجی رەشید بوو.

لێکۆڵینەوەمان لەگەڵداکرا. پێیان وتین: جنێوتـان بـە بـارزانی داوە. دەبـێ لـەئۆردوگا بڕۆن.[٦]

له ٢٥ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥دا، بەدڵی پڕ خـەمو چاوی بەگریانـەوە، لەگـەڵ ئـاپۆرەی جەماوەری رووخاوی خەڵكو پێشمەرگەدا، هاتینەوە ناو شارەکان.. لەشـاری سـلێمانی دا حکومــەتی بــەعس لیژنــەی (عائـدون)ی دروســتکردبوو لــەبینای (متەوەســتەی وەتـەن) کـە دوای راپـەڕین بـوو بـەبارەگای رێکخـراوە دیموکراتییـەکانی (ی.ن.ك).. منیش وەکو خەڵك رۆیشتمه ئـەوێ و خۆمناسـاند و وەرەقـەی (عائـدون)م وەرگـرت.. لەگێژاوی ئەو هەموو خەمو دەروونشكاویەدا، رووم لەبازاڕ كردو پارەی کەبابێكم پێ بـوو، رۆیشـتم لـە کەبابخانەیـەك دانیشـتمو داوای یـەك کـەبابم کـرد. کـە تـامی ئـەو کەبابەم هەرگیز بیرناچێتەوە..

دوای ئەوە چوومەوە بۆ خوێندن لەئامادەیی بازرگـانی، کـە بینایەکـەی لەگـەڕەکی جولەکانـەوە گواسـتبوویەوە بـۆ گـەڕەکی پیرەمێـرد (هـەمان شـوێنی ئێسـتا) ٢٠١٢. و

---

[٦] - یەکێك لەئەندامانی لیژنەکە کاك ئەحمەد عەسکەری بوو.. له شۆڕشی نوێ دا بۆی باسـکردم کە ئەوسا ئەو توهمەیان لەسەر ئەوە بۆ دروست کردبووین کە وەکو کاژیك قسەمان دەکـرد و بـیری نەتەوەییو ناسیۆنالیستی توندڕەوانـەمان بڵاودەکـردەوە و دژی بـاوەڕی مارکسـیەت و کۆمۆنیسـتی بووین زیاتر لەپارتی خۆی...

هـەر ئـەوسـا كاتـێ لیژنـەیان بۆدانـاین کـاك ئەحمـەد عەسـکەری پـێ ی وتم دەزانم تـۆ خزمـی خۆمانی بۆیە مەسەلەکە گەورە ناکەین.. خۆتان لەئۆردوگا بڕۆن باشـترە ئـەگینا بـەرزی بکەینـەوە بۆسەرەوە ئیعدام دەکرێن. پێی وتم ئێوە له نانەواخانەکەش منتان گرتووە کـە دەزانـن پێشـمەرگە لەشەڕدایە.

(راستی دەکرد. چونکە ئەوکاتـە هەرسـێکمان، مـنو غانـدیو دەروێـش لەنانەواخانـەی ئۆردوگا بەکرێ نانمان دەکـرد، بـەڵام لەبەرئـەوەی کـرێ یەکـەمان کـەم بـوو داوای زیاترمـان دەکـرد مانمـان گرتو نانمـان نـەکرد. هاوزەمـان لەگـەڵ ئـەوەش حکومـەتی عـیراق هێرشـی دەکـرد بـۆ هەڵەبجـە و ناوچـە رزگارکراوەکـانی شـارەزوور کـە دەبوایـە لەهـەموو لایەکـەوە نـان بـڕوات بـۆ پێشـمەرگەی جەبهەکان)..

یەکسەر لەپۆلی دوو وەرگیرام، چونکە ساڵی پێشووتریان بە دەرچوون بۆ حسابکردین.

ساڵی ١٩٧٦ لەرێگای (غەریب کونجرینی)یەوە پەیوەندیم کرد بە ریزەکانی کۆمەڵەوە.. هێندەی نەخایاند ئەو گیرا.. پاشان پەیوەندیم کرد بە مەلا عەلی[٧] یەوە هەر لەرێگای ئەویشەوە شەهید غەریب هەڵەدنیم ناسی. دوای شەهیدبوونی مەلا عەلی پەیوەندیم لەگەڵ شەهید غەریب [٨] بەردەوام بوو.

لە ٢٠ی ئازاری ساڵی ١٩٧٦ لەحەوشەی ئامادەیی بازرگانی بەبۆنەی هاتنی نەورۆزەوە ئاگرمان کردەوە. لەدەوری ئاگرەکە کۆبووینەوە و سروودی (نەورۆز)مان بەدەنگی بەرز ئەوتەوە.. بەڕێوەبەری ئامادەیی یەکەمان هاتو بەشەق ئاگرەکەی بڵاوکردەوە و لەگەڵیدا هاواری دەکرد (خەرە بیلنەوروز) و هەر دووبارەی دەکردەوە. ویستمان واز نەهێنین ئەو هەر جوێنی دا نەیهێشت ئاگر بکەینەوە. بڕیارماندا خۆپیشاندان بکەین.. هەموو قوتابیەکان چووینە دەرەوە و بەجادەی پیرەمێرددا بەهوتافکێشان بەرەو سەرا رۆیشتینە خوارەوە.. تا گەیشتینە بەر دەرکی سەرا زۆر قەرەباڵغ بوو بووین. کە دوژمن ئەو قەرەباڵغییەی بینی هێزێکی زۆری ئەمنو پۆلیسی هێنا بۆ گرتنو بڵاوەپێکردنمان، پۆلیسەکان زیاتر لەسەرەتای کۆڵانی

---

٧- ناوی تەواوی شەهید مەلا عەلی (حسێن مەولود)ە خەڵکی گوندی (کۆکە)ی ناحیەی پیرەمەگرون بوو. لەگەڵ شەهید دکتور مارف و

عوسمان عەسکەری هاوڕێ‌ی دا لەرۆژی ٣٠- ١- ١٩٧٩ لەگوندی کەژەی سەر بەناحیەی پیرەمەگرونی ئێستا، دوای ئاشکرابوونیان دوژمن هێرش دەکاتە سەریان و دوای شەڕێکی قورس هەردووکیان دەستگیرئەکرێن و لە ٦- ٦ - ١٩٧٩ فەرمانی ئیعدامی بۆ دەرئەچێتو دوای مانگونیوێك ئیعدام ئەکرێ.

٨- غەریب عەبدولقادر حاجی، ناسراو بە غەریب هەڵەدنی ساڵی ١٩٥٦ لەدایك ئەبێت. لە ٢٢- ٧- ١٩٧٩ لەکارەساتێکی نەخوازراودا و لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکی پێشمەرگەکاندا لەناو شارۆچکەی دووکان شەهید ئەکرێ.

سابونکەرانو جادەی ئۆرزدی دانران، ئەمنەکانیش لەلای مزگەوتی گەورەو سینەما سیروانەوە دابەزین بۆمانو جادەی مەولەویشیان گرت.. کە کەوتنە لێدانو گرتنمان هەموومان هەوڵی ڕاکردنمان دا، ئەوانەی بەرەو مزگەوتی گەورە ویستیان هەڵبێن زۆربەیان گیران، هەندێکیشمان بەرەو سابونکەران هەڵاتین پۆلیسەکان گرتیانین.. کە بینیان هەموومان هەرزەکارو مێرد منداڵینو، هەندێکیشیان خزمو ناسیاوی قوتابیەکان بوون، هەر زوو بەرەڵڵایان کردینو ووتیان زووکەن خۆتان گوم کەن.

پاشان زانیمان کە دوانزە کەسمان لەلایەن ئەمنەکانەوە گیرابوون.

[ بۆ رۆژی دواتر کە هاتینەوە بۆ مەکتەب، ئەوانەی گیرابووشن بەردرابوونو وایان گێڕایەوە کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا قسەیان کردبوو بەیەكو ووتبویان لەرقی بەڕێوەبەرەکەمان کەناوی (ئیبراهیم) بوو، (پاشان کوژرا)، وامان کردوە. ئیتر لەو کاتەشدا حکومەت نەیدەویست واپیشان بدات کە بایەخی بەو خۆپیشاندانە داوە][9]...

هەمان رۆژی ٢٠ی ئازار هاتمەوە بۆ بەکرەجۆ. کات ئێوارە بوو، گەنجەکان کۆبوینەوەو و چووین لە رۆژاوای بەکرەجۆ ئاگرێکی گەورەمان کردەوە و دەستمان کرد بە وتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و نەورۆزو شتی تریش.

ئیتر خەڵکمان لێ کۆبووەوەو بەئازایەتی هەندێك گەنجو هەرزەکار وەکو (شەهید عارفی ئامۆزام)و (عەبدوڵڵارەسول قەساب)و (شێخەی ئەحمەدی ئەسلان)و (عەلی قادری ئەسلان)و عومەری حەمە قالەی بەکرەجۆییەکان)و (عەتای

---

[9]- ئەگەر هەڵە نەبم ئەو خۆپیشاندانەی ئێمە (خوێندکارانی ئامادەیی بازرگانی) و ئەوەی بەکرەجۆش یەکەم خۆپیشاندانی جەماوەری بوو لەشاری سلێمانی دا، لەدوای ئاشبەتاڵەوە..

هەرچەندە رژێم سەرمەستی توانەوەی شۆڕشی ئەیلوول بوو و تەنها ساڵێك بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕیبوو بەڵام ئەو خۆپیشاندانە لەناو شار و لە بەکرەجۆش خەڵکی وەهۆش هێنایەوە و راچڵەکینێکی دروستکرد لەدوای ئاشبەتاڵ. کەچی رژێم هەستی بە کاریگەریەکانی نەکرد...

بەکرەجۆییەکان)و زۆری تریش لە گەنج و هەرزەکارەکان دەستمان کرد بەخۆپیشاندان لەناو بەکرەجۆ و خوێنی خەڵکمان جۆشدا.. لەبەرئەوەی بەکرەجۆ تەنها پۆلیسی لێ بوو لەگەڵ هێزێکی تۆزێ دوور لە (عەینە)کە.. کە لەشوێنی بەنگەڵە کۆنەکاندا بوون، هێندە نەدەترساین. بەڵام هەندێك لەپیرەکانی بەکرەجۆ و ئەوانەش کە دۆستی حکومەت بوون هاتن بۆ لامان و دەستیان کرد بەپاڕانەوەو گریان و دەیانگوت ماڵمان ویران مەکەن‌و سەرمان مەکەن بەقوڕدا.. بەهۆی قسەو قەرەباڵغی ئەوانەوە کە زۆریان راگرتین، ئیتر شەو تاریك بوو ئێمەش بلاوەمان لێکرد.. کەچی رژێم هیچ بەدوایدا نەچوو ...

ساڵی ١٩٧٧ لەپەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەشی ژمێریاری وەرگیرام. وەکو ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە هەمیشە لەچالاکیدا بووم بۆ گەیاندنی پەیامی کۆمەڵە بە خوێندکاران. پەیوەندیم لەگەڵ زۆریان توندوتۆڵ کرد..ولای ژمارەیەکی باشیان ئاشکرا بووم و هەرئەوەش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی هەندێکیان پەیوەندی بکەن بەکۆمەڵەوە. لەو هاوڕێیانەم کاك جەمال مەرگەیی کە ئێستا لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی رانیەیە (٢٠١٢).

شەهید سورکێو (یاسین) کە لەفەرماندەیی گشتی کۆچی دوایی کرد.

سەلام کەرکوکی کە ماوەیەك لەهێزەکانی پارێزگاری پێشمەرگە بوو لەهەشتاکان دا، سروە نوری عەزیز کە لە هەشتاکان دا بوو بە پێشمەرگەو سوهەیلەخان و شێرکۆ شەقلاوەیی کە پاشان بوو بە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی‌و پاکیزەخانی خێزانی کاك عەباسی مواد غیزائیی‌و سەمیرە نادر و زۆر خوێندکاری تر لەوانە بوون کە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەو یەکێتیم بۆ دەبردن و بەنۆرە دەیانخوێندەوەو لێم وەردەگرتنەوە..هەروەها لێپرسراوی (اتحاد طلبة)ی بەعس کە ناوی (طلال جاسم) بوو لە ئەنجامی برادەرایەتی‌و ڕێزی بەرانبەر وای لێ هاتبوو زۆر سۆزداری کێشەی کورد بێت‌و دەشیزانی من پەیوەندیم بە یەکێتییەوە هەیە، بەڵام چونکە

عەرەبییەکەم باش بوو توانیم عەقڵو سۆزی بەپێی لۆژیک ی مافی مرۆڤەکانو نەتەوەکان بۆ ژیانو، پاراستنی حورمەتو کەرامەتی مرۆڤەکان، بجوڵێنمو کاریگەری هەبێت لەسەری کە هیچ هەڵوێستی خراپ نەنوێنێ بەرانبەر هەرکەسێك کە دڵسۆزی کێشەی کورد بێت. هەر بەو هۆیەشەوە بوو هیچ کاردانەوەیەکی خراپیان بەرانبەر مامۆستا شەماڵ سائیب نەنواند کاتێك هات وانەی (سەقافە قەومی)مان پێ بڵێتەوە، لە یەکەم وانەی دا دژی بەعس قسەی کردو وتی من پسپۆڕییەکەم مێژووە نەك باسکردنی حیزبی بەعسو، وتی: چۆن دەبێت من بێمو باسی حیزب بکەم یان باسی شانازیەکانی قەومێکی غەیری قەومی خۆم بکەم. وتی: هەقی خۆیەتی بۆ پارێزگاری لە کەرامەتی خۆی پەنا بەرێت بۆ شاخەکان.

ئیتر مامۆستا شەماڵ لەدوای ئەو وانەیەوە نەهاتەوە بۆ پەیمانگاکەمان.

ساڵی ٢٠٠٨ هەوڵێك درا بۆ کوشتنی (د. ریاض) کە پیاوێکی سورەی عەرەبی بەعسی بوو و راگری پەیمانگاکەمان بوو و زۆر دژی کوردو کوردستان بوو کەچی یەکێك لەفەرمانبەرە کچەکان، کە خەڵکی سلێمانی بوو بەناوی (گ)شوی پێ کردو رقوکینەی هەموومانی دژی خۆی جوڵاند.

لەو ماوەیەدا کە کتێبو بڵاوکراوەم بۆ خوێندکارەکانی هاوڕێم دەهێنا لەپەیمانگا (١٩٧٧ – ١٩٧٩) چەندجارێك تووشی رێکەوتی ترسناك هاتووم کە لەنێوان کەشف بوونو رزگاربووندا موویەکی بەین بووە. یەك نمونە دەگێڕمەوە:

جارێکیان لەمەعهەدەوە دەگەڕامەوە بۆ ماڵ لەبەکرەجۆ. ئەوسا جێبە لاندرۆڤەرەکان باویان بوو بۆ هاتووچۆ لەنێوان سلێمانیو بەکرەجۆ. هەموو جارێك بەئەنقەست لەدواوە سواردەبووم بۆ ئەوەی لەگەراجەوە تاکو دادەبەزیم شت بخوێنمەوە. ئەو رۆژە کتێبە سپییەکەی (کۆمەڵە)م لەگەڵ (النجم الاحمر فوق الصین) لای هاوڕێکانم وەرگرتبووەوەو دەمهێنایەوە بۆ بەکرەجۆ و لەجێبەکەدا بەدەستمەوە بوون و کردبوومنە زەرفێکی عەلاگەوە و بێ بایەخانە بەدەستمەوە

بوو، و خەریکی خوێندنەوەی شتی تر بووم، ئاگام لەخۆم نەبوو تاکو جێبەکە وەستا. من هەر خەریکی خوێندنەوە بووم. گوێم لە دەنگێکی عەرەبی بوو، بەڵام هەر گوێم پێ نەدا. هەموو دابەزین‌و من هەر خەریکی خوێندنەوە بووم. تاکو بەدەنگێکی بەرزی عەرەبی گوێم لە (إنزل) بوو. کە سەرم هەڵبڕی چواردەورمان بە (طواری) گیراوە خەریکی پشکنینی نەفەرەکانن‌و هەر من ماوم. کە دابەزیم زانیم گەیشتوینەتە لای ئەلبانەکەی بەکرەجۆ و قواتی عەسکەری هاتووە بەهانای شەڕێکەوە لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەبناری بەرانان‌و لای گوندی عەزیزاوا کە ئەو رۆژە رووی دابوو، ئیتر جاش‌و جەیش و تەواری هاتبوون خەڵکیان دەپشکنی.

لەناخی خۆم دا زۆر پەشۆکام، بەڵام خوێندنەوەی دەرەکی زۆرم هەبوو لەسەر زانستی دەروونناسی‌و پاراسایکۆلۆجی‌و خۆکۆنترۆڵکردن.

لەو کاتەدا هێزی دەروونیم هێنایەوە بۆ خۆم و زۆر سارد و بێخەیاڵ خۆم پیشانداو رووم کردە سەربازەکان و وتم من خوێندکاری مەعهەدم‌و مامۆستای خوێندنی گەورانم (ئێواران). خۆشم کردە محامی نەفەرەکان‌و بەعەرەبییەکی باش پێموتن: من ئەمانە هەموویان دەناسم، خەڵکی باش‌ن‌و ناسراون.. بەڵام یەکێك لە تەواریەکان بە عەرەبییەکی گرژ هات و وتی بیپشکنن.. بە دوو کەس منیان پشکنی. منیش بەپێکەنینەوە بەعەرەبی پێم وتن: مامۆستاکەش دەپشکنن؟ .. وتیان دەست بەرزکە. منیش هەردوو دەستم بڵاوکردەوە. بە دەستێکیانم جانتای کتێبەکانم هەڵگرتبوو، بە دەستەکەی تریش ئەو عەلاگەیەی کتێب‌و بڵاوکراوە قاچاخەکانی تیا بوو.. ئەوان تەنها ناوقەد و بنباڵمیان پشکنی‌و داوای کتێبەکان و عەلاگەکەیان نەکرد. چەند جارێکی تریش تووشی حاڵەتی ئاڵۆزی لەو جۆرە بووم، بەڵام بە دەماری ساردەوە تێمپەڕاندووە.

هەموو ئەو کتێب‌و بڵاوکراوانەو هەندێ جار لوغمی بچوکی شەخسیشم بەکارهێناوە، هەموویان بەئازایەتی (فاطمە مجید)ی دایکم و (شیرین

عەبدولرەحمان)ی خوشکم لەسنورەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەوە دەگوازرانەوە بۆ ناو شاری سلێمانی.

لەو ماوەیەدا لە ١٩٧٦ تاکو ساڵی هاتنە دەرەوەم بۆ پێشمەرگایەتی لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ لەناو بەکرەجۆدا چەندین شانەی نهێنی کۆمەڵەمان دامەزراند کە ئازایەتیەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم برادەرانە:

١- عەبدوڵڵا رەسول قەساب، ئێستا لە چوارقوڕنەیە.

٢- حمە ئەمین کوێرەکانی، ئێستا لە دووکان نیشتەجێ یە.

٣- شەهید کەمال ی مام تەهای بیتوێنی. خەڵکی بەکرەجۆ بوو.

٤- عەبدوڵڵا زڕگوێزی، ماڵی لە ئەلبانەکە بوو. ئێستا لە سلێمانی یە.

٥- عەتای بەکرەجۆییەکان.

٦- جەمالی کوێخا مەحمودی گەڵنێری. ئێستا لە بەکرەجۆیە.

٧- شەهید محەمەدی قادر شاڵی، خەڵکی بەکرەجۆ بوو، لە بیتوێنی یەکان بوو.

٨- شیرین عەبدولڕەحمان ی خوشکم.

٩- فاتمە مەجیدی دایکم.

هەروەها لەناو شارۆچکەی دووکانیش شانەی کۆمەڵەمان دروستکرد بە ئازایەتی:

١- یاسینی حاجی سەلیم جوبلاخی.

٢- شەهید ئەنوەری حەمە مەمەند.

٣- مەلیحە خان کچی خوالێخۆشبوو عەلیە سووری دووکان.

بەهۆی ئەو کەسایەتیانەی کە ناومان هێنان چەندین شانەی کۆمەڵە و یەکێتی لە شارۆچکەی بەکرەجۆ و دووکان درووست بوونو گەشەیان کرد، کە هاتیشمە دەرەوەو بووم بەپێشمەرگە هێندەی تر ئەو رێکخستنانە گەشەیان کرد.

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٨٠دا هاتمە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی. رۆژێکمان لەگەڵ شەهید غەریب هەڵەدنی دیاریکردو هاتە حاجیتان ی پشت سابوراوا.

لەوێوە پێکەوە ڕۆیشتین.. تاکو شەش مانگ نەمهێشت هیچ خزمێك‌و ناسیاوێکی نزیکم بزانێت بووم بە پێشمەرگە...

یەکەم کەس لەهێزی پێشمەرگە دا کاك جەبار فەرمانم بینی کە تازە ئەویش لەزیندان بەربوو بوو و هاتبوە دەرەوە و کرابوە رابەر سیاسی هەرێمی چوار کە ئەوسا شەهید جەمالی عەلی باپیر فەرماندەی هەرێمی چوار بوو.

لەگوندی (مالومە) کاك جەبارمان بینی سڵاومان لێکرد و کاك غەریب هەڵەدنی منی پێ ناساند. چەند پرسیارێکی لێ کردم سەبارەت بە فەلسەفەی مارکسی‌و ماتیریالیزمی مێژوویی و ماتیریالیزمی دیالەتیك. دیاربوو لەوەڵامەکانم رازیی بوو. بۆیە وتی جارێ بڕۆ بۆ سەرکردایەتی کە هاتیەوە دەتکەمبە رابەر سیاسی کەرت.

هەر لەوێوە شەهید غەریب کەسێکی پێ ناساندم کە دەچوو بۆ سەرکردایەتی. ئیتر منیش لەگەڵیدا ملم پێوەنا. دوای دوو شەو و دوو رۆژ گەیشتینە قاسمە رەش‌و نێوزەنگ‌و زەڵێ. لەوێ چوومە ناوەندی کۆمەڵەو خۆم پێ ناساندن... هەندێك لەوێ مامەوە کە نزیکەی مانگێك دەبوو. پاشان هاتمەوە خوارەوە بۆلای کاك جەبار فەرمان‌و کردمی بە رابەر سیاسی کەرتی چواری مەرگە لەهەرێمی چوار. ئەو کەرتە لەلایەن مام ئەحمەد مەمەنداوایی، ناسراو بە (ئەحمەدە خۆڵە) پێکهێنرابوو لەخزم‌و ناسیاو و کەسانی خۆی‌و هەر بۆخۆشی چەکداریی کردبوون‌و بەڕێوەی دەبردن‌و دەیژیاندن.

مام ئەحمەد کوڕێکی خۆی لەگەڵ بوو ناوی (عەلی) بوو. کەسێکی زۆر بەڕێزو دڵسۆز بوو بۆ یەکێتی‌و کۆمەڵە. هەموو پێشمەرگەکانیش مولتەزیم‌و چالاك بوون. عەلی دوای راپەرین شەهید بوو.. هەندێك لە پێشمەرگەکانی ئەو کەرتە:

١- مام ئەحمەد، فەرماندەی کەرت.

٢- شەهید عەلی مام ئەحمەد.

٣- عومەر قەڵادزێی، کە ئێستا جێگری پارێزگارە (٢٠١٢).

٤- شەهید بەکر چاو شین.

٥- شەهید عومەر بچکۆل.

یەکێك لە ئەرکەکانی سەرشانی رابەر سیاسی کەرت، جگە لە کاری هۆشیاریو روناکبیریو هوشیاری سیاسی لەناو پێشمەرگەکاندا، کارێکی تریشی هەبوو ئەویش کۆبوونەوە کردن بوو بەخەڵکی دێهاتەکان.

مام ئەحمەدو شەهید عەلی زۆر لە من رازیی بوون، ئەوان دەیانگوت یەکێکی وەکو تۆ بۆلای ئێمە باشە. بەخوا قبوڵ ناکەین ناسکۆڵەی شاریمان بۆ بنێرن. ئیتر هاوکاری تەواویان دەکردم بۆ کۆبوونەوەی گوندەکانو دەسەلاتی تەواویشیان پێدام لە کەرتەکەدا.. جارێکیان (١٩٨١) لەسەر کارێکی نەشیاو پێشمەرگەیەکی کەرتەکەم دەرکرد. مام ئەحمەد دەستخۆشی لێکردم.

مانگی مایس ١٩٨١ بەشداریم کرد لە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵە کە لە دۆڵی مالیمۆس ی گوندی کانیزەردی سنوری سەردەشت بەسترا. دوایی گوازرایەوە بۆ زەڵێو ناوزەنگ. هەندێك قسەو گفتوگۆ لەو کۆنفرانسەدا زۆر کاری تێکردم و کاریگەری زۆر خراپی لەسەر دەروونم و قەناعەتی سۆفیگەریانەم دانا لە ئاقار سەرکردایەتیو لێپرسراوەکان. چونکە من تاکو ئەو کاتەش وشەی ئەندامی سەرکردایەتیو ئەندامی ناوەندی کۆمەڵەم لەچوارچێوەی وشە بڤەو پیرۆزەکاندا ئەژمار ئەکرد. کەچی بینیم لەناو کۆنفرانسدا نەك هەر وشەی ناشرین بەڵکو تۆمەتی خیانەتو کاری بێ ڕەوشتی و قێزەون ئەدەنە پاڵ یەکتری.. بەڵام ئەو کاریگەرییە سلبی یەی کە باسم کرد، چاکەیەکی بۆ من هەبوو ئەویش ئەوە بوو رای چڵەکاندمو بەهۆشی هێنامەوەو لەدنیای کتێبو رۆمانسیەتەوە هێنامیە دنیای واقیعو حەقیقەت.

ساڵی ١٩٨٢ هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نازناوی هێزی پشتیوانی وەرگرت لەلای حیزبە شۆڕشگێڕەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەش

بەهۆی بەشداریکردنمان بوو لەپاڵ هێزی پێشمەرگەی ئەوان بۆ بەرگرتن لەهێرشەکانی سوپای پاسداران‌و ئەرتەش‌و جاشەکانی ئێران کە هەندێك هێزی چەکداری باشووری کوردستانیشیان لەگەڵدا بوو...

ئێمە لەشاخی (جاوڕایەڵ)و (سەری گۆمێ)و هەندێك شوێنی زاڵ بەسەر ڕێگای خانێ – سەردەشت دامەزرابووین‌و لەچەندین جێگای تریش هێزی پێشمەرگەی یەکێتی شەڕی شۆڕشگێڕانەو شێلگیرانەی بەرانبەر هێزە داگیرکەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام ئەداو لەو پێناوەشدا دەیان شەهیدو برینداری پێشکەش کرد.. ئێمە، ئەو پێشمەرگانەی سنوری هەرێمی چوار کە ناوچەکانی سورداش‌و شاری دووکان‌و بنگردو ماوەتی دەگرتەوە، لەمانگی ١١ی هەمان ساڵ بەهۆی بەفربارینەوە کشاینەوە بۆ ناوچەکانی سەرکردایەتی.

لەوێ پێیان ڕاگەیاندین کە (کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە) بۆ سنوری قەزاکان دروستکراوە. کەرتی ڕێکخستنی دووکانیش دامەزرابوو، (خولە کۆمەڵە) کە ئێستا لە دەرەوەی کوردستانە کرا بە لێپرسراوی‌و چەند ئەندام کەرتێکی بۆ دیاری کرابوو. شەهید غەریب هەڵەدنی وەکو ئەندام کەرت‌و لێپرسراوی (پۆل ی سورداش) دیاری کرابوو. منیش بەئەندامی ئەو پۆلە. ئیتر هاتینەوە خوارەوەو دەستمان بەکاری پێسپێردراوی خۆمان کرد. سنوری کارکردنی من دۆڵی سورداش لەشاری دووکانەوە تاکو زێوێ‌و قەرەچەتان بەدیوی پشت جادەی سەرەکی دووکان – سلێمانی دیاری کرا..[10] . تەشکیلەی هەرێمەکانیش هەڵوەشایەوەو کرا بە تیپ‌و مەڵبەند. سنوری

---

[10]- سنوری کەرتی ڕێکخستنی دووکان، دۆڵی سورداش و دۆڵی جافەتی دەگرتەوە تاکو دەگاتە سەرچنار و کارێزە، لە ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای پیرەمەگرون.. پۆلی سورداشیش ناوچەکانی سنوری ناحیەی سورداشی دەگرتەوە لەمدیودیوی زنجیرە چیای (چەرماوەندو هەللاج)... سنوری شانەی سەرەکی ژمارە (٣)ش کە من لێپرسراوی بووم لە ١٩٨٢ - ١٩٨٦ ئەم گوندانەی دەگرتەوە: (شاری دووکان، قەمچوغە، سەرمۆرد، جاسەنە، گێچینە، تیمار، سورداش، هۆمەرقەوم، شەدەڵە، کانیشۆك، چاڵاخ، کەندەشین، سابوراوا، حاجیتانی سەروو، حاجیتانی خواروو، سوسێ ی سەروو، سوسێ ی

شانەی سەرەکی ئێمە کە ژمارە (٣) بوو، تیپێکی پێشمەرگەی بۆ دیاری کراو بەرجادەشی خرایە سەرو ناونرا تیپی (٢٣ی سورداش). کە لە دووکانەوە، (بەرجادەو پشت جادەی سەرەکی سلێمانی – دووکان)ی دەگرتەوە تاکو تاسلۆجە. کە ئەو ناوچانە بەدۆڵی سورداش بەناوبانگە[11]... ساڵی ١٩٨٣ کاک جەبار فەرمان دانرا بە لێپرسراوی رێکخراوی سێ ی سلێمانی کە سەرپەرشتی کەرتەکانی رێکخستنی دووکانو شارباژێڕو هەندێك لە رێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانیشی دەکرد. بارەگای رێکخراو لە هەڵەدن جێگیرکراو منیش ماڵم لەوێ دانا..

لە مانگی ١٢ی ١٩٨٣ لەگەڵ کاک جەبار و شەهید غەریب هەڵەدنی لەچوارچێوەی ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان شۆڕشو حکومەتی ئەوسای عێراق دەستی پێکردبوو هێشتا رانەگەیەنرابوو، چووین بۆ سەردانی فەرماندەی عەسکەری ئەو هێزانەی لەسنوری سورداشو شەدەڵە جێگیرکرابوون.. دیدارێکی دۆستانە روویدا. لە قسەکانی ئەو فەرماندەیەدا بێزاریو وەڕسبوون بەدەردەکەوت. لەکۆتایی دا ڕازی بوو لەسەرئەوەی رێگای هاتووچۆی خەڵك ئاچووخ بکاتو کێشە بۆ پێشمەرگەو هاوڵاتیان دروست نەکاتو ئێمەش ناهێڵین هیچ کێشەیەك دروست ببێت... هەر لەچوارچێوەی ئەو گفتوگۆیانەشدا جارێك لەگەڵ کاک جەبار هاتینە ناو شارو هەندێك ئامێری تایپو

---

سەیدان، بیران، قەرەچەتان، زێوێ).هەروەها لە هەندێك گوندی بەرجادەش رێکخستنمان دروستکردبووو هەر خستبوومانە سەر شانە سەرەکییەکەی خۆمان وەکو : (دووکان، کەلەباشی حاجی محەمەد، موغاغ، کۆکە، یارانبەگی، کرژە).....

[11] - هەر لەکۆنەوە دۆڵی سورداش بەو ناوچە نزمە وتراوە کە شێوەی دۆڵێکی بەرفراوانی وەرگرتووە لەنێوان (زنجیرە چیای پیرەمەگرون، چەرماوەند، ئەژدیها، سارا) لەلایەك و (زنجیرە چیای تۆکمە، چەمی رێزان، بنزەرد و چیای پشتی تەلان) لەلایەکی ترەوە، کە جادەی دوو سایدی سلێمانی – دووکان لە (کەڵەوانان)ەوە لە ناوەڕاستەوە قاشی کردووە تاکو سەیرانگای (قەشقۆڵی) لەدەروازەی شارۆچکەی دووکان....

ڕۆنیۆو دەزگای چاپەمەنیمان هێنا بۆ هەڵەدنو لەوێ قایمیمان کردن لەپاشان بۆ کاروباری چاپو بلاوکردنەوە سوودیان لێ وەرگیرا.

لەکاتی ڕاگەیاندنی گفتوگۆی ١٩٨٤دا ماڵم هێنایە گوندی سابوراوا لەوێ خانوویەکم درووستکرد کە هەموو خەڵك پێیان سەیر بوو من لەو بارودۆخە نارۆشنەدا بۆچی خانووی باش دروست دەکەم.. ئێمەش وەکو کادرانی تری یەکێتی ڕاهاتبووین لەسەر ئەوەی هەرگیز بێ هیوا نەبین لەدابینکردنی ئاشتیو ئازادی بۆ خەڵكو لە هەر جێگایەکیش بمێنینەوە ببینە نموونەی ئاوەدانیو شارستانیەت بۆ خەڵك.. دەنا منیش لەناخی خۆم دا دەمزانی ئەوەی خەرجی دەکەم لەو خانووەدا، بێ هوودەیە.. ئەوەندەش بەپەلە خانووەکەم دروست کرد لەکاتی وتار خوێندنەوەکەی بەڕێز مام جەلال لەدامێنی شارۆچکەی سورداش لە نەورۆزی ١٩٨٤ من ماڵم بردبووە ناوی...

لە دوادواییەکانی ساڵی ١٩٨٤دا سەرکردایەتی شۆڕش بۆی دەرکەوت حکومەتی بەعس هیچی ڕاستی بۆ کورد پێ نیە. بۆیە کەوتە خۆیو کادرە ڕێکخراوەییەکانو ڕابەر سیاسیەکان کۆکرانەوە بۆ باسکردنی دواین هەڵوێستەکانی حیزبی بەعس.

ئێمەش لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٨٥ هەڵمەتێکی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنی سیستماتیکمان دەستپێکرد لەگوندو شارەکاندا.. کۆبوونەوەمان بە گوندەکان دەکردو باسی بێ بەڵێنییەکانی حکومەتی بەعسمان بۆ دەکردنو ڕای خەڵکمان وەردەگرت بۆ لێکدانەوەی گفتوگۆ.. لەماوەیەکی کەم دا یەکێتی توانی ڕای خەڵك ئامادە بکات بۆ بەرپاکردنی شەڕی جەبهەیی دژی حکومەت. ئیتر بەرنامە دانرا بۆ داستانی دابان هەللاجو لە ١٤ی شوباتی ١٩٨٥ جێبەجێ کرا.

پێش ئەوەی داستانەکە جێبەجێ بکرێت، هەموو کادرە شارەزاکانی سنورەکە بانگ کراین و کۆبونەوەیەکی زۆر نهێنیمان لەبارەگای مەڵبەندی دوو کرد.

تیایدا نەخشەی هێرشبردنو دابەشکردنی هێزەکان دانرا. هەموو بەڵێنمان دا نهێنییەکە بپارێزینو بەهیچ جۆرێك لای هیچ کەسێك باسی نەکەین. هەرچەند منیش دڵنیا بووم لەکاتی هێرش بردندا مەترسی گەورە دێتە سەر گوندەکانی سابوراوا و حاجیتان چونکە لێدانی رەبایەکانی کلکەی شاخی پیرەمەگرون لەشوێنەکانی (قوڵە پوشینە)و (قوڵە سەوز)و (قوڵە ڕەش)و (سپیلك) دەکەوێتە ئاستی ئەو دوو گوندەو هێزەکانی رژێم لەو سنورانەوە دێن بەهانای هێزە لێدراوەکانیان.

هەروەها گوندەکانی چالاخو کانیشۆکیش دەکەوتنە بن پێ ی هێزەکانی رژێم.. بۆیە پاراستنی ئەو نهێنییە وای کرد خۆشم هەوڵ نەدەم هیچ کەلوپەلێکیماڵەکەم چارەسەر بکەمو ماڵی باوکمو خزمانی سابوراوا و حاجیتانیش لەپێناوی پاراستنی ئەو نهێنییەدا کاول کرانو تالان کران. چونکە لەوە ترساین بە کەسوکارمان بڵێین کەلوپەلی ماڵ بگوازنەوە بۆ سلێمانی، ئەوە ببێتە هۆی راکێشانی سەرنجی دامودەزگاکانی رژێمی بەعسو پلانەکە ئاشکرا بێت.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا بووم بەرابەر سیاسی تیپی ٢٣ی سورداش، و یەکسەر چووم بۆ ناو پێشمەرگەکانی تیپەکە لەجەبهەکانی قەیوان – ماوەتو لەگوندەکانی (سنگر)و(مێوڵاکە)جێگیربووین.

لەوێ شەهید جوامێر براخاسم ناسی کە ئەو کات سەرتیپی ٢٣ی سورداش بوو. نامەیەکی کاك نەوشیروان مستەفام پێدا کە بریاری بوونم بە رابەر سیاسی تیپەکەی تیابوو.. ئیتر لەشەڕەکاندا مامەوە لەگەڵ تیپەکەدا تاکو هاتنمان بۆ لێدانە مەزنەکەی کەرکوك.

لە ١٤-٤-١٩٨٧ بریاری سەرکردایەتی شۆڕش بۆ فراوانکردنی شوێنە رزگارکراوەکان جێبەجێ کرا. ئەویش لەچوارچێوەی شەڕی بەرەیی گەورەی ناسراو بە (داستانی رزگاری) بوو. کە لەشوێنی بورجەکەی ئەزمڕەوە پاککرایەوە تاکو کلکەی قەیوانو

زیاتر لە (١٣٠) ڕەبایەو مقەڕ فەوجو پایەگای عەسکەری ڕژێمی بەعس دەستیان بەسەردا گیراو پاککرانەوە. لەو شەڕەدا کە سەرپەرشتی هەردوو کەرتەکەی (هاوڕێ کاوە)و (سابیر کۆکەیی)م دەکرد بەخەستی بریندار بووم. گوللەیەك لەلای چەپی ملم دراو لە شەپیلکی شانی راستم لەپشتەوە دەرچوو. لەوێ بەقەناعەتی خۆم شەهید بووم، چونکە ئاگام لەخۆم نەماو هەستم بە وەستانی دڵم کرد. بەڵام خۆشبەختانە نەمردمو کە بەهۆشهاتمەوە لەجێگای برینداربوونەکە گوازرابوومەوە بۆ بنشاخێكو شەهید جەبار چاڵاخی خورمای بەئاوەوە لە دەمم ئەگێڕا هەروەها (جەمال کرژەیی) بەدیارمەوە ئەگریا. پێشمەرگەکانی تریش ئەگریان. کە ویستم خۆم بجوڵێنم، نەمتوانی، چونکە تووشی ئفلیجی گشتی هاتبوومو تەنها دەمم کاری دەکرد. وتم کوا تفەنگەکەم. جەمال کرژەیی وتی خەمت نەبێت لای منە. پاشان بەشێوازی گواستنەوەی شەهید، بە وڵاخ گواستیانمەوە بۆ بەرگەڵوو بۆ چارەسەر. ئەوکات خەستەخانەیەکی گەورەی شۆڕش لەوێ بوو.. هێندەی نەبرد جوڵان کەوتەوە جەستەم.

ئەوەی کە زیاتر بۆم بوو بوو بەکێشە ئازاری دەستی چەپمو شلبوونی قاچی ڕاستم بوو، بەڵام خۆم تەسلیمی وەزعەکە نەکردو بەردەوام بووم لەکاری خۆم وەکو رابەری سیاسی.

شایانی وتنە، ئێمە لەو شەڕو داستانە گەورەیەدا دەیان شەهیدو بریندارمان هەبوو، چونکە دژە هێرشی ڕژێم بەراجیمەی کاتیوشاو کۆپتەری سەمتیو سەدان تۆپی گەورەو بچوكو بەکارهێنانی تۆپو ڕۆکێتی فۆسفۆڕیو هەزاران کەس لەهێزی سەربازیو جاش بوو. ئێمەش دەیان چەکداری سوپای پاسدارانی ئێرانمان لەگەڵدا بوو کە زۆربەیان لەترسانو بەهۆی بەرگەنەگرتنیان بۆ شەڕەکە چەكو تاقمیان فڕێ دابوو و پاشان هێزی پێشمەرگە بۆی هەڵگرتبوونەوەو دایانەوە پێیان.. ئەوەندەی تێبینیم کردبێ بەشداریکردنی ئەو پاسدارانە لەو داستانەدا لەگەڵماندا

هیچ سودێکی پێ نەگەیاندین بەڵکو هەندێ زیانی مەعنەوی‌و روحی هەبوو بۆمان چونکە هێزی پێشمەرگە زۆر قارەمانانە شەڕیان دەکردو مۆلگەکانی رژێمیان داگیردەکردو بەرانبەر هێرشەکان وەستابوونەوە کەچی ئێرانیەکان ڕایان دەکردو هیچ بەرگریەکیان پێ نەدەکراو، ئێمە وورەی ئەوانمان بەرز دەکردەوە.

کە زانیم شۆڕش بەرنامەی گرتنی شاری تەقتەق‌و سەربازگەکانی دەوروبەری داناوە خۆم ئامادەکرد بۆ بەشداریکردن لەگەڵ پێشمەرگەی تیپەکەماندا.. ئەو زەمانەش وا باو بوو کە رابەر سیاسی‌و کادرەکانی رێکخستن دەبێ لەهێڵەکانی دواوە بن و، ئەو دەنگۆیەش تۆزێ کاریگەری دەروونی خراپی هەبوو بۆ سەر من. بۆیە دەمێك بوو بڕیارمدابوو لەشەڕەکاندا دەستەی هجوم بم‌و ئەو بابەتە لەکادری سیاسی دوور بخەمەوە، هەر بۆیەش بوو لەداستانی رزگاریش دا کە هێرش کرایە سەر ڕەبایە‌و سەربازگەکان من خۆم بۆ دەستەی هجوم دانا.

بۆیە ئەم جارەش رازی نەبووم لە هێڵەکانی پشتەوە دامبنێن.

شەوی ١٥-٩-١٩٨٧ هێرشمان کردە سەر سەربازگە گەورەکەی رۆژهەڵاتی تەقتەق‌و لەماوەیەکی کەمدا هەمووی گیرا. من لەگەڵ دەستەیەکی پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ی سورداش هێرشمان کردە سەر دەروازەی یەکەم. رەبایەکە کەمێك لەبەرزی بوو لەکاتی دەستکردنەوەی سەربازەکان گوللەیەك لەباڵی چەپمی دا، تفەنگەکەم لەدەست پەڕی. زانیم پێکرام بەڵام بۆئەوەی هەڤاڵەکانم بەخۆمەوە مەشغوڵ نەکەم تفەنگەکەم هەڵگرتەوەو بەبێ ئەوەی بتوانم تەقە بکەم لەگەڵ هەڤاڵەکانمدا هێرشمان کردە ناو ڕەبایەکەو گرتمان.

بارەگای تیپی ٢٣ی سورداش لە گوندی (زێوێ)ی بناری لوتکەی چیای پیرەمەگرون بوو[١٢]. لەدوای ئەو شەڕانە چەندین جار بەتۆپی کیمیایی تۆپ باران کرا.. جارێکیان

---

[١٢]- کەرتەکانی تیپەکە ئەمانە بوون: (کەرتی تیپ، کەرتی خەلیل بێدەری، کەرتی شەهید سەربەستە سور، کەرتی سابیر کۆکەیی، کەرتی هاوڕێ کاوە، کەرتی عەودل کانی عارەبان).

زۆر بەخەستی گوندەکە تۆپبارانکرا لەناوەڕاستی هاویندا بوو، دنیا زۆر گەرم بوو، ماڵی مام ئەحمەد کوردە بەهەموو خێزانیەوە لەوێ بوونو زۆر بەخەستی بەکیمیایی بریندار بوون.. و منیش لەگەڵیاندا کیمیایی لێی دام و کاریگەری لەسەر دەزگای هەناسەدانم دانا. خەڵکی گوندەکە لەگەڵ کیمیابارانەدا ڕاهاتبوون، بۆیە هەموومان لەماڵەکانماندا هەمیشە بەتانی تەڕمان ئامادەکردبوو کە بەخۆمانو منداڵەکانماندا بدەین، یان زوو فریابکەوینو رابکەین بۆ بەرزایی. نزیکترین بەرزاییش لەگوندەکە (بەردی کچێ)بوو، کە جاری وا هەبوو هەموومان لەوێ یەکترمان دەبینیەوەو خەڵکی گوند رایان دەکردە ئەوێ.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٧ کاک نەوشیروان مستەفا بانگی کردمو هەندێ ئیشوکاری پێ سپاردمو پلەی (لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپ)ی پێدام. لەبارەگاکانی ناوەندی کۆمەڵەو لەنزیک خۆی مامەوە..

ئەوکات باسی دروستکردنی دەزگایەکی دیراساتو لێکۆڵینەوەی کرد لەگەڵمداو وتی پێم باشە تۆ لێپرسراوی ئاسایشی ئابوری دەزگاکە بیتو کاک سەلاح چاوشین دەبێتە لێپرسراوی بەشێکی تر لەو دەزگایە.. دەیزانی من دەرچووی پەیمانگای ئیدارەو لەبواری ئابووری دا خوێندنەوەو بایەخدانم هەیە. سەبارەت بەکارەکەی من نمونەی بۆ هێنامەوە وتی: بۆ نمونە دەمانەوێت باسی گرنگی ئاو بکەین لەئێستاو داهاتووی کوردستاندا، وتی من گۆڤار و سەرچاوەی زۆرت بۆ پەیدا دەکەم تۆش لەسەر گرنگی بەنداوی دووکان بنوسەو کە ئەوەمان تەواوکرد لەسەر شتی تر بنوسە.

---

ماوەیەکی کەم کاک سیروانی کوێخا نەجم بوو بە فەرماندەی تیپو کاک حەمەی تەیب کرایە جێگری. بەڵام کاک سیروان هێندە لەوێ نەمایەوە. پاشان کاک حەمەی تەیب بوو بە سەرپەرشتیاری تیپ. ماوەیەکیش کاک غەریب عەسکەری سەرتیپ بوو. بەڵام سەرەتای دروستبوونی تیپ، دانای ئەحمەد مەجید یەکەم سەرتیپ بوو..

بۆ تـەواوکردنی روونکردنـەوەی فیکرەکـەی خـۆی چـەندجارێك لەماڵەکـەی خـۆی لەبەرگـەڵوو دووبـەدوو دانیشـتینو تـەنها (خـاتوو شـوعلە)ی خێزانـی ئاگـای لـە گفتوگۆکەمان بوو.

بارەگـای کـاك جـەبار فـەرمان چـەند هـەنگاوێك لـەولای بارەگـای کـاك نەوشـیروان بـوو.. لەگـەڵ کـاك جـەبار زۆر بـرادەر بـووینو زۆریشـم خۆشدەویسـت، کـاك نەوشیروانیشـم هێنـدە خۆشدەویست لـەواقیع ترازانـدبوومو تووشـی رۆمانسـیەتی بەپیرۆز راگرتنی بوو بووم. بەڵام کاك جـەبار، کـە ئاگـای لـەوە بـوو کـاك نەوشـیروان بـەنیازی پێکهێنـانی ئـەو دەزگایەیـەو دەشـیزانی کـاك نەوشـیروان بەتایبـەتی بـانگی کـردووم بـۆ ماڵـەوە، غـیرەی جـوڵاو هـەر زوو بـانگی کـردمو پێـی وتم: (کـوڕی بـاش بەنیازی خیانـەتمان لێ بکـەیتو ببیـت بەجاسوسـی کـاك نەوشـیروان و بچیتە دەزگـا جاسوسیەکەیەوە؟!).. ئـەو قسـەیەی کـاك جـەبار زۆر کـاری تێکـردمو بڕیـارم دا ئـەو کارە نەکەم کە کاك نەوشیروان پێی وتم، هەرچـەند زۆر لـەلام قـورس بـوو دڵـی کـاك نەوشیروان بشکێنم.

سەرەتای سـاڵی ١٩٨٨ هاتمـە بارەگاکـەی کـاك جـەبار فـەرمانو لـەوێ هاوکـاری کـاك جەبارم دەکرد بۆ راپەڕاندنی کارەکانی.

ئەوسا کاك جەبار ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە بوو. بەڵام کـاك نەوشـیروان هـەر لـێم زویر نەبوو و زۆر مجامەلـەی دەکـردم. لەناوەڕاسـتی مـانگی شـوباتی ئەوسـاڵەدا کـاك جەبار وتی بچۆ بۆلای کـاك نەوشـیروان کـاری پێتـە. منـیش چـووم. کـاك نەوشـیروان وتی حکومەت بەنیازی هجومی سەرتاسەریە بۆ سەرمان بڕۆ گونـدەکانی دەوروبـەری دوورو نزیك، لیژنەیـەك پێکبهێنـە پارەتـان ئـەدەمێ تراکتـۆر بکـڕن بەعەرەبانـەوەو بیهێـنن بـۆ گواسـتنەوەی ئازووقـەو تەقەمـەنی بـۆ جەبهـەکان.. هـەموو هێـزی پێشمەرگەشـیان لـەو سـنورانەی لـە مەرگـەوە تـاکو پشـتی قزلـەر دابەشـکردبوو بـۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی چاوەڕوانکراو. لەدوای ٢٠ی شوباتەوە جموجـۆڵی سـەربازی

رژێـم لـەو شـوێنەی ئێسـتا شارۆچـکەی پیرەمـەگرونی لێ دروسـتکراوە زۆر پـەرەی سـەندو هێـزی سـەربازیو تۆپخانەیـەکی زۆر لـەوێو لەشارۆچکەی دووکانو بنـاری چـیای قەرەسـرد بـەرەو بنگـردو مەرگـە مۆڵـدراو، هەواڵـەکان وایـان دەگەیانـد کـە بەراجیمـەو تـۆپی دوورهاوێـژ هـەموو ناوچـەکان کیمیـایی بـاران دەکـرێن. هـەرواش دەرچوو لە ٢٢ی شوباتەوە هێرشی سـەربازیو تۆپبـارانی کیمیـاییو ناپـاڵمو رۆکێتـی کیمیـایی بەفڕۆکـە بەسـەر گونـدەکانی دۆڵـی جافایـەتی دا بەتایبـەت (هەڵـەدن)و (یاخسـەمر) دابـارینو سـەدان کـەس شـەهید و برینـدار کـرانو، وای لێهـات ژیـان لەگوندەکانی دۆڵی جافایەتی دا یەکسان بێت بـەمردن. لەهـەموو سنورەکانی دوورو نزیکی رۆژهەڵاتو رۆژئـاواو خـواری بارەگاکـانی سـەرکردایەتی لەسـەرگەڵوو هێرشـی سـەربازی بەوپـەڕی تونـدیو خەسـتی بـەردەوام بـوو.. ئێمـەش بـەردەوام بـەو تراکتۆرانەی کڕیبومانن چەكو ئازووقەو تەقەمەنیمان بۆ جەبهەکان دەگواستەوە.

لـەو شـەڕانەدا هێـزی پێشـمەرگە قارەمانـەتیو توانـا نوێنییـەکی مێـژوویيان تۆمارکرد کە لەمێژووی گەلاندا وێنـەی کـەم بێت. کارەکەش لـەوە ترازابـوو کـەبیر لـەپارێزگاریکردن لەناوچـە رزگارکراوەکـان بکرێتـەوە، بـەڵکو هـەوڵی کۆتـایی سەرکردایەتی شۆڕش بـوو بۆئـەوەی بتـوانرێ بەشـێوازێکی سیستماتیك و بـەهاوکاری هێلیکۆپتەری ئێرانی کە لە بەرگەڵوو تێرمینـاڵێکی گواسـتنەوەی ئاسمانییـان دروست کردبـوو، لـەو رێگایـەوە هـەموو خـەڵکی برینـدارو ژنـانی دووگیـان بگوێزرێنـەوەو بەسەلامەتیش جەماوەری خەڵکی گوندەکان لەدەست تۆپبارانی کیمیایی رزگاربکرێن بەپلەی یەکەمو، ئـەوجا هێـزی پێشمەرگەش بەشێوازێکی پـلان بۆرێـژراو پاشەکشە بکەن بەرەو سنورەکانی ئێران. ئێمـەش لەسـەر بڕیـاری شـۆڕش بـۆ پاشەکشـە لەگـەڵ هێزی پێشمەرگەدا ناوچەکەمان جێهێشتو چووینە ئێرانەوە.

لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩٩٠دا لەگەڵ شـەهید غـەریب هەڵـەدنی هاتمـە خـوارەوە بـۆ کاری پارتیزانی. دوای چەند رۆژێك لەسەردەشـتەوە گەیشـتینە بنکـەی پیرەمـەگرون

ی ڕەتڵی سورداش.. لەوێ بۆ یەکەم جار لەسەر شاخی پیرەمەگرونەوە ئۆردووگای پیرەمەگرونم بینی کە رژێمی بەعس لەدوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە خەڵکی گوندەکانی سنوری دووکانو رانیەو قەڵادزێو مەرگەو سورداشی تیادا کۆکردبووەوە.. پێشتر شەهید غەریب لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی قارەماندا بۆ یەکەم جار لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨ هاتبوونە خوارەوە و سنورەکەیان بەسەرکردبووەوە. دواییش لەساڵی ١٩٨٩ دووبارە هاتبووە خوارەوە لەبناری چیای پیرەمەگرون لەپشت گوندی بیرانو قەرەچەتان لەشوێنێك بەناوی (کانی دۆڵەبی) بەرانبەر قەڵای سوسێ کابینەیەکی داپۆشراو بە گونیەو نایلۆنو گەڵای دار دروستکردبوو کە جێگای ١٠-١٥ کەسی تێدا ئەبووەوە..

منیش ئەمجارە لەگەڵیاندا هاتمە خوارەوە ماوەیەکی باش مامەوە. لەو ماوەیەدا توانیمان پەیوەندی باش لەگەڵ ڕێکخراوی شاری سلێمانی دروست بکەینو دەنگی ئەوان بگەیەنین بە سەرکردایەتیو بەپێچەوانەشەوە. ڕۆژێکیان شەهید غەریب پێی وتم هەندێ بەڵگەنامەو نووسراوی تری زۆر نهێنی ناوشار هەیە، سەرکردایەتی داوای کردوە بەدەستی تۆدا بۆیان بنێرمەوە، ئەبێ تۆ ئەوە بکەیت.

بۆ ئەو مەبەستەش دوو پێشمەرگە هەڵبژێرە و لەگەڵ خۆت بیانبەرەوە بۆ ئیرانو پێش هەموو شوێنێك بچن بۆ سەرکردایەتیو ئەمانەتەکان بگەیەنن.

ماوەیەکی زۆر کەم لەئێران مامەوە کە کاك نەوشیروان بانگی کردم، وتی مەفرەزەیەکی پارتیزانیمان ئامادەکردووە بۆ شێخ بزێنیو ناوچەی شوان ئەبێ لەگەڵیاندا بچیتو بیانگەیەنیتە دەستی شەهید غەریب هەڵەدنی. مەفرەزەکە هی شەهید ئاکۆ سوور بوون، بەخۆیەوە هەشت کەس بوون لە ٢٢-٦-١٩٩٠ لە ئاشکانەوە بەڕێ کەوتین لە ٢٧-٦-١٩٩٠ بەسەلامەتی گەیاندمانە لای شەهید غەریب ئەویش کارەکەی بۆ ڕێکخستنو لە ٤-٧-١٩٩٠ لەبنکەی ژمارە یەکی پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداشەوە لەبناری پیرەمەگرون، بەڕێ ی کردن، بەهۆی کاك چەتۆی برای شەهید

هادی، ئەو مەفرەزەیە گەیشتنە شوێنی مەبەست. و پاش مانـەوەمان بـۆ ماوەیـەکی تـر، لەگـەڵ شـەهید غـەریبو پێشـمەرگەیەکی تـردا گەڕاینـەوە بـۆ ئێـران.. کـە گەیشتینەوە ئێرانو ئۆردووگای پیرشێخ لەسنوری سەردەشت کەماڵەکانمان لـەوێ بوون، پاش چەند رۆژێکی کەم شەهید غەریب دووبارە گەڕایەوە بۆ پیرەمەگرون.

رۆژی ٢٢-٧-١٩٩٠ کـاك نەوشـیروان کۆبوونەوەیـەکی تایبـەتی بـۆ چـەند کادرێـك دروسـت کـرد، تیایـدا رایگەیانـد کـە کۆمیتەیـەك دروسـتدەکات بـۆ سەرپەرشـتی پارتیزانەکان، بەناوی (کۆمیتەی فەرماندەیی هێزی تایبەت). بەم جۆرەی خوارەوە:

١- حامیدی حاجی خالید، لێپرسراو.

٢- بێستون سابوراوایی، بەشی سیاسیو زانیاری.

٣- جەبار یاوەر، ئیدارە.

٤- شەهید حەمە ڕەش، بەشی عەسکەری.

دەرگاشـی بـە ئـاوەڵایی هێشـتەوە بـۆ دانـانی دوو کەسـی تـر بـەپێی شایستەییو گونجان.

لە ٣١-٨-١٩٩٠ سەرکردایەتی شۆڕش کۆبونەوەیکی تایبەتی بۆ کادرە پێشکەوتووەکان سازکرد. تیایـدا بڕیـاردرا بـە پشتبەسـتن بـە هێـزە پارتیزانـەکان دەبێت ئەنـدامانی سـەرکردایەتی و کـادرە باشـەکان بچـنە خـوارەوە بەئومێـدی جۆشـدانی خـەڵك بـۆ خەباتی سیاسیو چەکداری ناوشارەکان و خۆئامادەکردن بۆ شێوازی نوێ ی خەبات و بەرەنگاری. ئێمەش وەکو کۆمیتـەی فەرمانـدەیی هێـزی تایبـەت ئامـادەیی تـەواومان پیشـاندا بـۆ لـەخۆگرتنی ئـەو بڕیـارە و ئامـادەکردنی شـوێنی شـیاو و سـەلامەت بـۆ هەموو ئەوانەی دێنە خوارەوە بۆ خەباتی پارتیزانی.

ئـەو دوو کۆبوونەوەیـە هـەردووکیان لەسـەرکردایەتی بـوون لـە قاسمـە ڕەش‌و ناوزەنگ..

لـەمانگی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٩٠ سـەرکردایەتی یـەکێتی نەخشـە و پلانـی ڕاپەڕینی داناخ زۆر بەنهێنی و توندی کاری لەسەر کرد. پـرۆژەی پلانەکە لەلایـەن شـەهید لیـوا خـەلیل دۆسـکی بـە عـەرەبی نووسـرایەوە. بـۆ پێداچـوونەوەی عەرەبییەکەی و کردنیشی بەکوردی کاك نەوشـیروان ڕایسـپاردم لەگـەڵ شـەهید لیـوا خەلیل کە ئەوسا بە (نەقیب خـەلیل) ناسـرابوو، ڕێك بکـەوین‌و زۆر بـەنهێنی کاری لەسەر بکەین.. ئەگـەر ئێسـتا وێنـەی ئـەو (نەخشـەیە بـە کـوردی) مابێـت ئـەوە هـی تەرجەمە کوردییەکـەی منـە و، چـەند جارێکیش لیـوا خـەلیل پـێش ئـەوەی کۆچـی دوایی بکات لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بۆنەکاندا ئاماژەی بە ئەوە داوە.

لەسەرەتای شوبات ی ١٩٩١ لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە ڕاسپێردرام ژمارەیـەکی بـاش (٢٠ پ.م) لەگـەڵ خـۆم ببـەم بـۆ خـوارەوە و پەیوەنـدی بکـەین بەسـەرەك جاشەکان‌و دامودەزگاکانی ڕژێم کە وەعدیان بدەنێ لەکاتی ڕاپەڕیندا خۆیان تەسـلیم بکەن بـەبێ تەقـە، ئـەوا گیانیـان دەپـارێزین‌و لـەو سەروبەندەشـدا ئیسـتگەی دەنگی گەلی کوردستان پەیتا پەیتا خەڵکی هان ئەدا بۆ ڕاپەڕین‌و بـەڵێنی سـەرکردایەتی بـۆ چەکدارەکانی ڕژێـم دووپاتـە دەکـردەوە کـە لەبـەرەی گەلـدا بـن لـەکاتی ڕاپەرینـدا و هەرچی کەسێك پابەنـدبێت بـەو ئاگاداریـەو بەڵێنـەوە، لەهـەموو تاوانێـك دژی گـەل دەبەخشرێت..

لەماوەی چەند ڕۆژێکدا گەیشتینە سنورەکانی خۆمان. لەوێ لەگـەڵ مـەفرەزەکانی عوسمان سـێدەری‌و فـەریق هەڵـەدنی‌و شـوانە موغـاغی و شـەهید ئـاکۆ سـور یـەکمان

**گرتـەوە و لەلایـەن سەرکردایەتیشـەوە سەرپەرشـتی مـەفرەزە پارتیزانـەکانم پـێ ڕاسپێردرا.**

**لەو ماوەیـەدا تاکە ڕۆژی راپـەرین و رزگارکردنی سلێمانی و سنورەکەی ئێمـەش ئەو هەڤاڵانەی ناوم بردن بەوپەڕی لەخۆبووردەییەوە و بەیەکگرتوویی کارمان کـرد تـاکو توانیمـان زەمینـەی ڕاپـەڕینی پیرەمـەگرونو دووکـان بـەبێ خوێنڕشـتن ئامادەبکەینو لەرۆژانی ٧ و ٨ی ئازاری ١٩٩٠دا کارەکەمان تـەواوکردو لەسنوری ئێمـە هەموو جاشەکانو هەموو دامودەزگا ئەمنیو عەسکەریو حیزبیەکانی بـەعس بـەبێ ئـەوەی یـەك فیشـەك بتـەقێنرێت لـە دووکانو پیرەمـەگرون خۆیـان رادەسـتی ئێمـە کردو ئێمەش بەپێی بەڵێنەکەی سەرکردایەتی لەگەڵیاندا جوڵاینەوە.**

**هێنـدە لـەناو ئۆردووگـای پیرەمـەگرون نەماینـەوە هـەر زوو خۆمـان پێچـایەوەو چووین بەرەو دووکان بۆ پارێزگاریکردن لـە سـەدەکە و کارەباکـەیو، لـەوێ هێزێکـی باشمان بەجێ هێشت.**

**ڕۆژانـی دواتـریش هـێزەکـانمان هێنـاو ڕۆیشـتین بەرەوکـەرکـوكو ئێـوارەی ١٩/٢٠/٣/١٩٩١ چـوینە ناوشـاری کـەرکوك، بـەوەی ئێمەشـەوە کشـاینەوە بـەرەو چەمچەماڵ و تەکیەی بازیان.**

**لەناوەڕاستی مـانگی نیسـانی ١٩٩١ بەهێزێکەوە هاتینـەوە بـۆ ناوچـەی مێرگـەپانو شـەدەڵە.. لـەوێ کـاك عەبدولکـەریم حـاجی بارەگایـەکی دانـابوو و لەلایـەن سەرکردایەتییەوە ڕاسپێردرابوو هێزەکانی ناوچەکە ڕێك بخاتەوە.**

**لـەو چوارچـێوەیەدا بـەتالیۆنی ١٥ی چـەمی ڕێـزان کـە کـاك غـەریب عەسـکەری فەرماندەی بوو، کرا بە بەتالیۆنی ١٥ی سەرچنار و من بوومە فەرماندەی بەتالیۆن.**

لەدوای رامالّینی دامودەزگاکانی رژێمی بەعس لەسنوری سلێمانی بەتالیۆنەکەی ئێمە یەکەم هێزی پێشمەرگە بوو ئامادەی مەشقی سەربازی بێت لە قەلاّچوالان بەسەرپەرشتی لیوا نەوشیروان مەستیو لیوا کەمال موفتی.

مانگی شوباتی ١٩٩٢ کرامە جێگری هێزی پێنجی سلێمانی. کە مامۆستا جەمال محەمەد فەرماندەی بوو. لەهەمان سالّدا مەلّبەندی پێشمەرگە دروست بوو. بوومە ئەندام مەلّبەندو لێپرسراوی بەشی راگەیاندنو روناکبیری. و یەکەم بەرنامەی تەلەفزیونی پێشمەرگەشم ئامادەکرد بەناوی (رێبەری پێشمەرگە). کە منو کەژالّ ئەحمەدی شاعیر پێشکەشمان دەکرد.. لە تەلەفزیونی گەلی کوردستان.

مانگی ١٢-١٩٩٢ کاتێك کە کاك جەبار فەرمان لێپرساوی مەکتەبی عەسکەری بوو، کرامە (بەرپێوەبەری گشتی رێکخستنو رێبەرە سیاسیەکان) بۆ ناو هێزی پێشمەرگە.. شەهید جەبار فەرمان ئەو ناوەی هەلّبژارد.

مانگی ٧- ١٩٩٣ خولی سێیەمی کادران/هەولێر- م تەواوکرد کە ماوەکەی سێ مانگ بوو. بە یەکەمی خول دەرچووم.

لەهەمان مانگدا بووم بە جێگری لێپرسراوی کۆمیتەی بالاّی عەسکەری کەرکوك، کە بارەگاکەی لە دەربەندیخان بوو. لێپرسراوەکەی دکتۆر کەمال شاکیر بوو.

لەکۆتایی هەمان سالّدا، بووم بەجێگری کۆمیتەی بالاّی عەسکەری سلێمانی کە کاك جەمیل هەورامی لێپرسراوی بوو.. لەسالّی ١٩٩٢دا بووم بەئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری (رێبازی نوێ) کە تازە ژمارەی نوێ ی لێ دەرچوو بوو، دکتۆر پێشەوا دانرابوو بە سەرنووسەری.

مانگی ٤-١٩٩٥ بوومه لێپرسراوی ڕێکخستن له هەیئەی ئەرکان، له هەولێر کە لیوا نەوشیروان مەستی لێپرسراوی بوو (سەرۆکی هەیئەی ئەرکان) بوو.. لەوێ (شوعبەی هوشیاری نیشتمانی)مان دروست کرد. ئەو ناونانە پێشنیاری من بوو کە ئێستاش لە وەزارەتی پێشمەرگە هەر بەو ناوەوەیە. هەر لەو ساڵەشدا بووم بەکارگێڕی مەڵبەندی پێشمەرگە.

له ٣١ی ئابی ١٩٩٦ له قاسمه ڕەش بووین. لەگەردەلولی تۆڵەی یەك‌و دوو چالاكانە بەشداریم کرد..

کە مەڵبەندی پێشمەرگە دروستکرایەوە و کاك عومەر فەتاح دانرا بە لێپرسراوی. وەکو کارگێڕی مەڵبەند بوومە لێپرسراوی ڕاگەیاندن‌و ڕووناکبیریی مەڵبەند. و یەکەم ژمارەی (ڕێبەری سیاسی)مان دەرکرد بەقەبارەی کتێبی ئاسایی.

ساڵی ١٩٩٩ بوومە جێگری مەڵبەندی پێشمەرگە.

- مانگی ٦-٢٠٠٢ بوومە یاریدەدەرو ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاك دکتۆر بەرهەم، بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی. کە تاکو ئێستاش ناوم لە ئەنجومەنی وەزیرانە.

- ساڵی ٢٠٠٦ خوێندنی زانکۆم تەواوکرد (کۆلێژی کارگێڕی‌و ئابوری)و بەیەکەم لەبەشی ئابوری دەرچووم. هەر لەئەنجومەنی وەزیرانیش کارم کرد.

- مانگی ١٠- ٢٠٠٦ بەلێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی ٢٧ی دووکان هەڵبژێردرام.

- لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٥-٧-٢٠٠٩ خۆم ئیستیقالەم کرد لەمەڵبەند.

- مانگی ١١- ٢٠٠٩ بوومە ئەندامی یەکەم خولی ئەنجومەنی ناوەندی.

- لەکۆنگرەی سێ دا ١- ٦- ٢٠١٠ خۆم کاندید کرد بۆ سەرکردایەتی نزیکەی ٢٥٠ دەنگم هێناو دەرنەچووم.. خۆم لەگەڵ هیچ کوتلەیەك ڕێك نەخستبوو!!.

- ساڵی ٢٠١٢ مانگی ئازار، ڕێکخراوێکی (زانستی، ئەکادیمی، ڕوناکبیری، هونەریی)مان دروستکرد، کە بنکە سەرەکیەکەی لەگوندی سابوراوایە.. تاکو ئازاری

٢٠١٣ چەندین کۆڕ و میتینگمان سازدا.. لە ١- ٣- ٢٠١٣ دا بە بەشداری ١٩ کەسایەتی زانستیو راگەیاندنکار و روناکبیر کە ژمارەی لە نیوە زیاتر یان خاوەنی شەهادەی دکتۆرا و ماستەرن، وەکو دەستەی دامەزرێنەر بەرەسمی ناوی رێکخراوەکەمان راگەیاند {( هەوارگەی گەشەپێدانی تواناکان – منتجع تنمية القدرات في كوردستان – Resort Capacity Development in Kurdistan }

- لەرۆژی ١- ٣- ٢٠١٣ لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو مامۆستایانی زانکۆو پسپۆرانی بوارە جیاوازەکان رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی دامەزراند بەناوی (رێکخراوی هەوارگەی گەشەپێدانی تواناکان لەکوردستان – Hawaarga Capacity Development Organization in Kurdistan) کە لەپێناوی گەشەپێدانی توانا جۆراوجۆرەکان لەکوردستاندا کاردەکات ..


بێستون سابوراوایی
چیای پیرەمەگرون
1990



لە راستەوە : بێستون سابوراوایی,کاکەحەمەی شێخ مەلا ئەحمەد
شەهید عارفی مەلای کاکەحەمە- بەکرەجۆ.. 1974



لە ڕاستەوە: بێستون سابوراوایی,شەهید غەریب هەڵەدنی,عەلی بچکۆل,سەعدون فەیلی,
شێرکۆ بێکەس- بەرگەڵوو- 1984



لە ڕاستەوە:بورهان, پشکۆ ئەمین,عومەر,بێستون سابوراوایی,عوسمان-- هەڵەبجە- 1975/1/17
(مەڕاسیمی سوێندخواردن بۆ گیانفیداکردن لە پێناوی کوردستان دا )




کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی ڕەسمی ڕێکخراوی (H.C.D.O.K) کە بێستون سابوراوایی بەرپرسیەتی
لەراستەوە: شوان مەحمود ، فازل عومەر ، بێستون سابورایی، سەردار عەبدولکەریم
هەولێر 2013/4/4

# خەباتی نهێنیم لەریزەکانی

# رێکخستنو پێشمەرگایەتیو زیندان

**سامی جەمال محەمەد قەرەداغی**

# پرۆفایل

## سامی جەمال محەمەد قەرەداغی

کادیری ڕێکخستنو پێشمەرگەی دێرین. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٨ی گەڕەکی جولەکانی شاری سلێمانی. بەڕیشە دەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی زەویداری مامناوەنجی سنوری قەرەداغ. باوکی لەسلێمانی پۆلیس بووە، لەسۆنگەی فاکتەری سیاسییەوە بۆ بەسرە دور خراوەتەوەو بەهۆی ئەمەوە خێزانەکەشی لەگەڕەکی عەششاری شاری بەسرە گیرساوەتەوە. هەر لەوێ سامی خرایە بەر خوێندنو تەنها لەساڵی ١٩٧٠ دا، پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ئازار، ئینجا دەرفەتی لەبار بۆ گەڕانەوە بۆ سلێمانی پێك هات. لەسلێمانی قۆناغی ناوەندیو دواناوەندیی تەواو کرد.

ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردو پاش دوو ساڵ لەگوندی گاپیلۆنی دۆڵی جافەتی پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە کرد، لەوێوە چوو بۆ ناوچەی سەرکردایەتیو لەناوزەنگ گیرسایەوە.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بەئیشوکاری پێشمەرگایەتی چوو بۆ ناوچەی شارباژێڕو لەوێ هەندێ ئەرکی لەناو سلێمانی پێ سپێردرا، لەم سۆنگەیەوە لەشارباژێڕەوە چوو بۆ قەرەداغو لەوێوە بەبێ چەك ڕوی کردە شاری سلێمانی بەڵام لەنزیك سلێمانی، لەنێوان گوندی قڕگەو شەقامی شەست مەتری کە تازە

دروست دەكرا، لەلایەن هێزێكی پۆلیسەوە دەستگیر كرا.

لەو سۆنگەیەوە كە پێش ئەوەی ببێ بەپێشمەرگە، لەبری ئەوەی بۆ خزمەتی سەربازی بنێردرێ كرا بوو بەپۆلیس، درایەوە بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانیو دوای لێكۆڵینەوەی سەرەتاییو دوو هەفتە مانەوە لەزیندان، رادەستی دەستەی لێكۆڵینەوەی كەركوك كرا كە یەكێ لەدەزگا تۆقێنەرەكانی رژێمی بەعسو خاوەنی یەكێ لەترسناكترین گرتوخانەكان بوو.

لەمانگی حوزەیراندا خۆیو ٦٦ گیراوی سیاسیی تر رادەستی دادگای تایبەتی لێكۆڵینەوە كرانو هەر یەكەیان بەچەند ساڵێك حوكم درا. ئەو بۆ خۆی ماوەی ١٥ ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێنراو دواتر رەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب كرا، ماوەی دوو ساڵو هەشت مانگی لەوێ بەسەر برد. لەتەموزی ١٩٨٢دا بەلێبوردنی گشتی ئازاد كرا.

هەر ئەو ساڵە پەیوەندیی بەڕێكخستنەكانەوە كردەوەو لەپۆلی شەهید رێبواری سەر بە كەرتی شەهاب شێخ نوری لەرێكخراوی سلێمانی رێك خرایەوە. ساڵی ١٩٨٣ كرایە لێپرسراوی سەرەكی لەپۆلی عەلی جافەرانیی سەر بە كەرتی شەهید ئارامو لەو ماوەیەدا جموجوڵێكی كارای لەناو رێكخستنەكاندا نیشاندا، لەوانە بردنی بڵاوكراوە عەرەبی زوبانەكانی دەزگای راگەیاندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بۆ بەغداو دانانی لە سندوقی پۆستەی باڵیۆزخانەی وڵاتانو ئۆفیسی رۆژنامەو كۆمپانیا

بیانییەکان کە لەبەغدا بارەگایان هەبوو. بەم کارە توانی دەنگی یەکێتیو خەباتی کورد بگەیەنێ بەچەندەها لایەنی بیانی.
لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤دا بۆ جاری دووەم پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردەوەو دواتر بۆ سنوری رێکخراوی ٤ی کۆمەڵە گواسترایەوە کە بارەگاکەی لەگوندی بەلەکجاری ناوچەی قەرەداغ بوو. تا ساڵی ١٩٨٨ بەشدار بوو لەبەشێکی زۆری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لەسنوری قەرەداغو بازیانو گەرمیانو دەشتی کۆیەو بالیسانو ناو شاری سلێمانی.
پاش شالاوی ئەنفالەکانو کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨ بەشێوەیەکی نهێنی نێردرایەوە بۆ ناو شاری سلێمانی بەمەبەستی سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی پێکهێنانی تیپەکانی سوپای رزگاریی کوردستان ناسراو بەسرکو تا راپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەناو شار مایەوە.
لەراپەرینی ساڵی ١٩٩١دا فەرماندەی تیپی ژمارە ١ی سرك بوو لەسلێمانی. ئەم تیپی چەکدارەکانی سرك کە لەو ماوەیەدا فەرماندەی تیپی ژمارە یەکی سرك بوە لەسلێمانی. رۆڵێکی کارای لەرامالینی دەسەڵاتی دامودەزگاکانی رژێمی بەعسو گرتنی بارەگا سەرەکییەکانی لەگەڕەکی بەختیاریو لەهێرش کردنە سەر بارەگای ئەمنە سورەکەو گرتنی سەربازگەی سارداوو رەبیەکانی چیای ئەزمڕو بنکەکانی سنوری قەڵاچواڵاندا نواندو دواتریش بەشدار بوو لەئۆپەراسیونی رزگارکردنی شاری کەرکوك.

پاش راپەڕین بارەگای لەقەڵاچوالان داناو پاشان لەگوندی قرگەو دواتریش لەسلێمانی. لەئابی ١٩٩١ کرایە لێپرسراوی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٢ وەك لێپرسراوی هێزی پاراستنی بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان گوێزرایەوە بۆ گەلاڵە لەناوچەی باڵەکایەتی.

ساڵی ١٩٩٤ پاش پێکهێنانی سوپای یەکگرتوی کوردستان، کرایە فەرماندەی سریەی پارێزگاریی بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان. ساڵی ١٩٩٦ بەشداریی لەئۆپەراسیونی یەکەمی گەردەلولی تۆڵەو ساڵی ١٩٩٧ بەشداریی لەئۆپەراسیونی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا کردو لەماوەی نێوان ١٩٩٢ - ٢٠١٠دا ئەندامی هەر کۆنگرەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

سالّی (١٩٥٨) له دایك بووم به مالّەوه نیشتەجێی گەڕەکی (جولەکان)ی شاری سلێمانی بوین‌و ساڵی (١٩٦٤)لە قوتابخانەی سەرشەقامی یەکەم لە شاری سلێمانی چومەتە بەر خوێندن لەپۆلی یەکی سەرەتاییو لەهەمان سالّدا بەهۆی ئەوەی پێشتر باوکم لە (مەنعە تەجەوەلی) ساڵی (١٩٦٣) لە (حامیە) دەستگیر کرابوو بۆماوەی چەند مانگێك‌و لەبەرئەوەی پۆلیسی (قوه السیار) بووەو دوورخرایەوە بۆ شاری بەسرەو بەمالّەوە نیشتەجیّ شاری (بەسرە)بوین‌و دووبارە لە پۆلی یەکی سەرەتایی لە (مدرسة جول ألجمال) لە گەڕەکی (عەشار)ی شاری بەسرە خراومەتە بەر خوێندن‌و تاوەکو بەیانی یانزەی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) گەڕاینەوە شاری سلێمانی‌و هەرسێ قۆناغەکانی خوێندنم تاکو ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

سەرەتای پەیوەست بوونم بە ریزەکانی (ی، ن، ك) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە لەکۆتایی ساڵی (١٩٧٦) ژمارەی (٧٥)ی گۆڤاری (الوطن العربي)م کڕی‌و خوێندمەوە کە چاوپێکەوتنێکی کردبوو لەگەڵ هەڤاڵ (مام جەلال) لە لوبنان دەربارەی ساڵیادی دامەزراندنی (ی، ن، ك) لە دەرەوەی وڵات، بەهۆی کڕینی ئەو گۆڤارەو خوێندنەوەی ئەو چاوپێکەوتنەو بزواندنی هەستی کوردایەتی‌و نیشتیمانی‌و چینایەتی ئەوکاتە وای لێکردم بەدوای سەرەداوێکدا بگەڕێم بۆ خۆڕێکخستن لەریزی ڕێکخراوێکی چینایەتی‌و نەتەوایەتیدا، بۆ ئەو مەبەستەش بەهۆی خزمایەتی‌و دۆستایەتیم لەگەڵ (شەهید/ دکتۆر عەلی جافەرانی) کە دەیزانی من بەدوای سەرچاوەو گۆڤاری دەرەوەی وڵات دەگەڕێم بۆ خۆ رۆشنبیرکردن، لەلایەن شەهیدی نەمرەوە بەڵێنی پێدام کە پاش ماوەیەکی تر بابەتێکی رۆشنبیری چاکم بۆ پەیدا دەکات، لەدوای ئەو ماوەیە کە سەردانی کردم لەماڵەوە یەکەم ژمارەی (الشرارة)ی بۆ هێنام کە هەرچەندە ماوەی دەرچوونی بەسەر چووبوو، بەڵام لەبەرئەوەی بابەتێکی نامۆ بوو

لەلام زۆر گرنگیم پێدا. دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی ناوی، یەك نامیلکەی تری بچوکی دایە دەستم بەناوی (الاتحاد الوطني كردستاني لماذا) دوای باسو خواس کردنی بەڵێنی پێدام کە پەیوەندیم بۆ دروست بکات بە ریزەکانی (کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستان) کە ئەوسا کورتکراوەی (کملك) بوو ئەویش لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٧) لە رێگەی شەهید (دکتۆر/ عەلی جافەرانی) کە ئەو کاتە برین پێچی بنکەی تەندروستی گەڕەکی ئاشتی بوو لە سلێمانی پەیوەندی پێوە کردین بەمەبەستی رێکخستنمان لەریزەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) بۆ یەکەم جار لە کەرتی رێکخستنی (شەهید ـ ئاشتی) لەژێر ناوی نهێنی (چاپوك) بە پلەی لایەنگر وەرگیرام.

ئەو هەڤاڵانەی کە لەگەڵ ئێمەدا کاری رێکخستنمان دەکردو لەیەك شانەی سەرەکی بوین بریتی بوون لە کاك سۆران سیوەیلی + کاك ئاسۆ عەلی + شەهید(حمە رؤوف أحمد کاکی) ناسراو بە شەهید (هیوا) شەهید برهان مەلا مستەفا قەرەداغی، ناسراو بە شەهید (فەرهادی ئیزگە) شەهید فازیل حەمەڕەش فەرەج، کاك شەریف صالح أمین کە ئێستا شۆفێرە لە کارەبای سلێمانی، کاك وریا حەمە غەریب ئەندام لەکۆمیتەی رێکخستنە دێرینەکانو چەند هەڤاڵێکی تر.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٨) شەهید دکتۆر عەلی چووە شاخو پەیوەندی کرد بەریزەکانی (ی، ن، ك)و بووە پێشمەرگە لە هەرێمی پێنجی قەرەداغو لەساڵی (١٩٨٠) لە شەڕێکی دەستەو یەخەی گەورەدا لەگەڵ رژێم لەکاتی بەدیل گرتنی چەند شارەزایەکی (روسی) لە نزیك گوندی (قازانقایە) لە قەرەداغ شەهید کراو چووە کاروانی پڕ سەروەری نەمرانەوە.

دواتر (بورهان مەلا مستەفا قەرەداغی) ناسراو بە (فەرهادی ئیزگە) کە لەمانگی (١٩٨٠/٦) لە توژەڵە شەهید کرا، بووە لێپرسراوی شانەکەمانو دوای ماوەیەکی زۆر کاری رێکخستنو بڕینی پلە سەرەتاییەکانی رێکخستنو لە دوای رووداوەکانی

(هـەكاری)و لەسـەر داوای سـەرکردایەتی کـە داوا کرابـوو ئەندامـەکانی ڕێکخسـتن پەیوەنـدی بکـە بـە ریزەکـانی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـۆ ئـەو کرابـوو ئەندامەکانی ڕێکخستن پەیوەندی بکەن بە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بـۆ ئـەو مەبەسـتەش لەلایـەن ڕێکخـراوی سلێمانی ئەوسا پـەخش نامەیـەك دابـەزی بۆمانو لەسەر خواستو ئارەزووی خۆمـان چەند کەسێك لـە هـەڤاڵانی پۆلەکـەمان ئامادەییمـان دەربـڕی کـە بچـینە شـاخو پەیوەنـدی بکـەین بـە ریزەکـانی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش هەریـەك لـە (کـاك ئاسـۆ عـەلی، سالار عبدالله ناسراو بە سالاری تیپی ٥٧ سەرگرمەو سامی جـەمالو هەریـەك لـە شـەهیدان (حەمەد رەئوف ئەحمد کاکی ناسراو بە شەهید هیوا، فەرهاد مەلا مسـتەفا قـەرەداغی (فەرهادی ئیزگە)، سوارە سیوەیلی، فاضیل حەمەڕەش جافەرانی) لە سـنوری گونـدی (قولەڕەشو خەمزە)ی نزیك شاری سلێمانی بە هاوکاریو چاوساغی (کاك ئەحـمـەدی کاکی) باوکی شەهید (هیوا) پەیوەندیمان کرد بە ریزەکانی هێزی پێشمەرگە کە لـە گوندی (گاپیلۆن) لە ساڵی (١٩٧٩) لەسـەرەتاوە بـۆ شـەوەکەی لـە (گـاپیلۆن) ماینـەوەو بـەیانی زوو چـاومان کـەوت بـە شـەهیدی هـەرگیز نـەمر (جـەمالی عـەلی بـاپیر) کـە لەهـەمان جێگـە (کـاك صـەلاح چاوشـینی) لەگەڵـدا بـوو، دوای بـەخێرهێنانو گفتوگۆکردنو ڕێنمـای کردنمـانو پـاش مانـەوە بـە چـەند ڕۆژێـك بـە هاوڕێیـەتیو چاوساغی کاك (عومەر کۆکەیی) رەوانەکراین بۆ بارەگای سەرکردایەتی کە ئەو کاتـە بارەگای لە سـنوری ئێـران لـە ناوچـەی (نـاوزەنگ) بـوو، بەچـەند ڕۆژێـك گەیشـتینە جێگـا، لەسـەرەتاوە لەلایـەن بـەڕێز کـاك (مـەلا بـەختیار) بـەخێرهاتن کـراینو دابەشکراین بەسەر بارەگاکانی سەرکردایەتی لـە نـاوزەنگ دواتـر چـاومان کـەوت بـە کاك (نەوشیروان)و دوای یەك دوو ڕۆژ لەلایەن هـەڤاڵ (مـام جـەلال) پێشـوازی گـەرم کراینو کۆبونەوەیەکی ئاساییمان لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجامـدا لـە سـەربانی بارەگاکـەی بـەڕێزیان، لـەو کۆبونەوەیـەدا مـن بـۆ خـۆم دیاریـەکی بـەنرخم دایـە بـەڕێزیان کـە

بریتی بوو له كتێبی (چەپكێك لەوتەكانی ماوتسی تۆنگ) لەو كاتەدا بارەگاكانی ناوزەنگ بریتی بوون له بارەگای سەركردایەتی (ی، ن، ك) سەركردایەتی (كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان) كە بەرێزان (هەڤاڵ مام جەلال، كاك نەوشیروان، كاك مەلابەختیار، كاك سالار عەزیز، كاك كەمال خۆشناو) بارەگایان هەبوو لەوێ، جگە لەبارەگای حزبی بەعسی عێراقی باڵی چەپ كە سەر بە سوریا بوون، هەر لەو ماوەیەشدا هەڤاڵانی زیندان هاتنە دەرەوەو پەیوەندییان كرد بە ریزەكانی (ی،ن،ك) كە بریتی بوون له هەڤالان (كاك فەرەیدون عەبدولقادر، كاك جەبار فەرمان، كاك عومەری سەید عەلی، شەهید ئەنوەر حەسەن، كاك ئاسۆی شێخ نوری، كاك شێخ دارۆ).

دوای دابەش كردنمان بەسەر بارەگاكاندا منو شەهید (فاضیل حەمە ڕەش) بەر بارەگای (كاك سالار عەزیز) كەوتین، ئەوكاتەش برادەرانی ئەو بارەگایە بریتی بوون له كاك (دلێری سەید مەجید) كاك (پشكۆی سەعید ناكام)، شەهید (والی باریكەیی)، شەهید (بێستون عەسكەری)، شەهید (خەباتی حاجی جەمیل)و دواتریش (شەهید ئەنوەر حەسەن)هاتە هەمان بارەگا، لە كۆتایی ساڵی (١٩٧٩) كاك سالار عەزیز بە ئیش‌و كار چووە دەرەوەی وڵات، هەر لەو سەردەمەدا رۆژنامەنوسێكی (هۆڵەندی) هاتە سنووری سەركردایەتی لەگەڵ تیمێكی رۆژنامەنوسی تەلەفزیۆنی بە مەبەستی چاوپێكەوتن‌و نوسینی ریپۆرتاژێك لەسەر گەشەكردن‌و فراوانبوونی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، كە بۆ یەكەمجار لە مانگی (١٩٧٩/١٢) بە شێوەی نمایش‌و هێرش بردن بۆسەر رەبیەی دوژمن له ناوزەنگ فلمێكی دۆكۆمێنتی لەسەر شۆڕشی نوێی گەلەكەمان تۆمار كرا لەلایەن ئەو تیمە رۆژنامەنوسییە هۆڵەندییەوە كە ئێمەش گشت پێشمەرگەكانی بارەگای سەركردایەتی بەشداریمان تێدا كرد بەسەركەوتویی.

له سەرەتای ساڵی (١٩٨٠) ئێمە بە کارێك هاتینە خوارەوە بۆ سنوری شارباژێڕ، بە مەبەستی کارێك گەڕامەوە بۆ قەرەداغ بەبێ چەكو لەنزیك سلێمانی، لە نێوان گوندی قڕگەو شەقامی (شەست مەتری) کە تازە دروست دەکرا، دەستگیر کرام لەلایەن هێزێکی پاسەوانی پۆلیس لەبەرئەوەی هیچ بەڵگەنامەو چەکم پێ نەبوو لە پێش چوونە دەرەوەم لە بری سەربازی کرابووم بە پۆلیس لە پۆلیسی هەڵاتبووم، درامەوە بە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سلێمانیو دوای لێکۆڵینەوەی سەرەتاییو دوای دووهەفتە مانەوە لە زیندان رەوانە کرام بۆ ( هەیئەی تەحقیقی کەرکوك) کە ئەوسا یەکێك بوو لە زیندانە ترسناكو سامناکەکانی رژێمی لەناوچوی بەعس، لەو زیندانەدا هاوەڵی کۆمەڵێك تێکۆشەرو ماندونەناسی کوردایەتی بووین کە بریتی بوون لەم بەڕێزانە.

(شەهید/ عومەر میرزا، شەهید/ مەلا زەوقی، شەهید/ دکتۆر رێبازی برای شەهید شەماڵی باخ، شەهید/ تاریقی حاجی جەلال دەربەندیخانی، شەهید/ لوقمان حاجی سەعید برای شەهید (حاجی چاوشینی گومرگ)، شەهید مام عوسمان کۆیی سەر بە (حشع)و شەهید (ئەکرەم حەپسە)و، شەهید حامید سوسێی، شەهید لەتیف سەنگەسەری، مامۆستا مەحمودی مەلا عیززەت، مامۆستای تێکۆشەرو قارەمان مەحمود قەرەداغی، شەهید هاوار بادینی سەر بە (پ، د، ك) لەهەمان زیندان چەند تێکۆشەرێکی ترمان لەگەڵ بوو کە تاکو ئێستا لەژیاندا ماون وەك بەڕێزان (مامۆستا ئەحمەدی زیندان کە ئێستا لە هۆڵەندا دەژی، کاك سەرداری کاکە حەمە بەرزنجی لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەولێر، مامۆستاو نوسەر (ئەحمەد عارف) کە ئێستا لە پرۆژەکانی نەوتی سلێمانییە، کاك عومەری حەمەعەلی چەمچەماڵی کە ئێستا ئەفسەری ئاسایشە لە چەمچەماڵ، تەهای مەلا تەیفوری مۆفەری، عەلی مامە کە ئێستا لە کۆمپانیای توژەڵە کارمەندە، فەتاح خەلەکانی، هیوای شێخ عەلی قەرەداغی، کە ئێستا لێپرسراوی پۆلیسی گرتنو گواستنەوەی سلێمانیە، کاك سەلامی

مەلا حسێن، بەكرە چاوسوری گومرگ، یاوەربانی خێلانی، ئاراسی حەمە سور، شەهابی خولەی ئاسنگەری هەڵەبجەیی، حەسەن خەنجەری گۆرانی بێژی ناوچەی بادینان‌و چەندین هەڤاڵی تر كە ئێستا ناویانم لە یاد نەماوە.

لە كۆتایی مانگی (٦/١٩٨٠) كۆمەڵێكی زۆرمان كە بریتی بووین لە (٧٦) زیندانی، رەوانەی دادگای بەناو (محكمة التحقیقیة الخاصة/كركوك) كراین‌و هەر یەكەمان بە چەند ساڵی جیاجیا حوكم دراین‌و من بۆ خۆم بۆ ماوەی (١٥)ساڵ حوكم درام‌و دوای ئەوە رەوانەی زیندانی (ئەبوغرێب) كراین لە بەشی (الاحكام الخاصة) ماوەی دووساڵ‌و هەشت مانگم بەسەر برد، لە لێبوردنی گشتی (١٩٨٢/٧/١٨) ئازاد كراین.

لەكاتی گواستنەوەمان بۆ زیندانی (ئەبوغرێب) كۆمەڵێك مێرد منداڵمان لەگەڵدا بوو كە حوكم درابوون‌و ژمارەیان (١٤) تێكۆشەر بوو، بەپیلانێكی نامەردانە لە كاتی گواستنەوەیان لە كەركوك بۆ بەغداد، لە شاری دوزخورماتو ئاگر بەردرایە ئوتومبێلەكەیان‌و هەموویان شەهید كران كە لەناویاندا (شەهید/ لوقمان حاجی سەعید پینەچی) تیادابوو تاوەكو هەر هەموویان نەسوتان‌و شەهید نەبوون دەرگای ئوتومبێلەكەیان بۆ نەكردنەوە.

لەو كاتەی لە (ئەبوغرێب) بووین كۆمەڵێك تێكۆشەری كوردو عەرەب‌و توركمان‌و كەمایەتیەكانی تری عێراق لەو زیندانەدا بوون، كە رۆژ بەرۆژ خەڵكی شۆڕشگێڕو بەرهەڵستی كوردو عەرەب لە زیادبوندا بوون، لە سەرو هەموویانەوە پشكی سەرەكی لەو زیندانە بریتی بوون لە كوردو عەرەب‌و شیعە مەزهەب كە بە بەرهەڵستكاری سەرەكی رژێمی لەناوچوی (صەدام حسێن)دەژمێردران.

هەر بۆ مێژووش لەهەمان زیندان چەند كەسێكی تری بیانی‌و فەلەستینی تیابوو كە بەرچاوترینیان (مستەر جۆن) خەڵكی بەریتانیا بوو لەسەر كاری جاسوسی حوكمی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنرابو.

لە هەمان زینـدان چـەند بەرهەڵستکارێکی تـری عیراقـی لەگەڵمانـدا بـوون وەك (عزيز العقيلی) کە لە کودەتا شومەکەی ساڵی (١٩٦٨) وەزیری بەرگری عیراقـی بـوەو لەسـاڵی (١٩٨٢) لـە هـەمان زینـدان لەلایـەن مخابـەراتی عێراقـی دەرمـان خـوارد کـراو گیانی سپارد.

جگە لەوەیش زیندانیەکی تر بە نـاوی (خالد القشطيني) ئەنـدازیاری تەلارسـازی بەناوبانگی عێراق‌و لەو زیندانەدا لەگەڵماندا بوو.

لـەو کاتـەی کـە لـە زینـدان بـووین کۆمـەڵێکی زۆری زیندانیـەکان بـە بێوچـان‌و بەنهێنی کاری ڕێکخستنمان دەکرد بەڵام بەبێ بەرنامە بـۆ داڕێـژراو، لـەکاتی شـەهید بـوونی پێشـمەرگەی قارەمـان (کـاك ئـەنوەر حەسـەن) لـە گونـدی قـازان، بـە نهێنـی نامەیەکی پڕحەماسمان رەوانەکرد بۆ بەڕێز (کاك مەلا بـەختیار) بـەناوی کۆمـەڵێك لە زیندانیەکان لە ئەبوغرێب، لە بەهاری ساڵی (١٩٨٢) هەر هەمان کۆمەڵ کە بریتـی بوون لەم برادەرانە (سامی جەمال، سەردار کاکە حەمە بەرزنجی، ئاراس حەمە سور، عەبـدوڵڵا بچـکۆلی قـەڵادزێ، تـەهای مـەلا تـەیفور، وەسـتا دڵشادی ڤیـدیۆ، شـەهابی خولەی سەنگەر) چەند هەڤاڵێکی تر ئاهەنگێکی خنجیلانەمان ڕێکخست بـە بۆنـەی ئاهانگی چەژنی نەورۆزو لەنێو زیندانی (ئەبوغرێب) ئەو ئاهەنگە دەنگی دایەوە.

هەر بۆ مێژوو لەساڵی (١٩٨٠ ـ ١٩٨٢) لە زیندانی ئەبو غرێب بە دەیەها تێکۆشـەری کوردو شیعە لەسێدارە دران کە ڕۆژانە بە پۆل بۆ بەردەمی سێدارە دەبران‌و لەلایـەن جەلادی بەناوبانگی ئەوسای زیندانی ئەبوغرێب بە ناوی (ابو ويداد) ملیان دەکرا بـە پەتی سێدارەدا، لەهەمان ساڵدا کۆمەڵێکی زۆر گەنجی کوردە فەیلیـەکان لـەو زیندانـە دەست بەسەر بوون لەگەڵ ئێمەدا کە دواتر بە پیلانـی گڵاوی ڕژێـم هـەر هـەموویان شەهید کران‌و تاوەکو ئێستاش گۆڕەکانیان نەدۆزراوەتەوە.

لە دوای ئەو لێبوردنە گشتییەی کە شێخی بەڕێزو نـەمر (شـێخ قـادری چوێسـە)و پیـاوە ئاینییـەکانی کوردسـتان چـوونە لای دیکتـاتۆری عێـراق (صـەدام حسـێن)و

داواکاری شێخ چوێسه بۆ لێبوردن دەرکردنو هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی لەگەڵ حزبە بەرهەڵستکارەکانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستەش لە مانگی (١٩٨٢/٧) لێبوردنی گشتی دەرچوو زیاتر لە (٧٠٠) زیندانی کورد ئازاد کراین. دوو رۆژ دوای گەشتنەوەمان بۆ سلێمانی بە مەبەستی بەخێرهاتنەوەمان ئەم هەڤاڵانە سەردانیان کردم (عەباس ئەحمەد، ناسراو بە (عەباس شوان) برای شەهید (عەلی چەلەبی) کە ئێستا لە ئەوروپا پەناهەندەیە لەگەڵ کاك شەریف صالح شۆفێر لە کارەبای سلێمانی، وەستا وریا حەمە غریب ئەندامی کۆمیتەی تێکۆشەرە دێرینەکانو بە تەنیا دانیشتنمان کردو پەیوەندیان بۆ دروست کردمەوە لەگەڵ پۆلی (شەهید رێبوار) سەر بە کەرتی (خاڵەشیهاب) کە ئەو کاتە سەر بە رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو.

دوای ماوەی چەند مانگێكو لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٣) پەیوەندییەکەمان گواسترایەوە بۆ پۆلی (شەهید دکتۆر عەلی) سەر بە کەرتی شەهید ئارام، من بۆخۆم کرامە لێپرسراوی شانەی سەرەکی لەژێر ناوی نهێنی رۆستەم لەگەڵ هاوڕێی دێرینو تێکۆشەرو ماندونەناس (رەزا ئەحمەد) ناسراو بە (مام رەزای کارگەی جگەرە) کە ناوی نهێنی (ھ/رازی) بوو باوکی هەردوو شەهیدی نەمر (د. ئاسۆ، ئاکۆ).

لێپرسراوەکەمان هاوڕێی تێکۆشەر (دکتۆر/ هاوڕێ ئەحمەد) بوو کە ناوی نهێنی (ڕێژین) بوو، کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە کارمان دەکرد و پۆلەکەمان بە یەکێك لە پۆلە چالاکەکانی کەرتی شەهید (ئارام) و دواتر لە کەرتی (شەهید مامە ڕیشە) ناوی دەرکرد، لە کاتی گفتوگۆکانی سەرکردایەتی (ی، ن، ك) لەگەڵ ڕژێم چەند هاوڕێیەکی تر بەرزکرانەوە بۆ شانەی سەرەکی ژمارەیەك کە یەکێکیان کاك (خلیل عەبدوڵلا ئابلاخی) کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی بیروهۆشیاریە لەگەڵ (صدیق ڕەفیق ئابلاخی) بوون، زۆر جار کۆبونەوە نهێنیەکانی شانەی سەرەکیمان دەبردە ناو باخەکەی مامە عەبەی باوکی کاك (خەلیل ئابلاخی) لە نزیك گەڕەکی

مانگرتووەکان کە دەکەوێتە خوار وێستگەی کارەباکەی شاری سلێمانی. لەو ماوەیەدا شانە سەرەکییەکەمان بەشداری گرنگی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو کارو چالاکی هێزی پێشمەرگە بەنوسراو و نوسینی دروشمەکانی (ی، ن، ك) لەسەر دیوارەکانی شاری سلێمانی، بۆ ئەو مەبەستە چەندجارێك سوپاس نامەو دەست خۆشیمان بۆ دادەبەزی کە لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانی بۆمان ڕەوانە کرابوو .

لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٤) کۆمەڵێك پرسیار دابەزی کە خۆی لە چواردە پرسیاری هەمەلایەنی (ڕامیاری ، مێژووی، فەلسەفەوهەمەجۆر)دا دەبینیەوە، دوای ئەوە هەڤاڵەکانی شانەی سەرەکی ژمارە یەکی پۆلی (شەهید/دکتۆر عەلی) بەپلەی زۆر باش سەرکەوتن لە پلەی پاڵێوراو بۆ پلەی (ئەندام) کە ئێمە یەکێك بووین لەو کەسانەو پلەی ئەندامامان پێدرا .

هەر بۆ مێژووش لەگەڵ هاوڕێی ڕۆژانی خەبات (ڕەزاقی حاجی ئەحمەدی قادر قەساب) ناسراو بە (هـ/ڕەوا) زۆربەی جار بڵاوکراوە عەرەبییەکانیو ڕۆژنامەی (الشرارە)مان گەیاندوەتە شاری بەغداد بە زەرفی تایبەت دەمانخستە ناو سندوقی پۆستەی باڵوێزخانەی وڵاتەکانو نوسینگەی ڕۆژنامەو کۆمپانیا بیانیو عەرەبیەکان کە بارەگاکانیان لە شاری بەغداد بوو، مەبەستیش لەوە بۆ ئەوەی ئەو باڵیۆزخانانەو ڕۆژنامەنوسو ڕۆژنامەکانو کۆمپانیاکان بزانن کە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە چ بوارێکی سەربازیو فیکری دایەو تاوەکو ئاگاداربن لە کارو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە چۆن گورزی دەوەشاند لە سوپای ڕژێمی داگیرکەر لەو سەردەمەدا .

ساڵی (١٩٨٤)کاتی گفتوگۆکانی مفاوەزات لەگەڵ ڕژێمدا لەلایەن ڕێکخراوی سلێمانیەوە پەخش نامەیەك دابەزێنرا بۆ ئاستی پۆلەکان بەمەبەستی دروستکردنی مەفرەزەی نهێنی لەناو شار بۆ ئەو مەبەستە لە پۆلی شەهید دکتۆر عەلی، شەرەفی ئەندامێتی لەناو ڕیزەکانی (هـ. پ، ك) لە یەکەم مەفرەزەی تۆڵە بە من و کاك

(ڕەزاقی حاجی ئەحمەد قادر قەساب) بەخشرا ، کە لە دوایدا لەگەڵ هەڤاڵەکانی ترمان دەوری باشمان بینیو زەبری گورچك بڕمان گەیاندە سەرانی ڕژێم لە سنوری شاری سلێمانیو دەرەوەی هەرێم، کە زۆربەی ئەو چالاکییە سەربازییانەی ئەوسا کە لەناو شاری سلێمانی ئەنجام دەدرا لەڕێگەی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان دەخوێنرایەوە بە ناوی چالاکی تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لەسنووری دەوروبەری شاری سلێمانی بونیان هەبو، مەبەستیش لەوە لەبەر ئەوە بووە کە ڕژێم نەزانێت پێشمەرگەی ناوشار هەیەو نەکەوینە ژێر چاودێرییانەوە .

لە هەمان کاتدا هەڤاڵەکانی ڕێکخستنی سنوری شانە سەرەکیەکەمان دەوری چاکمان بینی لە کۆکردنەوەی زانیاریو نەخشەی سەرجەم سەربازگەو بارەگاو مۆڵگەکانی دوژمن لەناو سلێمانیو دەوروبەریو دواتر ڕەوانەکردنی بۆ ڕێکخراوی سلێمانی کە ئەو کاتە ناوی نهێنی ڕێکخراو (پیرەمەگرون) بوو .

لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٨٤) دووبارە لەبەر خۆپاراستنمان بەهۆی ئاشکرابوونو گیرانی چەند هەڤاڵێکی خوار خۆمان کە پێشتر دابڕێندرابوون لە ڕیزەکانی ڕێکخستن، بڕیارماندا لەگەڵ هەڤاڵ (ڕەزاق حاجی ئەحمەد قادر قەساب) پەیوەندی بکەین بەڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنوری سەرکردایەتیو دواتر گواستراینەوە بۆ سنوری ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە کە ئەو کات بارەگاکەی لە سنوری ناوچەی ئازادکراوەکانی قەرەداغ بوو لە بەلەکجاڕو دواتر لە ناو قۆپی قەرەداغ .

بۆ ئەو مەبەستەو لەبەر ئەرکی پێشمەرگایەتی لەکاری ڕێکخستنی ناوشار دورکەوتینەوەو خەباتی ناوشارمان گواستەوە بۆ خەباتی شاخ، لە بارەگای بەڕێز(کاك/عومەر فەتاح) درێژەمان بەکاری پێشمەرگایەتی داوەو بەشداری بەرچاومان هەبووە لە سەرجەم داستانو چالاکییەکانی سنوری قەرەداغ و بازیانو ناوشاری سلێمانی و کرکوكو سنوری گەرمیانو چی بەهاوبەشیو چی بەکاری پێشمەرگایەتی فەردی لەگەڵ (ڕەزاقی حاجی ئەحمەد) بەشداری گشت

نەبەردییەکانی بەرگری لە سنورەکانی قەرەداغ و گەرمیانو ناوشوانو دەشتی کۆیەو ناوچەی بالیسان مان کردووە لە کاتی هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان لەسەرجەم ئەنفالە شومەکاندا.

هەتاوەکو دوای ئەنفالەکان لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٨) لەسەر سنور و لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی ئەوساو لەسەر ڕاسپاردە بەنهێنی نێردرامەوە بۆ سلێمانی بەمەبەستی سەرپەرشتی کردنی تیپی ژمارە یەکی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرك) لە سلێمانیو یەکەم پێشمەرگە بوین وەك فەرماندەی تیپی نهێنی توانیمان تیپی ژمارە یەکی (سرك) بنیات بنێینو سەرپەرشتی بکەین کە ئەو کاتە جێگرەکەم (ڕەزاقی حاجی ئەحمەدی قالەی قەساب) بووەو تیپەکەمان لە دوای ئەنفالەکان جێگا دەستی دیار و بەرچاوی هەبووە لە ئەنجامدانی چالاکی پێشمەرگانە لەناو شاری سلێمانی و بەغداد و بێ دابڕان بوین و یارمەتی مانگانەمان وەك پێشمەرگەی شاخ بۆ هاتووە هەتاوەکو مانگی (١٩٩١/٣) بەهۆی هەڤاڵی هەرگیز نەمر کاك (حەمە نوری گەرمیانی) ناسراو بە (ھ/مراد) و تیپی ژمارە یەکی (سوپای ڕزگاری کوردستان /سرك) بریتی بون لەم پێشمەرگانە (سامی جەمال قەرەداغی ، ڕزگار حاجی ئەحمەد قەساب، لەتیف ئەحمد قادر، حەیدەر عومەر کەریم، عومەر کەریم مەعروف، ژیان تەها رەحیم ، سیروان سادق محەمەد ، هیوا حەمە ئەمین ناسراو بە (هیوا چەچەسوتاو) .

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری گشت شەڕەکانی سنوری قەرەداغ و بەرگری لە گشت هێرشەکانی ئەنفالی (دوو، سێ، چوار، پێنج) لە سنوری قەرەداغ، گەرمیان، ناوشوان، دەشتی کۆیە، سنوری دۆڵی (هیران و نازەنین) و ناوچەکانی بالیسانو سنورەکاندا بە ئاگاداری گشت برادەرانی ڕێکخراوی چوار بەشداریمان کردووە .

لە ڕاپەڕینی پڕ شکۆی گەلەکەمان لە ساڵی (١٩٩١) تیپەکەمان بەشداری بەرچاوی هەبووە لە پاککردنەوەی شوێنو مۆڵگەکانی دوژمن لەناو شاری سلێمانیو بارەگای

قیادەی ئەنفالی بەعس لە گەڕەکی بەختیاری و لە هەڵمەتی ڕۆژی دووەمی ئەمنە سورەکە و پاککردنەوەی سەربازگەی سارداو ڕەبیەکانی شاخی ئەزمڕ و سنوری قەلاچوالانو دواتر لە هەڵمەتی ئازادکردنی شاری کەرکوك شەرەفی ئەوەمان پێبڕا کە لەپاککردنەوەی فرۆکەخانەی سەربازی (الحریة) لە کەرکوكو دەستبەسەراگرتنی کۆمەڵێکی زۆر لە دۆکۆمێنتی فرۆکەخانەکە و گەیاندنی بە ئامانەتەوە بۆ دەستی هەریەك لە کاك (هەڵۆ ئەحمەد کوردە ، خالید ڕەزا) کە ئەو کاتە سەرپەرشتی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی (ی. ن. ك) ی سلێمانی بوون لە پێش کۆڕەوەکەدا .

لەبەر ئەوەی لەسەرەتای ڕاپەڕین ئێمە وەك فەرماندەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەکی سلێمانی دەست نیشان کراین و دوای پاشەکشەمان بۆ سەر سنور لە دوای ڕاپەڕینەکە ، تیپەکەمان لە قەلاچوالان بوو دواتر لە مانگی (١٩٩١/٤) بارەگای تیپەکەمان بردە گوندی (قرگە)ی نزیك شاری سلێمانیو دواتر لەسەر ڕاسپاردەی سەرکردایەتی ئەو کاتە لە مانگی (١٩٩١/٥) وەك تیپی تایبەتی پارێزگای (لیژنەی تەنسیقی مەرکەزی سلێمانی) بارەگای تیپەکەمان هێنایە ناو بینای (یانەی ئەندازیاران) کە ئەو کاتە کاك (شێخ سالار حەفید زادە) وەك لێپرسراوی تەنسیقی مەرکەزی لەسلێمانی دیاری کرابوو .

لەو ماوەیەی سەردەمی گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێم کە ئێمە فەرماندەی تیپی ناو شاری سلێمانی بوین لە لیژنەی تەنسیق، تیپەکەمان دەوری بەرچاوی هەبوو لە گشت ئەو کار و چالاکییانەی ئەوسای ناوشار کە بە نهێنیو ئاشکرا ڕوبەڕوی هێزەکانی ڕژێمی لە ناوچوی بەعس دەبوینەوە و بۆ ئەو مەبەستەش دەوری بەرچاومان هەبوو لە تەمێکردنو بەربەستکردنی گشت ئەو دەست درێژیانەی کە ڕۆژانەو بەبەردەوامی بە بەرچاوی خەڵکەوە هێزەکانی ڕژێم ئەنجامیان دەدا لە سلێمانی .

بەشداری گشت ئەو نەبەردیو ڕوبەڕوبونەوەمان کردووە لەناو شاری سلێمانی وەك نەبەردیەکانی مانگی (١٩٩١/٥) مانگی (١٩٩١/٧) وە نەبەردیەکانی مانگی(١٩٩١/١٠)

کە بووە هۆی وەدەرنانی هێزەکانی ڕژێمی لەناوچوو بە یەکجاری لە شارەکانی هەرێمی کوردستان .

لە مانگی (١٩٩١/٨) بارەگای تیپەکەمان چوە ناو بینای ئێستای مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی و وەك لێپرسراوی تیپی تایبەتی پاێزگاری مەڵبەندی یەك دەست بەکاربوین لە دوای هاتنی بارەگای مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکی سلێمانی بۆ ئەو جێگایەی کە ئێستا تیایدا بەردەوامە لە کارکردن کە بە هیمەتی ئێمە و کۆمەڵێك برادەری تر توانیمان پاکی بکەینەوە و بکرێتە ئەو مەڵبەندەی کە تاکو ئێستا بەسەرکەشی و سەرکەتویی کاری ڕێکخستنی تیادا دەکرێت .

بەهۆی هەڵبژاردنەکانی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی(١٩٩٢) جگە لە کاری خۆمان وەك فەرماندەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەك، کرام بە لێپرسراوی بانگەشەی بنکەی شەهید (وەستا لەتیف کانی سپیکەیی) لە گەڕەکی شەهیدانی زەرگەتەو ڕۆڵی باشمان گێڕا لە کۆکردنەوەو هاندانی خەڵکی ئەو سنورە بۆ بەشداری کردن لە یەکەم پرۆسەی دەنگدانی ئازادی بۆ پەڕلەمانی کوردستان .

مانگی(١٩٩٢/٥) وەك فەرماندەی تیپ گواسترامەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی تیپی تایبەتی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کە ئەو کاتە بارەگاکەی لە ناوچەی (گەلاڵە)ی سنوری باڵەکایەتی بوو و دواتر بارەگای سەرەکی هێنرایە شاری سلێمانی لەسەر شەقامی سەرەکی (مەلیك مەحمود) ی سنوری گەڕەکی (حاجی ئاوا) .

تیپەکەمان کە ژمارەی پێشمەرگەکانی (١٢٠) پێشمەرگە بوو ، یەکێك بوو لەو تیپانەی ناوشاری سلێمانی کە بەشداری بەرچاومان هەبووە لە گشت ئەو چالاکی و ئەرکانەی ئەو کاتەدا کە پێمان دەسپێردرا و جگە لە ئەرکی خۆمان لە پارێزگاری کردنی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان بەشاهیدی لێپرسراوە سەربازیو سیاسیو ڕاگەیاندنکارانی ئەو کاتە، بەشداری تەواوەتیمان هەبوو لە گشت چالاکی و ڕوبەڕوبونەوەکانی سنورەکانی (شارەزور، شاخی حەمەد ئاغا، شاخی کڵاو قاسم،

شاخی زینەتیر لە بالیسان و ناوچەی هیران‌و هێرشەکانی ساڵی(١٩٩٥) بۆ سەر شاری کەرکوك.

ساڵی (١٩٩٤) لەگەڵ دروست کردنی سوپای یەکگرتووی کوردستان وەك فەرماندەی سریەی تایبەت سەر بە فەوجی ڕاگەیاندنی (ی. ن. ك) کە ئەو کاتە فەرماندەی فەوجەکەی (کاك عەبە ڕەق) و جێگرەکانی (مامە سەعە و عەلی چەلەبی) بوون و ئێمە وەك فەرماندەی سریەی پارێزگای ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان دەست بەکاربووین.

لەسەرەتای مانگی (١٩٩٢/١) بەشداری کۆنفرانسی کۆمیتەی یەکی ڕێکخستنی (ی. ن. ك) م کرد بۆ مەبەستی بەشداربون لە کۆنگرەی یەك‌و لە کۆی (٢٨) دەنگ توانیم (٢٣) دەنگ بە دەست بێنم و دەرچوم و شەرەفی بونە ئەندامی یەکەم کۆنگرەم پێ بڕا .

دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی(٢٠٠٠) لە سنوری کۆمیتەی شارباژێر خۆمان پاڵاوت و توانیمان دەنگێکی باش بهێنین بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی (٢)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و شەرەفی بەشداریکردنمان هەبوو وەك ئەندام لە کۆنگرەی دووەمی (ی. ن. ك) کە لە سلێمانی بەسترا بەسەرکەوتویی .

لە ساڵی(٢٠١٠) بەشداری کۆنگرەی (٣)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانمان کردووە کە بە هەمان شێوە بەسەرکەوتویی لە سلێمانی بەسترا و تاوەکو ئێستا شەرەفی ئەندامی (٣) کۆنگرەی (ی. ن. ك) مان پێبڕاوە .

ئێستایش ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان و ئەندامی کۆمکاری زیندانیانی سیاسی کوردستان و ئەندامی کۆمەڵەی ڕێکخستنە دێرینەکان و ئەندامی کارای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانم .

لە گشت ڕوداوەکانی کوردستان هەڵوێستمان هەبووە و لە ڕوداوەکانی ساڵی (١٩٩٦) لەسەر سنوری هەرێمی کوردستان بووین و دواتر بەشداری هەردوو هێرشەکانی

گـەردەلولی یـەك و دوومـان كـردووە و جێگـای زۆری شـانازیمە كـە هـەتاوەكو ئێـستا بـەردەوام و بـەبێ دابـڕان لـە ڕیزەكانی (ی. ن. ك) كاری حیزبـی دەكـەم و لـە كـاری حكومی لە دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستان بە پلەی (عەمید) درێـژە بـەكارەكانم دەدەم .



ئەم وێنەیە لەكاتی ئەنفالەكان گیراوەلە ڕۆژی ( ١٩٨٨/٤/١٩ )لە دەشتی كۆیە وێنەی پێشمەرگەكانی ڕێكخراوی چواری كۆمەڵەی ڕە نجدەرانی كوردستان،

( وێنەكە بە كامێرای بەڕێز( كافیە سلێمان ) گیراوە

*ڕاوەسـتاوەكان لەڕاسـتەوە ( چـیای موزیع، شـهابی گومرگ، حەسـەن كوڵەجۆیی، سـامی جـەمال قەرەداغی، عومەر كەریم، نەوزاد كەریم، هیوا چەچەسوتا ، شەهید عـەزیز برغوش، شمـالی قرتپـە ، نورەدین دوزی.

دانیشتوان لەڕاستەوە( سەیوان مامۆستا غازی، شەهید تەها، شـەهید توفیـق سور، شـەهید یوسـف ،ئازادی لەندەن ،شەهید سەفین، شەهید بەكرەسوور، كارزان قەرەداغی، عەلی جەلال.



ئەم وێنەیە لە ڕۆژی (١٩٨٨/٤/١٨) گیراوە
لە دوای ئەنفالەکان لە گوندی زایەر/ پشتی تاسڵوجە

ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ:

١- ئازاد جەمال ٢- تەڵعەت ناسراو بە (شەماڵ) ٣- شەهید تەها سیۆسێنانی ٤- نەوزاد کەریم ٥- شەهابی گومرگ ٦- شەهید یوسف گەرمیانی ٧- شەهید تۆفیق ئەحمەد ٨- هیوا چەچەسوتاو

٩- نورەدین دووزی ١٠- چیای موزیع ١١- سەیوانی مامۆستا غازی ١٢- شەهید عەزیز برغوش ١٣- عومەر کەریم.

دانیشتووەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ:

١- شەهید سەفین ٢- شەهید بەکرە سوور ٣- سامی جەمال قەرەداغی ٤- کاک عومەر فەتاح

٥- کافیە سلێمان ٦- ڕەحمەخان (خێزانی کاک عومەر غەریب) ٧- کارزان قادر قەرەداغی ٨- نەوزاد.



ئەم وێنەیە لە ڕۆژی ( ١٩٧٩/١٢/١٥ ) گیراوە لە خڕی ناوزەنگ لە بارەگای ( کاك سالار عزیز )
ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ:
١- شۆڕش کەرکوکی ٢- فەرهاد کەرکوکی ٣- شەهیدی فەرماندە ( ئەنوەر حەسەن )
٤- شەهید خەباتی حاجی جەمیل ٥- دلێری سەید مەجید ٦- سۆران سیوەیلی
دانیشتووەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ:
١- سامی جەمال قەرەداغی ٢- شەهید والی باریکەیی ناسراو بە ( جوامێر )
٣- شاخەوان.
*ئەرشیفی ( سامی قەرەداغی ) ناسراو بە( ھ/ڕۆستەم )



**ئایاری ١٩٨٨ – سەرزێی دوکان**

**١- سەفین ٢- شەهابە رەش ٣- کارزان قەرەداغی ٤- عەلی جەلال ٥- سامی جەمال**



**١٩٨٨ – ئەنفال**

**سامی جەمال قەرەداغی**



**ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە - دەشتی کۆیە**



**ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە - دەشتی کۆیە ١٩٨٨**



١٩٨٨/٤/١٤ – قۆپی قەرەداغ

ئەمرۆ لێرە دانیشتوین، دوێنێ لەدەشتەکانی گەرمیانەوە کشاینەوە بۆ ئێرە پاش زیاتر لە مانگێك شەڕی خوێناوی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا کە هەموو ناوچەکانی قەرەداغ و گەرمیانی سوتاند و بەدەیان هەزار خەڵکی مەدەنی بەدیل گرت، بەڵام ئێمە ورەمان بەرزەو دەبێت بڕوامان بە ژیان هەبێت لە کوردستاندا .

١- سامی جەمال قەرەداغی ٢- شەمید بەکرە سوور ٣- رزگار مستەفا قەرەداغی

٤-چیای موزیع ٥-ئازاد لەگەڵ دوو پ.م ڕێکخراوی ٤ کۆمەڵە- قەرەداغ



**سامی جەمال محەمەد قەرەداغی**

لیپرسراوی ده زکای سرك له سنوری پاریزگای سلیمانی له سالی 1988

| ز | ناوی سیانی | سالی به یوه ندی ر.خ | ب.م | پ.ی ریکخراوی کون تازه | موالید | پله ی خویندن | تیبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | نوری احمد حمید | 1976 | 1988 | ئه ندام ریکخراو/ کارگیری مه لبه ندی دوو | 1947/خانه قین | د. ناوه ندی | |
| 2- | رشید شریف محمد | 1976 | 1988 | به ندام ریکخراو/ کارگیرمه کته بی عه سکه ری | 1944/سلیمانی | | |
| 3- | صالح حمه خان کریم | | 1988 | ئه ندام | 1947 | سه ره تایی | |
| 4- | مجید حمه خان کریم | | - | - | 1955 | - | |
| 5- | علی قادر فتاح | | - | - | 1970 | - | |
| 6- | یحیی احمد حمه | | - | - | 1957 | - | |

ناوی بیشمه رگه کانی ((سرك)) تیبی زماره یه ك

| ز | ناوی سیانی | موالید | سالی به یوه ندی ر.خ | ب.م | سالی به یوه ندی به ((سرك)) | خوینده واری | تیبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1- | سامی جمال محمد قرداغی | 1958-سلیمانی | 977 | 984 | 989/11 | ئاماده یی | |
| 2- | رزگار احمد قادر | 961- - | 981 | 985 | 989/11 | سه ره تایی | |
| 3- | لطیف احمد قادر | 957- - | 989 | | 989/12 | - | |
| 4- | کبیر عمر قادر | 956- - | 989 | 991 | 989/12 | - | |
| 5- | سیروان صادق محمد | 967- - | 989 | 991 | 990/2 | ئاماده یی | |
| 6- | زیان طه رحیم | 970- - | 990 | - | 990/10 | سه ره تایی | |

یه کیتی نیشتمانی کوردستان
مه لبه ندی دووی ریکخستنی که رکوك

زماره :
به روار: 1993/12/1

بو / سکرتاریه تی به ریز مام جه لال

سلاویکی شورشگیرانه ی که رم ----

به ریزان ئه وا لیستی ده زگای (( سرك ))تان بو ده نیرم له سه ر ئه و شیوه ته شکیله ی که سه رکردایه تی به ریز بو هه لسوراندنی ئیش و کاری سالی باش ئه نفال له ریکخراوی سلیمانیدا که به ریز مام جه لال خوی راسته و خو ئاگاداری جونیه تی دامه زراندنی ئه و ده زگایه یه بو ئیش و کاری پیشمه رگایه تی بو ناو شاره کانی کوردستان وه به م شیوه ی لای خواره وه که بیك هاتوه له م بنکانه ی لای خواره وه ، وه ئه م هه فالانه ش به ر برسیاری دروست کردن و هه لسوراندنی ئیش و کاره کانیان بوون :-

1- هه فال نوری احمد حمید کارگیری مه لبه ندی دووی که رکوك ئه ندام ریکخراوی سلیمانی
2- = حمه رشید شریف ل/ که رتی سه رکه وت

وه ئه مه ش جوری دابه ش بونه که یان :-

1- بنکه ی سلیمانی هه فال سامی جمال محمد قه ره داغی لیپرسراو بو
2- = ده ربه ندیخان = صالح حمه خان = =
3- = شاره زور = فارس عزیز محمود = =
4- = که رمیان = علی شه هید محمد = =
5- = که لار = اسماعیل ابراهیم = =
٦- = كفرى = صديق سعيد احمد = = =

نوری احمد حمید
کارگیری مه لبه ندی دووی
ریکخستنی که رکوك
1993 / 12 / 1

١٠- صادق حسن عبد الوهاب

١٩٨٠ پيشمەرگە بووە بى دابران

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ...................................................................... | ٣ |
| کۆمیتەی ئاگر لەروبەڕوبونەوەی ئەژدیهای بەعسدا ................ | ٥ |
| ئەحمەد کرێکار | |
| یاری مەرگو ژیان لەناو رێکخستنە نهێنییەکاندا .................... | ٤١ |
| بێستون سابوراوایی | |
| خەباتی نهێنیم لەریزەکانی رێکخستنو پێشمەرگایەتیو زیندان.... | ٧٩ |
| سامی جەمال محەمەد قەرەداغی | |